ژمارە (١٥)ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤

١٥

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات

دوانەکانی سۆسێر
موحسین عەلی حوسێن

کێشەکانی زمان لە میدیای کوردیدا
فەرەیدوون سامان

مردنی زمان
سوداد ڕەسووڵ

پەیدابوونی زمان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە
د. ئومێد بەرزان

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات
ژمارە (15)ی کانوونی دووەمی 2014

خاوەنی ئیمتیاز
سەلام ناوخۆش بەکر
07504467184

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
د. نەریمان خۆشناو
07504947787
07702577528

بەڕێوەبەری نووسین
سوداد ڕەسووڵ

بەڕێوەبەری هونەری
کۆچەر ئەنوەر نایف

ناونیشان / کوردستان - هەولێر - شەقامی ئاراس - پشت قوتابخانەی ئەیوبییە

تیراژ (1000) دانە
نرخ: (4000) دینار

بۆ پەیوەندیکردن
zimannasi@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com
Xoshnaw_n@yahoo.com

# ناوەڕۆک

زمانی ستاندارد بۆ کورد لە دەوڵەت........................................ 3

کاتی ئەوە هاتووە زمانناس و یاساناسان ................................. 5

دوانەکانی سوسێر و گرنگییان........................................... 13

مردنی زمان................................................................ 32

واتاسازی................................................................... 63

ئاخافتنێك لەگەڵ بەڕێز دیاکۆ هاشمی..................................... 106

کێشەکانی زمان لە میدیای کوردیدا..................................... 124

زمانی بابەتاهیری هەمەدانی و........................................ 144

خزمایەتی لە زمان........................................................ 167

پەیدابوونی زمان لە ڕوانگەی.................................................. 182

هەولێر و ئەربیل، دوو ناوی یەک ڕەگ....................................... 187

لە شوێنێکدا لە مەسعوود محەممەدیان پرسیوە:...................... 192

سەروتار

# زمانی ستاندارد بۆ کورد لە دەوڵەت گرنگتر و پێویستترە

زمانی ستانداردی کوردی، زۆر لە دەوڵەتی کوردی گرنگتر و پێویستترە بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام بەداخەوە تا هەنووەکە ئێمە نەمانتوانیوە یەک شێوە زمانی ستانداردی کوردی بۆ هەموو کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و کوردانی دایاسپۆرا دروست بکەین، کە هەموو نەتەوەی کوردی پێی بنووسێت و لێی تێ بگات، بەجۆرێک بە درێژایی مێژوو زمانی ستانداردی کوردی لە ناوچەیەکی تەسکدا کاری پێ کراوە و هەموو کورد خۆی بە خاوەنی ئەم شێوە زمانە نەزانیوە، ئەمەش چ لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان یاخود لە سەردەمی حکوومەتە کوردییەکان، لە سەردەمی میرنشینەکان هەر میرنشینەی دیالێکتێکی زمانی کوردی کردۆتە زمانی ستاندارد و لە ناوچە حکومڕانییەکەی خۆیدا کردوویەتە زمانی فەرمی، بەبێ ئەوەی ناوچەکانی تر پەیڕەوی ئەم شێوە زمانە بکەن، لە میرنشینی سۆراندا لە سنووری میرنشینەکەی شێوەزاری (سۆرانی) سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی ببووە زمانی نووسین و کاروباری میرنشینەکە و، لە میرنشینی بۆتان لە سنووری میرنشینەکەی ، شێوەزاری بۆتانی سەر بە کرمانجی سەروو و، لە میرنشینی بادینان لە سنووری میرنشینەکەی شێوەزاری بۆتانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست و لە میرنشینی (بابان)یش لە سنووری میرنشینەکەی شێوەزاری (بابانی ـ سلێمانی) سەر بە کرمانجی ناوەڕاست و، لە میرنشینی ئەردەلانی لە سنووری میرنشینەکەی ، شێوەزاری گۆرانی سەر بە دیالێکتی گۆران ببوونە شێوە زمانی فەرمی میرنشینەکانیان، واتە هەر میرنشینەی تەنیا لە سنووری حکومڕانی

خۆی شێوەی ستانداردی هەبووە. لە حکوومەتە کوردییەکانیش بە هەمان شێوە، لە حکوومەتی (کۆماری باشووری کوردستان، شێخ مەحموود توانی شێوەزاری (سلێمانی) سەر بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بە نووسراوی فەرمی بکاتە زمانی ستانداردی حکوومەتەکەی ، بەڵام تەنیا لە شاری سلێمانی ئەم شێوە نووسینە ببووە زمانی ستاندارد و، لە حکوومەتی (کۆماری کوردستان) لە مهاباد شێوەزاری موکریانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە مەهاباد و شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببووە زمانی ستاندارد و، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە باشووری کوردستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی شێوەزاری بابانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست کراوەتە زمانی ستانداردی حکوومەتی هەرێم، بەڵام لە شاری دهۆک شێوەزاری بادینانی سەر بە کرمانجی سەروو کراوەتە زمانی فەرمی حکوومەت. کەواتە وەکو بۆمان دەردەکەوێت زمانێکی ستانداردی سەرانسەری بۆ ئێمەی کورد لەم ڕۆژگارەدا زۆر لە دەوڵەتی کوردی گرنگتر و پێویستترە.

سەرنووسەر

# کاتی ئەوە هاتووە زمانناس و یاساناسان ڕەشنووسی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان دابڕێژن

پارێزەر/ تاریق جامباز
ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان

لە خوێندنەوەی ئەو یاسا و بڕیارانە، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، و لەبەرئەوەی زمانی یەکەم بۆ داڕشتنیان (زمانی عەرەبییە)، دواتر لەلایەن ئەو کەسانە وەردەگێڕدرێن، نە زمانناس و نە یاساناسن، بۆیە مرۆڤ هەست دەکات، کە لە وەرگێڕانیان شێوازی جۆربەجۆر بەکارهاتووە، چونکە ئەرکێکی فەرمانبەرییان لەنێو پەرلەمان یان ئەوانەی لە دەرەوەی پەرلەمانیش ڕاسپێردراون، کە لەزمانی عەرەبی (بەپەلە و خێرا) بیکەنە زمانی کوردی و گەر لەنێوان دەقە عەرەبی و کوردییەکەی بەراوردێك بکەی، ئەوا ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە عەرەبییەکەی لەسەرخۆ و بەسوود وەرگرتن لەوانەی باکگراوندیان عەرەبییە، نووسراوە، هەر تەنیا بۆ ئەوە کراون بەزمانی کوردی تاکو گلەیی و گازاندە و لۆمەی خەمخۆرانی زمان نەیانگرێتەوە و لە (100) پەرلەمانتار، کە کوردن، لە هەرسێ خولی پەرلەمان ئەوانە لەم بارەوە جەختیان کردۆتەوە، کە دەبێ بە زمانی پاراوی کوردی بنووسرێ، ژمارەیان لە پەنجەی هەردوو دەست ڕەت ناکات، بۆیە نەمزانیوە لەهیچ سووچێکی دونیا زمانی خۆیان

بـەزمانـی پلـە دوو دابنـێن و هـەر لـە (1992تـاکو 2013) ئـەم دیـاردە قێزەونـە بەردەوامـە و دەتـوانرا بـە پلانێکـی تۆکمـە بـۆ داڕێـژراوی درێژخایـەن لیژنـەیـەکی هەمیشـەیی لـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ داڕشتنی یاسایی و زمانـەوانی پێك بهێنرایایـە، بۆ هـەمان مەبەستیش لیژنـەیەك لـەحکومـەتی کوردستان هـەبوایە و ئـەم دوو لیژنـەیـە لـە 1992 وە تاکو ئـەمڕۆ، دەیانتوانی بە ئـەرکی دیرۆکی سەرشانیان ڕابن، چونکـە لـەمێژە لـە وڵاتـان و هـەرێمـەکانیان لـەلایـەن زماننـاسو یاسـاناس (بـە پڕۆفیشـنالی) کارەکـە ئـەنجام دەدەن و دەتـوانرا سوود لـە ئـەزموونیان وەربگیرێ ئـەوسا بـەر ێکوپێکی لـەنێو هۆڵی پەرلـەمانی کوردستان یاسا و بڕیارەکـان قسـەیان لـەسـەر دەکـرا، نـەك هۆڵـەکـە ببێتـە (هـۆڵی زمانـەوانی)، کە کـاتێکی زۆر لـە کـیس دەچێ، لـە جیاتی ئـەوە دەتـوانرا لـەو ماوەیـەدا پـڕۆژە و پێشـنیازی پتـرو چـاکتر دەربچـوێنن و لیژنـەکـەی پەرلـەمان بـۆ ئـەو ڕەشنووسـە یاسـاو بڕیارانـەی بـە (دە) پەرلـەمانتار پێشکەشـی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکرێـت، تـاکو ئـەو پسـپۆڕانـەی یاسایی و زمانـەوانی بە شێوەی پڕۆفیشنالی بە هـەردوو زمـانی (کوردیو عەرەبی) دایبڕێژن و لیژنـەی حکومـەتی کوردستـانیش بـۆ ئـەم پڕۆژانـەی ئـەوان بۆ پەرلـەمانی کوردستانی دەنێرن، گـەر بڵێین لیژنـەیەکی یاسـایی هـەیە، ئـەی زمانـەوانی بـۆچ لـەتـەکی کـار ناکـات، کـە لـە هـەردوو زمـانی کوردی و عـەرەبی پسپۆڕبن، و لـەبارەی یاسای ئـەنجومـەنی شوڕش، دەڵێم جـارێ نـەیتوانیوە لـەم بـوارەدا خـاڵ لـەسـەر پیتـەکان دابنـێن و ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن- دەپرسین ئـەی ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی، کـە لـە (1992-2013) لە پەرلـەمانی کوردستان دەرچوێنراون، کـە لـە زمـانی عـەرەبی وەرگێڕاونـەتـەوە زمـانی کوردی نـاڕێکن و لـەخوێندنـەوەیان خـەمخۆرانی زمـانی کوردی پشوویان سوار دەبـێ و بـەر چاویـان تـەنگ دەبـێ، چونکـە سەرەڕای جیاوازی لـە نێوان زاراوە و وشـەکان، وا دەزانـی زمـانی کوردی (نـەزۆکـە) بارتـەقای هـیچ بـوارێکی خوێنـدن ناکـات، تـەنیا بـۆ قسـە پـێ

کـردن باشـە، بۆیـە لـە هەسـتکردنم بەئـەرکی دیرۆکـی وڵاتپارێزانـەی سەرشـانم بـۆ راسـتکردنەوەی ئـەو هەڵـە زەبەلاحانـەی لـە وەرگێـڕان بـۆ زمانـی کوردی کراون، نابێ چیتر بـەم جـۆرە لـە (پەرلـەمانی کوردستان) بـەردەوام بـێ، بۆیـە پێشـنیاز دەکـەین (پێداچوونـەوەیـەکی گشـتگیری) هـەموو ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی بـە زمـانی کـوردی دەرچـوێنراون و لـە وەقـائعی کوردسـتانیش بڵاوکراونەتـەوە (پێداچوونـەوەیان بـۆ بکـرێ) و دەتـوانرێ بەپێشـنیازێکی (دە) پەرلـەمانتاری یـا فراکسیۆنـەکان پێکـەوە ئیمزا کۆ بکەنـەوە، لـەبەر ئـەوەی یاساو بڕیارەکـان (کـەموکوڕییەکی) لـە ڕادەبـەدەریان لــە داڕشــتنی زمانــەوانی و یاســاییدا تیــادا هەیــە و لیژنـەیەکی کاتـی بۆ ئـەم مەبەستە لـە پسپۆڕانی هـەردوو زمـانی (کـوردی و عـەرەبی) لـە یاساناس و زماننـاس و مامۆسـتایانی زانکـۆ بەشـی یاسـا و دادوەر و پـارێزەران پێـك بهێنــرێ، بەمــەرجێ ئەنــدامانی لیژنـەکــە ئـەزموونیان لـەم بـوارەدا هـەبێ و باشـتر وایـە بەرهـەمیان بـە هـەردوو زمـان هـەبێ، تـاکو شـێواندنی زمـانی کـوردی ڕادەیـەکی بـۆ دابنـرێ و ڕاستکردنـەوەی هەڵـەکان ئـەمڕۆ چـاکترە لـە دواخسـتنی تـاکو شکۆمەندی (بـەرزی و مـەزنی) زمانـی کوردی بـۆ ئـەوانـەی چاویـان بـەرایی نـادا، لـەم بوارەش ڕاست و دروستـی زەنگینـیو ڕەنگینـی زمـانی شـیرینی کـوردی بـە دەربکـەوێ، ئـەوسا ئـەوانـە پلـەوپایـەیان لـەق دەبـێ، چونکـە بـەری ڕۆژ بـە بێژینگ ناگیرێ، هـەر ئـەوانـەش لێ نـەگـەڕاون پسپۆڕ و یاسای زمانـەوانی هـەبێ و بـە هـەردوو زمان کار بکـەن، چونکـە باگڕاونـدیان (تاکـە) زمانـەو نـایانـەوێ زمـانی کـوردی بێتـە پاڵ ئـەو زمانـەی لێـی راهاتوون.

لـە پێناو پێداچوونـەوە بـە سەرجـەم یاسا و بڕیارەکان بـەزمانی کوردی (1992- 2013)، کــە لــە پەرلــەمانی کوردســتان دەرچــوێنراون و بــۆ سەرکـەوتنی پرۆسەکـەی، وا لـەم خاڵانـە چڕیان دەکـەینـەوە:-

1ـ یەکخسـتنی زاراوە یاسـاییەکان، لـەبـەر ئــەوەی بــە چەنـدین جـۆر وەرگێڕاون.

2ـ لـە خوێدنـەوەی داڕشـتنی هـەموو یاسـا و بڕیارەکـان هەسـت بـە وەرگێڕانێکـی ڕەزا قـورس و بـارگرانێکی یـەکجار دەکـەین، کـە ئـەمـەیان لـەبەرچاوخستن و ساردبوونـەوەی ئـەوانـەی خـەمخۆری زمـانـی کوردین یا بـە زمـانـی کـوردی دەخوێننـەوە و دەتـوانرا و دەتـوانرێ ڕاسـت و دروسـتی بسەلمێنرێ. گەر کارەکە بە خـەمخۆری زمـانـی کوردی بسپێرایە، ئـەوسا بەدەردەکەوت زمـانـی کـوردی چـەند هێسك سووك و خـوێن شـیرینـە و لـە خوێندنـەوەشـدا ڕەنگینـی و زەنگینـی بـە دەردەکـەوێ، ئـەوسـا دەبێتـە بـەشێك لـە هزر و بیری تـاکی کورد.

3. فەرهەنگۆکێکی یاسایی‌و زمانـەوانی دێتە کایـەوە کـە زاراوەو وشـەکان لـەبەردەستدا دەبن و بـەیـەك مانا دەنووسرێن، ئـەوسا بـە زمـانـی پـاراوی کوردی لـەرۆژنـامـەی (وەقائـعی کوردستان) بڵاودەکرێتـەوە.

4. نزیکەی 63 یاساو بڕیار، هۆکاری یاساییان لـە کۆتـاییدا نییـە، ئـەمـەش کەمو کوورییکی زەقی یاساییە.

5. گەر بڵێین ئـەنجامدەرانی کارەکـە زۆر زەحـمەتـە، چونکـە بیستو یـەك ساڵە بـەم جۆرە ڕاهاتوون و ئـەوانـەی خـەمخۆری زمـانـی کـوردی نـەبوون، بـەهـەموو جـۆری هەوڵیانـداوەو هەوڵـدەدەن (زمـانـی کـوردی) پـەراوێزو فـەرامۆش بکـەن و چـەنـدی پێیـان بکـرێ کۆسـپ و تـەگـەرە و دیـواری بەرلینیان بـەرز و مـەزنتر کردووە، چونکە چاویان هـەڵنایـەت، کـە زمـانـی کـوردی لـەگـەڵ زمـانـی عـەرەبـی یـەکسان بێـت (پێچـەوانـەی مـاددەی 4 ی دەسـتووری کۆمـاری عێـراق 2005) و بـە هـیـچ جـۆرێ لـێ نـەگـەڕاون خـەمخۆرانـی زمـانـی کـوردی (پسپۆڕانی یاسایی و زمانـەوانی)، کـە ئـەم ئەرکە وڵاتپارێزییە ئـەنجام بدەن.

6. ئێستاش (2013) لـە نێو هـۆڵی پـەرلـەمان پـرۆژە و پێشنیاز و یاسا و بڕیارەکان بـە زمـانـی عـەرەبییە (تـاك و تارایـان نـەبێ) ، دواتـر دەدرێتـە یـەکێك و پـەلـەی لـێ دەکـرێ بکرێـتە زمـانـی کوردی تـاکو لـەتـەك زمـانـی عـەرەبـی بـۆ سـەرۆکایـەتی هـەرێمی کوردسـتان بینێـرن، (بـەڵام

کوردییەکەی هێندە بە نارێکی وەرگێڕاوە نەخوێندنەوەی باشترە لە خوێندنەوەی).

7ـ جەخت لەسەر خاڵێك دەکەمەوە، کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستان و ئەنجومەنی دەسەڵاتی دادوەری هەرسێکیان پێکەوە بەم ئەرکە دیرۆکییەی سەرشانیان ڕابن، کە لێ نەگەڕێن چیتر زمانی کوردی پلە دوو بێ، (مەبەستم) پێداچوونەوەیەکی ورد و قوڵی یاسایی و زمانەوانی هەموو یاسا و بڕیارەکانی هەر لە 1992 تاکو 2013، کە دەتوانرێ لیژنەیەکی کاتی لە پسپۆڕانی دوو بوارەکە ئەزموونیان هەبێ نەك ناوی بێ ناوەڕۆك و رۆژی دەستبەکاربوونیان دیاری بکرێ، بە مەرجێ دووبارەی دەکەمەوە (لێزان و شارەزا و پسپۆڕبن) بە کردەوە و کردەیی و کردار شۆل و ئیشی پێشوویان بسەلمێنن، کە لەم بوارەدا بەرهەمیان هەیە، چونکە ئەو بەڕێزانە دەبنە پێشمەرگەی زمانپارێزی زمانی کوردی کە بەخەمخۆری پێداچوونەوەو راستکردنەوەی بن، بۆ ئەوانەی بسەلمێنن کە زمانی کوردی هیچی کەمتر نییە نەك لە زمانی عەرەبی، بەڵکو لە گشت زمانەکانی دیکەی دنیا، بەڵام پێویستی بە خەمخۆران هەیە، تاکو چیتر خەمساردی و بێباکی و کەمتەرخەمی باڵی ڕەشی بەسەر زمانی کوردی دانەکێشی و بیخاتە تۆنێلی تاریکی و ئایندەیەکی لێڵ و بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزاری بەرن، با بزانن وڵاتان لەم بوارەدا چیان کردووە و ئێمە بۆ چ سوودمان لەئەزموونی ئەوان وەرنەگرتووە؟ تاکەی دەستەوەستان و دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشین و چاوەڕوانی گۆدۆ بین؟ پێویستمان بەشۆڕشێکی (کەلتووری) رۆشنبیری هەیە، کە زمانی کوردی گیانەکەیەتی، چونکە زمان بوونی نەتەوەیە چ جا نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بەهەموو شێوەو شێواز داگیرکەران هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان داوە، تاکو زمانەکەیان قەدەغەکردووە و سزای ئەو کەسانەشیانداوە، کە ناویان هێناوە، باشترین نموونەش (دۆستی کوردی

ڕێزدار ئیسماعیل بێشکچی)، کە حەڤدە ساڵ لە تەمەنی زیندانی کراوەو ملیاران لیرەش غەرامە کراوە، دەبا بزانین ولاتان و هەرێمەکان لەم بوارەدا چیان کردووە، لە ئەمریکا (1918) نووسینگەیەکی تایبەت لە یاساناسان و پارێزەران کرایەوە. لە کۆنگرێسی ئەمریکی کە ژمارەیان 35 کەس و لەئەنجومەنی پیرانیش 25 کەس لە کەسانی سەربەخۆ و بێلایەن پێك هێنرا، کە پرۆفیشنالن و کاریان ئامادەکردن یا پێداچوونەوەی ڕەشنووسی یاساکان بوو بۆ کۆنگریسمان و لیژنەکانی کۆنگرێس، هەر ئەوان کە داوایان لێ دەکرا دادەڕێژن. لە کەنەداش لیژنەی هاوشێوە لە پەرلەمانی هەرێمەکان هەیە کە ڕەشنووسی یاسا و ڕێساکانی حکومەت دادەڕێژن، هەر ئامۆژگارییان یا یارمەتیەکیان پێویست بوو، ئەوا ئەو لیژنەیە پێشکەشیانی دەکەن، چ بۆ لیژنەکانی پەرلەمان یا ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ ئەو ڕەشنووسانەی ئامادەی دەکەن و لیژنەکە لەکارەکانی بەردەوام دەبێ، کە نەك گۆڕانکارییەکانی، بەڵکو لە چاپکردنی ڕەشنووسەکانیش، هەروەها چاودێری چاپکردنیشیان دەکەن، تاکو بە ڕێکوپێکی ئامادە بکرێ، لەسویسراش لیژنەی داڕشتنی یاسایی‌و پێداچوونەوەو وردبوونەوە لە ڕەشنووسی یاساکان دەکات، پێش ئەوەی لەنێو هۆڵی پەرلەمان دەنگدانی بۆ بکرێ.

- لە پەرلەمانی هەرێمی سکۆتلەندی بریتانیاش بە گوێرەی ماددەی 8 بڕگەی 2 نووسینگەی راوێژکاریان هەیە، کە ئەوان ڕەشنووسی داڕشتنی یاساکان دەکەن، ئینجا دەدرێتە پەرلەمان تاکو بۆ دواجار چاوی پێدابخشێنێتەوە و بڕیاری لەسەر بدات.

- لە ئوستورالیاش نووسینگەی راوێژکارانی پەرلەمان هەیە و گرنگترین کاریان ڕەشنووسی یاساکان دادەڕێژن، لە بارەی ڕەشنووسی یاساکان ئەندامانی پەرلەمان راوێژکاریان پێ دەکەن لەبارەی کاروباری دەستووری و یاساییدا و هەروەها ڕەشنووسی هەمووارکردنی یاساکان،

پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدەن و پرس و رایان لە زۆر لایەنی کاروباری پەرلەمان پێ دەکرێ.
- لە پەرلەمانی کینی (بەشی دارشتنی یاسایی هەیە)، کە هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکان و وردبینی لە یاساکانیش پێش بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی فەرمی دەکات.
ــ لە پەرلەمانی بۆتسوانی بەشی دارشتنی یاسادانان لە بەرایی کارەکانیدا (دارشتنی یاساکانی پەرلەمانە).
ــ لەهۆنگ کۆنگدا بەشی دارشتنی یاساکان لەپەرلەمانو حکومەتدا هەیە، کە ئەرکیان دارشتنی پرۆژە یاساکانە بۆ هەریەکە لە پەرلەمان و حکومەتدا، کاتی پێویستیش ئەو پرۆژە یاسایانە بۆ پەرلەمان ئامادە دەکات.
- لەپەرلەمانی سەنگافورەش بەشی دارشتنی یاسایی هەیە، ئەرکی ئەم بەشە ئامادەکردنو رەشنووسی یاساکانە کە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێن.
ــ لە پەرلەمانی نیوزیلەندا ساڵی 1968 لیژنەی راوێژکاری یاساییان دامەزراند و لە کارە گرنگەکانی دارشتنی رەشنووسی یاساکانە بۆ پەرلەمان و زۆر کاری دیکە ئەنجام دەدات لەهەندێ وڵاتی رۆژئاوا نووسینگەی تایبەتیان هەیە، بۆ دارشتنی رەشنووسی یاساکان بە ورد و قووڵی، کە لەپەرلەمانتاران و پسپۆرانی بواری دارشتنی یاسایی و ئەکادیمییەکانو ئەو پارێزەرو دادوەرانەی ئەزموونیان لەبارەی رێسا یاساکانەوە هەیە، لە پەرلەمانی بەریتانیاش بۆ دارشتنی رەشنووسی یاساکان، ئەوا مەزنترین پسپۆرانی ئەم بوارە بەم ئەرکە دەبن، کە پێیان دەوترێ (دارێژەرانی یاساکانی پەرلەمان) یان (راوێژکارانی پەرلەمانیان) پێ دەگوترێ، ئەمانەش لە پارێزەرانی خاوەن ئەزموون، کە لە حکومەت کار دەکەن، لە بەراییدا هەر کە بیرخەرەوەی وەزارەتێکیان بە مەبەستی نووسینەوەی رەشنووسی یاسایەکیان بۆ

هات، ئەوا چەندین ڕەشنووس دەنووسنەوە تاکو دواجار دارشتنی کۆتایی بڕیاری لەسەر دەدرێ، ئینجا حکومەت دەینێرێتە پەرلەمانو، سەرەڕای ئەوەش لیژنەیەکی دیکە بۆ نووسینەوەی یاساکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا هەیە، کە لە سەرکردەی لایەنەکانی سیاسی و نوێنەرانی حکومەت لەهەردوو ئەنجومەنی (پەرلەمانو پیران) پێك دێت.

**پەراوێز:**

- پێشنیاز دەکەم بەشی وەرگێڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕابێ بە وەرگێڕانی راپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان (لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە) یان ئەو نووسراوانەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەکانی پەرلەمان لە رێگەی سەرۆکایەتییەوە دەیانێرن و دەبێ یاسا و بڕیارەکان بکرێنە زمانی ئینگلیزیش، تاکو لەبەر دەستی توێژەران و یاساناسان و زمانناسانی بیانیش دابێ.

- دەبێ ئەو پێشنیازانەی بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش بە سەرۆکایەتی دەکرێن و هەروەها ئەو پرۆژە یاسایانەی، کە لەلایەن حکومەتەوە دەنێردرێن، دوای خوێندنەوەی لە پەرلەمان و ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن، وا چاکتر و پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە ڕۆژی گەیشتنی بەئیمزا بۆ لیژنەکە یا لایەنەکە، دەبێ لە ماوەی یەك مانگ، واتە سێ رۆژ وەڵام بدرێتەوە و نابێ بەهیچ پاسا و بیانوو و هەنجەتێك دوا بخرێ، بەم جۆرەش یاسا و بڕیاری پتر و زیاتریان لەسەر دەدرێ، هەروەها ماوەی تاوتۆکردنی لەلایەن فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی پەیوەندیدار بە تێرو تەسەلی باسو خواسیان لەسەر بکرێ نەك وەکو ئێستا ماوەیەکی (دوورو درێژ بەسەر دادەچێ) ئینجا لیژنەکانو لایەنەکانی پەیوەندیدار (راپۆرتیان لەبارەیانەوە دەنێرن) وجەخت و مکوڕ بکرێتەوە کە دەبێ

وەڵامدانەوەکە دوانەکەویێت، گەر دواخرا، ئەوا نووسراوی دیکە بنووسرێ و ئامازە بە ڕۆژی ناردن و گەیشتنی و چەند ڕۆژی بەسەردا چووە بکرێ بۆ دیاریکردنی هۆکاری دواکەوتنی.

## سەرچاوەکان

1ـ كيف يعمل البرلمان، بول سيلك ورودوى والترز، ترجمه د.على الصاوى، 2004 قاهره.
2ـ أختصاصات أللجان القانونيه فى البرلمانات المقارنة دائرة البحوث و الدراسات في مجلس النواب العراقي، الخبير د.صباح جمعة الباوي.
3ـ فن الصياغة القانونية، د. عبدالقادر الشيخلى، 1994/ عمان.

# دوانەکانی سوسێر و گرنگییان لە زمانەوانیدا

موحسین عەلی حوسێن
ماستەر لە زمانی کوردی

## بەشی یەکەم: چالاکییەکانی سوسێر لە بواری زمانەوانی

### 1ـ کورتەیەك دەربارەی ژیانی سوسێر

ناوی تەواوی فردینان دی سوسێرە لە ساڵی 1857ز لە دایك بووە و 1913ز کۆچی دوایی کردووە. دی سوسێر بەناوبانگترین زمانەوانی سەردەمی نوێیە. خوێندنی لە زانکۆکانی جنێف و لایبزگ و بەرلین تەواو کردووە - پلەی دکتۆرای لە زانکۆی لایبزگ بە دەست هێناوە لەساڵی 1880، مامۆستای خوێندنی بالا بووە لە پاریس لەنێوان سالانی 1881 ـ 1891 لەپاشان مامۆستای زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بووە. ئینجا بووە بە پرۆفیسۆری زمانەوانی گشتی لە ساڵی 1907 لە زانکۆی جنیف تا کۆچی دوایی کردنی (دی سوسێر:1985:3)، گەورەیی و بەناوبانگی سوسێر لە زۆری بەرهەمەکانی نەبووە.

بەڵکو بەهۆی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە بووە کە خۆی دایمەزراند ئەگینا دی سوسێر لەژیانی دا یەك کتێبی نووسیوە بەناوی ((چەند تێبینییێەك دەبارەی پێرەوی سەرەتایی بزوێنەکان لە زمانی هیندۆ ئەوروپی))، بەلام بەناوبانگترین کتێبی سوسێر بە ناوی (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی) کە خۆی نەی نووسیوە یان دای نەناوە بەڵکو بریتییە لەو تێبینییانەی دی سوسێر کە قوتابییەکانی لەنێوان سالانی 1909- 1911 تۆماریان کرد بوو، سێ ساڵ دوای کۆچی سوسێر

واتە ساڵی 1916 چاپیان کرد، لەساڵی 1922 چاپی دووەمی کەوتە بازاڕەوە ئەم کتێبە هەر زوو بڵاوبوونەوەیەکی مەزنی بەخۆیەوە بینی و لەماوەیەکی کورتدا بۆ زۆربەی زمانانی ئەوڕوپا وەرگێر درا {کلاوس هیشن:2010: 49}.

هەوڵەکانی سوسێر شێوازێکی بیری گرت بووە خۆی چوارچێوەیەکی تەواوی لە گرنگیپێدان و نرخدانان هەیە کە زۆربەی گفتوگۆکانی ئەمڕۆی لە خۆ گرتووە. دی سوسێر سەرەتا بە بەراوردکاری دەستی پێ کرد، دواتر بەرەو ڕۆنانی وەکو مامۆستایەك نزیکەی نیو سەدە وانەی زمانەوانی گوتووەتەوە، سوسێر بە هۆی هەڵوێستەکانی ناسرا زمانەوانی نوێی جێگیر کرد. لە گرنگترین کارەکانی بریتییە لە دیراسەکردنی ساینکرۆنی و جیاکردنەوەی زمان و گوتن. دوای ئەوە قوتابخانەی سوسێر بە قوتابخانەی ڕۆنانی ناسرا.

2. شاکارەکانی سوسێر.

مەبەست لە شاکارەکانی سوسێر بریتییە لەو بیروڕایانەی کە پێش سوسێر کەس پەی پێ نەبردووە و ئەم باسی کردووە.

1. گرنگی و بایەخ بە زمانی قسە دەدات. کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ زمانەوانان (بلۆم فێلد و ئیدوارد ساپیر)کە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر هیندهییە سوورەکانی ئەمەریکا کرد.
2. زمان بە دیاردەیەکی زیندوو دادەنێت.
3. لێکۆڵینەوەکانی زمان دەگەڕێنێتەوە ناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتی.
4. زمان بە سیستەم (پەیڕەو) دادەنێت.
5. زمان گوتنە و نووسین لە گوتن وەردەگیرێت و دوورکەوتنەوەیە لە گوتن (وانەکانی بەکالۆریوس. د.یوسف + د. عبدللە)
6. هەوڵی داوە کە زمانەوانی وەك زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. {ڕۆبنز: 1997: 320}
7. دوو دوانەکانی سوسێر:

ئەو كارانەی سوسێر لە بواری زمانەوانیدا كردوویەتی بە داهێنان دادەنرێت. یاخود دەتوانین بڵێین داهێنانەكانی سوسێر لە دوو دووانەكانی دایە. چونكە دوانەكانی زۆر گرنگن لە تویژینەوەی زماندا هەتا لە دوای سوسێر بلومفیلد و چۆمسكیش سوودیان لە هەندی لەم دوانانە وەرگرتووە (سەلام ناوخۆش 31:2008)

8. سوسێر ئەوەی ڕاگەیاند لە شیكردنەوەی زماندا دەبێ سەیری زمان بكرێ وەك سیستەمێكی تەواوی زیندووی سەربەخۆ . ئامانجی زمانەوانەكان دەبێت هەوڵدان بێت بۆ تێگەیشتن و دەرخستنی ئەم سیستەمە و چۆنیەتی كاركردنی. (د.وریا عمرئەمین:1989)

ئەم بیروڕایانە نزیكەی سی ساڵێك بەردەوام بوون و كتێبەكەی بووە سەرچاوەیەكی زانستی لە هەموو كیشوەرەكان.

9. دوا دەستكەوتی سوسێر دەبێت ئامازەی بۆ بكەین ئەویش گەڕانەوەیە بۆ چەمكی ڕێزمانی گشتی genaral grammar بۆ هەموو زمانێك ئەم چەمكەش هەر لەسەردەمی یۆنانییەكانەوە تاوەكو ئەمڕۆ توێژینەوەی لەسەر دەكرێ بە تایبەتی بۆچوونەكانی چۆمسكی .{نایف خرما: 1978 :87}.

3. دووانەكانی سوسێر :

دوانەی یەكەم

دایكرۆنی diachrony و ساینكڕۆنی synchronic یان جیاكردنەوەی لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان.

بەراوردكارەكان تەنها بۆچونێكی مێژوویان بەسەر لێكۆڵینەوەی زماندا سەپاند بوو، بەڵام بە پێچەوانەی بەراوردكارەكان سوسێر گرنگی بەوە دەدا كە دەبێت زمان لە دوو لایەنی جیاوازەوە سەیر بكرێت ئەویش لایەنی مێژوویی و لایەنی ئێستایی.

بۆ ئەمەش دوو زاراوە دایكرۆنی (مێژوویی) ساینكڕونی- (ئێستایی) داهێنا.

یەکەم: (diachrony) لایەنی مێژووی زمان باس لە گەشەی دەکات بە تێپەڕبوونی کات، زمان وەك دیاردەیەك دەبینێت هەمیشە لە گۆڕاندایە وەك زنجیرەیەك باری زمانی بەدوای یەکتردا سەیر دەکرێت دایکرونی دیراسەی پەیوەندی ڕەگەزەکان دەکات بەدرێژایی مێژوو، هەر ڕەگەزێك شوێنی رەگەزێکی تر دەگرێت، هەموو بەشێکی زمان لە گۆڕاندایە، بەڵام جیاوازییان هەیە لە خێرایی و زۆری جیاوازییەکان (سوسێر:163:1985)واتە لایەنی مێژووی لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن زمان ئەو هەموو قۆناغەی بڕیوە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زماندا هاتووە بابەتی سەرەکی ئەم ڕێبازەن وەکو نووسینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوستۆیکەکان و قوتابخانەی ئەسکەندەرییە و پانینی و هەتا ئەوانەی لە بواری فیلولۆژی زمان و فیلۆلۆژی بەراورد لەسەر بنەمای دایکرۆنی لە زمانیان کۆڵیوەتەوە .(سەلام ناوخۆش: 2008؛32) .

دووەم: بەڵام لایەنی ئێستایی زمان(synchronic) بایەخ بە شیکردنەوەی زمان دەدات و چۆنییەتی کارکردن لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێك کە لە کاتێکی دیاریکراو بەکار دەهێنرێت.(د.وریا عمرئەمین: 1989) کەواتە لایەنی ئێستایی زمان وەك تەنێکی زیندوو دەبینێت و لە بارێکدا دەژیت و لە خاڵێك و لە کاتێکدایە، ئەم بارەی زمان بریتییە لە کۆبوونەوەی هەموو ئەو چالاکییە زمانییانەی کە لە ناو یەکەیەکی دیاری کراودا لە کۆمەڵەکەدا هەیە(د.یوسف شریف)، سوسێر پەیوەندی نێوان لایەنی ئێستایی و مێژووی زمان لەم هێلکارییە ڕوون دەکاتەوە.

ا ب تەوەری ئێستایی زمانە

ج د تەوەری مێژوویی زمانە ج ---------- م --------- د ا ب بارێکی بەئارەزووی هەڵبژێردراوی زمانە لەسەر هێڵی ج د لەخاڵی م ب

کەواتە (ج د) ڕێڕەوی مێژووییە و هەمیشە بەردەوامە و لە گۆڕاندایە (م) ئەو بارەی ئێستای زمانە، کە ڕادەگیرێ بۆ لێکۆڵینەوە، شایانی گوتنە ئەم دوو لایەنەی زمان دژ بەیەك ناوەستن هەمیشە لە خاڵێکدا بەیەك

دەگەن، بەڵام ئەگەر ئاگاداری جیاوازییان نەبین ئەوا دەکەوینە هەڵەوە {د.یوسف شریف }.

واتا بەجیاکردنەوەی ئەم دوو تەوەرە لە یەکتری دەتوانین پێ لەسەر یەکێکیان دابنێین و بیدەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، جیا نەکردنەوەیان دەبێتە هۆی سەر لێشێواندن و تێکچوون، دەبێت ئەوەش بزانین کە لایەنی مێژوویی بەلایەنی ئێستایی بەندە واتە هەرگیز ناتوانین لە لایەنی مێژووی زمان بکۆڵینەوە و قۆناغەکانی دیاری بکەین بێ ئەوەی ئاگاداری لایەنی ئێستایی زمانەکە ببین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە سوسێر بەراوردێك لەنێوان زمانو یاری شەترنج دەکات: بۆ ئەوەی باری یارییەکە بزانیت تەنها پێویستیمان بەوە دەبێت سەرنج لە شوێنی داشەکان بدەین لەو کاتەدا کە لە سەرتەختەکەدان، بەهیچ جۆرێك پێویستمان بەوە نابێ مێژووی جووڵەکانی پێشتر بزانین یان دابچینەوە.

دەبێت ئەم کۆمەڵە چەمکانەی زمانەوانی مێژوویی جیاواز بن لەسەر بنچینەی پەیوەندییە جیاوازییەکان، جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە لەگەڵ چەمکەکانی زمانەوانی ئێستایی، کەواتە دوو زانستی جیاوازمان بەرچاو دەکەوێت. دی سوسێر زیاتر لەم بارەیەوە قووڵ بووەتەوە دوای بەشکردنی دووانەکان و دەرخستنی بیروڕای سەبارەت بە زمانەوانی و شێوەی زانستی زمانەوانی کە زانستێکی سەربەخۆیە {کلاوس هیشن :2010: 68}.

**زمان**

**(دال – مەدلول)**

ئێستایی گوتن گوتەی مرۆڤ          مێژوویی

**دوانەی دووەم**

**ئاستی ئاسویی** **syntagmatic**

**ئاستی ستوونی** **paradigmatic**

پەیوەندی ئاسۆیی واتا تەکنشین لەنێوان کەرەستە و پێکهێنەرەکانی هەمان دەربڕینی زمان دایە: ((ڕستە یان وشە یان بڕگە....هتد)). بەڵام پەیوەندی ستوونی لەنێوان هەر دانەیەکی زمانی ناو دەربرین و دەرەوەی دەربڕین دایە(د.وریا عمر ئەمین: 1989).

بۆنموونە: لە ڕستەی (کاوە گۆڤار دەکڕێت) پەیوەندی نێوان (کاوە) و (گۆڤار) و (دەکڕێت) پەیوەندێکی ئاسۆییە بەهۆی دەستەیەك یاسای ڕێزمانی دامەزراوە (بکەر، بەرکار، کار) دەتوانین کۆمەڵێك ڕستە لەسەر ئەم بنەمایە دابمەزرێنین، بەڵام هەر وشەیەکی تری ئەم ڕستەیە پەیوەندێکی ستونی لەگەڵ سەدان وشەی تری دەرەوەی ڕستەکە هەیە.

- کاوە لەگەڵ: (سەردار، کوڕەکە، کوڕێك، ئازاد...هتد)
- گۆڤار لەگەڵ: (ڕۆژنامە - کتێب، هتد)
- دەکڕێت لەگەڵ: (دەفرۆشێت، دەخوێنێتەوە، دەبات، .....هتد)

کەواتە بە بۆچوونی سوسێر (ناو، جێناو، کار) پەیوەندی پارادیگماتیکی هەیە.

ڤینج باوەڕی وایە کەئەو دوو پەیوەندییە (پارادیگماتیکی و سینتاگماتیکی) لە ناو سیستەمی زمانەوانی: فۆنیم، مۆرفیم، گرافیم، وشە، هەریەکەیان شایەنی ئەوەی هەیە ئەو دوو پەیوەندییە پێك بهێنێت.

**دوانەی سێیەم**

**زمان ـ langue - گوتن ـ parole**

لەبەرئەوەی زمان زاراوەیەکی لێڵە، سوسێر لە سێ زاراوە (زمان – langue - گوتن – parole - زبان - language) دەیخاتە ڕوو تەنها تیشك دەخاتە سەر (گوتن و زمان) کەواتە ئەگەر(parole)گوتن بێت و (language) یش توانای گشتی زمان بێت ئەوا (langue) سیستەمی پەیوەندیکردنە لەو بارەیەوە کریستاڵ دەڵێت گوتن بریتییە لە

ئاخاوتنێکی کۆنکریتی کەسی کە قسەکەر لە هەندێ بارودۆخی کردەیی دای دەهێنێت بەڵام (langue) بریتیە لە سیستەمی پەیوەندیکردن لەناو کۆمەڵدا (سەلام ناوخۆش: 35، 2008)، سوسێر دەڵێت زمان بەشێکی سنووورداری زبانە بەڵام بەشێکی کرۆکە واتا زمان توانای بەرهەمی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵێك یاسای دووبارە پێك دێت کە کۆمەڵگا دروستی کردووە تاوەکو تاکەکان کارەکانیان ببەنە سەر.

زمان چەند لایەنێکی هەیە کە هاوڕەگەز نین لەیەك کاتدا وەکو لایەنی فیزیایی و لایەنی فەسلەجی (ئەرکی) و لایەنی سایکۆلۆجی (دەروونی). زبان خاوەنی تاك و کۆمەڵگایە ناتوانێت پۆلینی بکەین چونکە یەکەکانی نادۆزرێتەوە.

بەڵام زمان پێچەوانەی زبانە کیانێکی سەربەخۆی هەیە دەکەوێتە ژێرباری ڕیزبەندی، پلەی یەکەم لە نێوان رەگەزەکانی زبان دەگرێت ئەم ریزبەندکردنە بەپێ پەیرەوێکی ڕێکوپێک دەڕوات.

زمان شتێکە قسەکەر دەتوانێت بەکاری بهێنێت و سوودی لێ وەرگرێت بەڵام ناتوانێت کاری تێ بکات چونکە دیاردەیەکەی ئەبستراکتە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتووە، بەشێوەیەکی گشتی زمان بوونی ماددی نییە بەڵکو کۆمەڵە یاسایەکە گوتن بەڕێوە دەبات.

گوتن بە ڕای سوسێر چالاکییەکی دینامیکی خودیە یان چالاکییەکی دەروونی فیزیاییە کە دەخرێتە ژێر سەرنجەوە، تۆمار دەکرێت لێی دەکۆڵرێتەوە، دووبارە دەکرێتەوە و لە ژێر دەسەڵات دایە و کات و شوێن داگیر دەکات لە بۆنە دادێت.

کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دوانەی دایکرۆنی وساینکرۆنی ئەوا گوتن و زمان بەم شێوە دابەش دەبن:

گوتن--------- دایکرۆنی

زمان---------- ساینکرونی

**جیاکردنەوەی زمان و گوتن**

گوتن زمان

1- خودییە 1- کۆمەڵایەتییە

2- لاوکییە 2- کرۆکە

3- کاری تاکە 3- بەرهەمی تاکە

4- ناتوانین بە سەربەخۆیی لێی بکۆڵینەوە چونکە ئەو زمانانەی کە پاشماوەیان نەماوە دیراسەیان لەسەر ناکرێت 4- دەتوانین بە سەربەخۆی لێی بکۆڵینەوە. (سوسێر:33:1985)

کەواتە بە جیاکردنەوەی زمان و گوتن سوسێر دوو جۆرە زانست لەم بارەیەوە جیا دەکاتەوە ئەویش زانستی زمانەوانی زمان و زمانەوانی گوتن کە هەردووکیان دەچنە ژێر باری زمانەوانی زبان(لسان) (سوسێر: 37:1985) .

**دوانەی چوارەم**

**دال (signifier)**

**مەدلوول (signified)**

(sign) هێما بریتییە لەوەی کە بیر و وێنەی دەنگی(sound, image) بەیەکەوە دەبەستێت نەوەك ناو و ناولێنراو. مەبەست لە وێنەی دەنگی لایەنی فیزیایی نییە بەڵکو لایەنی سایکۆلۆجی دەنگەکەیە (سوسێر: 84:1985).

مەسەلەی (دال و مەدلوول) کاریگەریی زۆری لە ڕەوتی زمانەوانی کرد بە حوکمی ئەوەی هەردووکیان لە (ئاماژە - هێما) سەرچاوەیان گرتووە. سوسێر زیاتر خۆی بە چەمکی هێمای زمانەوانی خەریك کردووە- باوەڕی وابوو کە یەکە زمانەوانییەکان یاخود ئاماژەکان خودی شتەکان نانوێنن(سەلام ناوخۆش؛ 42:2008).

ـ هێمای زمانی بەڕای سوسێر دوو بنەمای هەیە.

1ـ سروشتی لەخۆوەی هێما کە لە نێوان دال و مەدلولدا، واتە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان وشەی (دار) لە وێنەیەکی دەنگی پێك هاتووە (دال) و واتاکەی (دارێتی)- (مەدلوول) دەبەخشی نییە ئەگەر پەیوەندی هەبوایە، ئەوە یەك زمان لە جیهاندا دەبوو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم گفتوگۆیە سوسێر پەنا بۆ ئەو وشانە دەبات کە لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی هەیە بەڵام لای هەردوو زمان یەك واتا ناگەیێنێت.
2ـ سروشتی هێڵی لە دال:
ئەگەر(دال) شتێکی بیستراو بێت دەبێت بوونی دەربکەوێت بەهۆی کات ئەمەش دوو خەسڵەتی هەیە 1ـ کات دەنوێنێت 2ـ ئەم کاتەش بەدووری پێوانە دەکرێت(سوسێر:89:1985).
خەسڵەتی گۆڕا و و نەگۆڕ لە هێما (ئاماژە).
دال: نەگۆرە چونکە ئازادی خۆی هەڵدەبژێرێت و ئەو بیرە دەنوێنێت کە نەگۆرە.
مەدلوول: گۆڕاوە: بریتییە لەو پەیوەندییەی لەنێوان دال و مەدلول کە گۆڕاوە، کەواتە دەچینەوە سەر ئەو ڕایە گرنگەی سوسێر کە دەڵێت: هەر یەکەیان ئەوەی تر تەواو دەکات و نرخی هەر ڕەگەزێك لە بوونی ڕەگەزەکانی تر دەردەکەوێت، لەهەمان کاتدا وەکو لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.
(سوسێر:123:1985)
بە نسبەت سوسێر پەیوەندی زمانی خاوەن سروشتێکی دەڕوونییە بنەمایەکە بۆ دروستکردنی کرۆکی دوو ڕووە ئامادە کراوەکە بۆ دەرخستنی چەمك و ناو لێنراو وێنەی دەنگی یان ناو، ئەم مەزەندەیەش لەم هێڵکارییەی خوارەوە بەرجەستە دەکات:
**دوانەی پێنجەم**
واتاسازیش ئەو زانستەیە، کە بە وردی بایەخ بە ناولێنراوی نیشانەی زمانی دەدات، سەرەڕای ئەمەش دی سوسێر بە تیۆرەکەی خۆی

دەربارەی نیشانەی زمانی بە بۆچوونی زۆربەی زمانەوانان بە داهێنەری ڕاستەقینەی واتاسازی هاوچەرخ دادەنرێ.
بەڵام سەرەتا دەبێ لە ناولێنراو بگەین Signified زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە ،چونکە لەهەندێ نێوەندا بە هاوواتای شت دادەنرێ لە هەندێ شوێنی تر بە واتای مەزەندەو بیر، لە دوای سوسێر هەوڵێکی زۆر و کۆششێکی زیاد کراوە بۆ دانانی چەمکێکی ورد بۆ مەزەندەی نیشانەی زمانی. {کلۆد جێرمان و ریمۆن لۆبلان : 2006: 4}

**نووسین و گوتن**

سوسێر هەر زوو پەی بەوە برد کە نووسین و گوتن لەسەر یەك ڕێڕە نارۆن و لەگەڵ گەشەسەندنی زماندا، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە:
یەکەم: زمان هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، بەڵام نووسین هەوڵ دەدات جێگیر بێت، گوتن قۆناغ لە دوای قۆناغ لە نووسین دوور دەکەوێتەوە ئەو پیتانەی کە دەنگێك دەنووێنن لە قۆناغێکدا لە قۆناغێکی تر یان سەدەی دواتر تەواو دوور دەکەوێتەوە لەو دەنگانە، کەواتە بۆچوونەکەی سوسێر زۆر لەجێی خۆیەتی بۆنموونە، ئەگەر سەیری زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بکەین ئاخاوتن و نووسین بە تەواوەتی دوورکەوتۆتەوە نەوەك بۆ خوێنەری بیانی تەنانەت بۆ زمانی دایکیش فێربوونی ئەم دوو زمانە ئاسان نییە.
هەر لەبەرئەمەشە سوسێر مەبەستی ئەوە بوو نووسین بخاتە پەراوێزەوە.
گوتنی سەر زارەکی قسەکەران بکاتە ناوەندی شیکردنەوەی زمان، کەواتە ئەو وتەی بە تەواوی پراکتیزە کردووە کە دەڵێت ((زمان گوتن و نووسین لە گوتن وەردەگیرێت و دوورکەوتنەوەیە لە گوتن))
دووەم : ئەگەر وشەیەك لە زمانێکی تر وەربگیرێت و هەمان ڕێنووسی لەو زمانە نەبوو ئەوا دەبێت پەنا بۆ ڕێنووسی تر بەریت بۆ نموونە پیتی d لە لاتینی بووە بە (th).

پێش سوسێر نووسین ناوەندی دیراسەکردنی زمان بوو بە تایبەتی نووسینی ناوداران و کەڵە شاعیر و فەیلەسوفەکان بەڵام سوسێر ئەو گۆمەی شڵەقاند و ڕەوتی زمانناسی بە ئاقارێکی تردا برد و گوتنی کرد بەناوەندی دیراسەکردنی زمان .

جیاوازییە سەرەکیەکانی گوتن و نووسین لەم خاڵانە کۆ دەبنەوە.

گوتن نووسین

1ـ لە دەنگ پێك هاتووە.

1ـ لە پیت و هێما پێک هاتووە.

2ـ هێز و ئاوازی تێدا بە کار دێت.

2ـ خاڵبەندی تێدا بە کاردێ.

3ـ کاتییە. 3ـ تا ڕێژەیەك کاتی نییە.

4ـ بەگوێ وەردەگیرێ. 4ـ بە چاو وەردەگیرێ.

5ـ قسەکەر و گوێگر ئامادەبوونیان هەیە 5ـ قسەکەر دیار نییە خوێنەر دیارە.

6ـ ڕەمەکییە. 6ـ ڕەمەکی نییە.

7ـ شێوازێکی سروشتی ڕاستەوخۆیە.

7ـ شێوازێکی داهێنراوە.

8ـ چەقی زمانەوانی بونیادگەرییە

8ـ چەقی فیلۆلۆژی و زمان و لۆجیکە

9ـ بەشێکی گرنگی دیراساتی

لەدراساتی پراگماتیکی رۆلێکی لاوەکی هەیە.

پراگماتیکی و شرۆڤەکردنی ئاخاوتن پێك دێنێت.

10ـ زمانی خووەکی ئاخافتنی هەیە.

10ـ نووسین لە قوتابخانە فێری دەبیت.

11ـ زمانی یەکگرتوو نییە.

11ـ زمانی یەکگرتوو هەیە. (سەلام ناوخۆش: 45:2008)

4ـ جیاکردنەوەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی فۆنۆلۆجی لەچاو فۆنەتیك تازەترە بەرهەم و دەستکەوتی سوسێرە، پێش سوسێر هیچ تیۆرێکی گشتی یان هیچ بۆچوونێکی پەسند لەبارەی فۆنۆلۆجی نەبوو. تەنها ئەوە نەبێت لەنێوان هەردوو جەنگی جیهان بەرەبەرە گرنگی بەم جۆرە دیراسە دراوە و فۆنۆلۆجی ناسێنرا (د.صباح رشید: وانەکانی ماستەر).
بەپێی لێکدانەوەی سوسێر دەنگەکانی زمان بە گشتی کە ئێمە وەکو فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین ڕای وایە:
1ـ فۆنەتیك گرنگی بە (دال) دەدات و فۆنۆلۆجی گرنگی بە (مەدلوول)دەدات.
2ـ فۆنەتیك دەکەوێتە دەرەوەی سنووری زمانەوانی، فۆنۆلۆجی دەکەوێتە ناخی زمانەوانی.
3ـ ئەوانەی دەکەونە سەر تەوەرەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دەتوانین بەم شێوەیە ڕیزیان بکەین:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| فۆنەتیك | ئاخاوتن | دایکرونی | دال | ئاسۆیی |
| = | = | = | = | = |
| فۆنۆلۆجی | زمان |ساینکرونی | مەدلوول | ستوونی |

(بیرۆکەی د.صباح رشید)

**بەشی دووەم :**
**گرنگی دوانەکانی سوسێر لە زمانەوانی نوێدا.**

1ـ دەروازەیەك بۆ چوونە ناوبابەتەکە:
دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی بەراوردی مێژوویی لە ساڵی 1786 لەلایەن ولیەم جونز و بە درێژایی سەدەی نۆزدەم تا دەرچوونی کتێبەکەی سوسێر لەساڵی 1916 بواری زمانەوانی بە تەواوی پێڕەوەی مێژوویی داگیر کرد بوو، ئامانجی زمانەوانان دۆزینەوەی جۆری خزمایەتی نێوان زمانانی جیهان بوو، ئەو جۆرە شیکردنەوانە سەرەڕای گرنکی و زۆر

دیاردەی لە زمانی دۆزینەوەی ئاشکرا کرد بەڵام زمانەوانی لە ئەرکی سەرەکی خۆی لایدا بوو کە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە خودی زمان.
دی سوسێر هات و ئەو گۆمەی شڵەقاند و زمانەوانی لەو تەوقە ڕزگار کرد چەند ڕایەکی جووت لایی‌و بەرامبەری خستە ڕوو، ئەم دوانانەی سوسێر بوون بە تۆ و هەوێن بە هۆیانەوە گەلێك ڕێبازی زمانەوانی سەری هەڵدا بۆ نموونە:
1ـ لە دەستنیشانکردنی پەیوەندی(ئاسۆیی ستوونی) قوتابخانەی پراگ سەری هەڵدا هەروەها ڕێگای خۆش کرد کە قوتابخانەی ڕۆنکاری سەرهەڵ بدات و لە هەمووشیان گرنگتر ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی بوو.
بۆ نمووونە.
2ـ لە گوتن (PAROLE) و زمان (langue)ی سوسێر، توانا (competance) وە چالاکی (performance) سەری هەڵدا ئەگەرچی لە هەندێك لایەن جیاوازییان هەبوو.
3ـ هەروەها لە ئاسۆیی (sintagmatic) – و ستوونی (paradigmatic) ڕۆنانی ژێرەوە (deep structure) و ڕۆنانی سەرەوە (surfacestructure) سەری هەڵدا.
2ـ کاریگەری سوسێر لەسەر چۆمسکی.
دەتوانین دیراسەی زمان بکەین بە بۆچوونی قسەکەر و گوێگریش هەر یەکێکیان سیمای تایبەتیان هەیە دوانەی زمان و گوتن زۆر لە توانا و چالاکی چۆمسکی دەچن و هەردووکیان پەیوەستن بە بەکارهێنەری زمان بەواتا لایەنی خودی زمان دەگەیێنن، چالاکی لای چۆمسکی خۆی پرۆسەیەکی کردارییە و لەو میانەدا (گوتن) و نووسین دەگرێتەوە، جیاکردنەوەشیان لەسەر ئەوەیە کە دوانەکەی سوسێر لەسەر بنەمای هۆشەکی پێناسە نەکراوە. هەروەها سوسێر سیستەمی زمانی بە نۆتەی مۆسیقی چوواندووە و گوتنی بە چالاکی ئەو نۆتانە چواندووە ، کە دەگۆرێت بە گۆرینی مۆسیقاژەنەکان و ئامێرەکان، بەڵام بنچینەیەکی

نەگۆری هەیە و سیستەمی زمان لە زمانێکی نەگۆڕی ئەو زمانە نیشان دەدات بەڵام گوتنە ڕاستەقینەکان ئەوانەی لە زار دێنە دەرەوە لەو زمانە پێی دەڵێن(Parole) .

بە پێی بۆچوونی سوسێر دەربارەی زمان و گوتن چەندین قوتابخانەی جیاواز سەریان هەڵدا بەڵام هەر قوتابخانەیەك بۆچوونی تایبەتی هەبوو دەربارەی سیستەمی زمان(د.موسی عمایرە: 22:2003) بۆ نموونە کەدەڵێین:.

(فلان بە فەرەنسی قسە دەکات) دوو بیروڕا هەیە:

1ـ ئەو هەموو جار یان هەندێ جار هەوڵ دەدات بۆئەوەی جۆرێك لە ڕەوشت نیشان بدات.

2ـ یان توانای هەیە بۆئەوەی کۆشش بکات بۆ ئەم ڕەوشتە.

چۆمسکی یەکەمی بەتوانا و ئەوی تری بە چالاکی داناوە، چونکە چۆمسکی وای دەبینێت کە توانای زمان لای تاکەکەس بریتییە لەوەی کە دەربارەی زمانەکە دەزانێت، ئامانجی زمانەوانەکانیش سنووردارکردنی ئەو توانایەیە ئەمەش لقێکە لە زمانەوانی (دەروونزانی ئیدراکی).

جیاکردنەوەی توانا و چالاکی تارادەیەك وەکو جیاکردنەوەی سوسێرە لەنێوان سیستەمی زمان و گوتن، چۆمسکی زیاتر جەخت لەسەر زانیاری نموونەیی دەکاتەوە لەسەر توانای قسەکەر، چونکە کاریگەر بوو بەفەلسەفەی عەقلانی دێکارت لە سەدەی حەڤدەهەم {نایف خرما:1978 :87}، بەڵام سوسێر لە ژێر کاریگەریی (دۆرکایم) بوو، کە گرنگی زیاتر بە سروشتی کۆمەڵایەتی سیستەمی زمان دەدات هەروەها وای دەبینی کە زمانەوان زیاتر لە زانستی کۆمەڵناسی یان دەروونزانی کۆمەڵناسی نزیکە نەوەك دەروونزانی ئیدراکی، ئەمەش پێچەوانەی ڕای چۆمسکییە.

چەندین قوتابخانەی زمانەوانی لە بیروبۆچوونی سوسێر لەبارەی جیاکردنەوەی زمان و گوتن سەریان هەڵدا. هەر قوتابخانەیەك بۆچوونێکی تایبەتی دەربارەی زمان هەبوو، بەڵام لەبارەی گوتن

هەردوو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و ڕۆنانی دەڵێن گوتن چالاکی تاکەکەسییە بۆ زمانەکە لە بۆنەیەکی دیاریکراودا.

3. سوسێر بە دامەزرێنەری ڕێبازی وەسفی (ڕۆنانی) دادەنرێ لە ڕاستیدا زۆربەی زمانەوانە ڕۆنانکارەکان بە قوتابی دی سوسێر دادەنرێن(بێجگە لە بلومفێلدییەکان) بەڵام ئەوانەی دوای سوسێر و قوتابییە نزیکەکانی ناویان لەخۆیان نا قوتابخانەی جنێف چالاکییەکانی ئەم قوتابخانەیە بەشێکی زۆری لەسەرنجەکانی سوسێر چڕ دەبێتەوە، جگە لەمەش لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ کارەکانی دیارە وەکو (لە پێناو زانستی کۆمەڵناسیی زمان هەروەها کارەکان مییە و ڤندرسن ئەم مۆرکانەی وەرگرتووە کەواتە ڕێبازی سۆسیۆلۆجی کاریگەریی گەورەی لەسەر زمانەوانی هەبووە .{کلاوس هیشن:2010: 68}

سوسێر بە دامەزرێنەری راستەقینەی ڕێبازی وەسفی دادەنرێت لە دیراسەکردنی زمان، بە تایبەتی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی). سوسێر شۆرشێکی زمانەوانی بەرپا کرد لەسەر ئەو چەمکانەی کە باڵی بەسەر دیراساتی زمان لە ئەورووپا و ئەمەریکا کێشا بوو. سوسێر لە بیرۆکەی ڕێبازی مێژوویی و بەراوردکاری دوورکەوتەوە و دەیگووت باشترین ڕێباز لە دیراسەکردنی زمان ڕێبازی وەسفییە {نایف خرما:1978: 87}، بە هۆی ئەو دیراساتانەوە بیروڕای زمانەوانی ڕۆژئاوایی بۆ لای ڕێبازی وەسفی راکێشا وەکو: (بلومفیلد و ساپیر و بواس)ئەمانیش لە ئەمەریکا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕێکەوتی بیروڕاکانی سوسێریان کرد و زیادەیەکی زۆریان خستووەتە سەر ڕاکانی سوسێر، زمانەوانەکانی ئەمریکا گرنگیان بە زانستی ئەنترۆپۆلۆجی دەدا دیراسەی زمانی هیندییە سوورەکانیان دەکرد کە پاشماوەی نووسینیان نەبوو ویستیان رێزمانەکەیان بزانن، باشترین ڕێگاش ڕێبازی وەسفی بوو بۆ دەستکردن بە کارەکانیان هەروەها زمانەوانە عەرەبەکانیش توێژینەوەکانیان لەسەر زمانەکەی خۆیان

پراکتیزە کرد لەگەڵ هەندێ جیاوازی و دەستکاری {د.عاطف فضل: 66 :2005}.

4. ڕەنگدانەوەی ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە وەرگێڕاندا

وەرگێڕان وەك ئاریشەیەکی زمانەوانی کەمتر لەلایەن زمانەوانەکانەوە گرنگی پێ دراوە بە تایبەتی ئاماژەکانی سوسێر.

سوسێر دەڵێت ئەگەر زمانە بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەکانی وەك نووسراوێك یان کۆمەڵە وشەیەك بۆ چەمکی ئەو وشانە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی بیرێکی ئامادەکراو لەگەڵ وشەکانی پێشتر هاوواتا و بەرامبەر دەبن (پەروین عوسمان:22:2009).

دەکرێ ئەو بۆچوونەی سوسێر بۆ واتا، شیکردنەوەیەکی زانستانەی بۆ بکرێ و بپرسین بۆچی لە وەرگێڕانی وشەبەوشەدا ئامانجی خۆی ناپێکێت؟ چونکە وشەکە بەپێی پێویست شوێنی خۆی لەناو زمانی تردا ناکاتەوە. کەواتە لەمەوە دوو جۆرە وەرگێڕان دیاری دەکرێت :

1ـ وەرگێڕانی ئاسۆیی : لەم وەرگێڕانە، وەرگێر هەوڵ دەدات لە پانتایی بابەتەکە بڕوات و تاڕادەی نزیکترین واتا بۆ گۆڕینی بابەتێك بۆ بابەتێکی تر ڕەچاو بکات وەکو وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام(هەمان سەرچاوە).

2ـ وەرگێڕانی ستوونی: گۆڕینی واتای گشتی بابەتێکە بۆ بابەتێکی تر بەجۆرێك مەرج نییە هەموو بڕگە و پەرەگرافەکانی وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو وەرگێڕانی هەواڵێك.

ئەمەش ڕێك وەکو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی سوسێرە کە لە ئاسۆیی پەیوەندی تەکنشینە بەڵام ستوونی جێنشینە لە وەرگێڕانی ستوونی دەتوانین جێنشین بۆ وشەکان بکەین.

5. ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لای قوتابخانەی لەندەن

هەردوو پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی لەلای ئەم قوتابخانە لەچوار ئاستدا سوودی لێ وەردەگیرێ {ساجدە عبداللە فەرهادی:2008 :33} ئەوانیش بریتین لە:

1ـ ئاستی دەنگ (فۆنۆلۆجی)
2ـ ئاستی وشەکانی زمان
3ـ ئاستی ڕێزمان
4ـ ئاستی واتا

**1ـ ئاستی فۆنۆلۆجی**

لەئاستی فۆنۆلۆجیدا، پەیوەندی ئاسۆیی (هاوڕێیەتی دەنگەکان) دێتە ئاراوە، فۆنیمەکان لەکاتی قسەکردن دەچنە پاڵ یەکتری و بەشداری لە پێکهێنانی یەکەی گەورەتر دەکەن، وەك لە وشەی (میر) فۆنیمەکانی (م ، ی، ر) لەگەڵ یەکتردا وشەیەکیان دروست کردووە {شێرزادسعید صدیق:2008: 14} بەڵام لە پەیوەندی ستوونی (جێنشین) دەتوانین فۆنیمی تر هەر فۆنیمێکی وشەکە دابنێین بە مەرجێك ڕەچاوی واتا بکەین بە نموونە لەجێی فۆنیمی / م/ دەتوانین فۆنیمەکانی (ب، پ، ش، ت، ل) دابنێین و دەبنە (بیر، پیر، شیر، تیر، لیر) بەڵام ئەگەر / ن/ دابنێین ئەوا لەڕووی پێکهاتنەوە بێواتا دەبێت.

**2ـ ئاستی وشەی زمان.**

لە ئاستی وشەدا بیرۆکەی هاوڕێیەتی جێگەی بیری پەیوەندییە ئاسۆییەکان دەگرێتەوە، چونکە هەردوو وشەکە تا ڕادەیەك بریتین لە پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەگەر ڕەچاوی هاوڕێیەتی نەکرێت ئەوا کەموکوڕی لەلایەنی واتاوە بەدی دەکرێ، بۆ نموونە:

ئەسپەکە حیلاندی. ------- هاوڕێیەتییە

شێرەکە حیلاندی * -------- هاوڕێیەتی نییە

لە ئاستی وشەکاندا پەیوەندی ستوونیش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و وشەکان بە ڕەچاوکردنی هاوڕێیەتی دەتوانن شوێنی یەکتر بگرن {شێرزادسعید صدیق:2008: 16}

ئاوەکەساردە.
شەربەتەکە ساردە.
ئاووهەوا ساردە.

**3. ئاستی ڕێزمان.**
هەردوو لایەنی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە لەم ئاستەدا بیرۆکەی ڕێککەوتن شوێنی پەیوەندی هاوڕێیەتی دەگرێتەوە و وەکو پەیوەندی ئاسۆیی کار دەکات، ڕێککەوتن واتە یەکێك لە کەرەستە دراوسێکان کارێکی ڕێزمانی لەسەر ئەوانی تر دەکات{ساجدە عبداللە:2008 35} وایان لێ دەکات هەمیشە بەیەکەوە بێن وەك هاتنی بەرکار لەگەڵ کاری تێپەڕ.

سەردار نامە دەنووسێت.
بکەر بەرکار کار

**4. ئاستی واتا**
بەپێی قوتابخانەی لەندەن هەموو ئاستەکانی زمان هاوکاری دەکەن بۆ گەیاندنی واتا بەلام باری دەوروبەر context, situation پێویستە بۆ گەیشتن بە واتا، واتە ناکرێ واتا تەنها لە ئاستی واتاسازیدا پەنگ بخواتەوە بەڵکو دەبێت هەر سێ ئاستەکەی تر (فۆنۆلۆجی و وشەکانی زمان و ڕێزمان) بەشداری بکەن لە بەخشینی واتا.
لە هەر سێ ئاستی پێشوو نیشانمان دا لە پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونیدا واتا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، لە پەیوەندی ئاسۆیی واتا بڕیاردەر بوو، بۆ ئەوەی وشەکان بە پێی ڕێزمانی زمانەکە بکەونە پاڵ یەك یاخوود نا، هەروەها لە پەیوەندی ستوونیدا فراوانی و تەسکی ئەو پێکهاتە دەستنیشان کرا کە دەنگ و وشەکانمان هەڵدەبژارد و جێگۆڕکێمان پێ دەکرد.

دەتوانین لە پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی ئەم ڕۆڵانە دیاری بکەین :
پەیوەندی ئاسۆیی: پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان {کاوە}
1ـ لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا
پەیوەندی ستوونی: گۆڕینی فۆنیمەکان {ماوە ،خاوە}
پەیوەندی ئاسۆیی: هاوڕێیەتی وشەکانی زمان {هاوین گەرمە}
2ـ لە ئاستی وشەکان
پەیوەندی ستوونی: وشە هاوڕێکان{ئاوەساردەکە،چایەگەرمەکە}
3ـ لە ئاستی ڕێزمان ڕێککەوتن لە نێوان پێکهاتە ڕێزمانییەکان: {سەردار وانەی نووسی}
4ـ لە ئاستی واتا شوێن گۆڕینی کەرەستەکان: کاوە نانەکەی خوارد.
ئازاد نەوزاد

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


1ـ د. وریا عمر أمین- دی ساسۆر دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە- ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژ1، 1989.
2ـ کلۆد جێرمان و ریمۆن لۆبلان – واتاسازی – و. د یوسف شەریف سەعید - 2006
3ـ د.یوسف شریف - وانەکانی بەکالۆریۆس 1994 + وانەکانی ماستەر 2008
4ـ د. عبداللە حسین - وانەکانی بەکالۆریۆس - 1996
5ـ د.صباح رشید - وانەکانی ماستەر-2010.
6ـ پەروین عوسمان مستەفا عەلاف- واتا و وەرگێڕان-2009-هەلێر.
7ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی – ڕستە و پاشڕستە – بڵاوکراوەی ئاراس – هەولێر – 2008
8ـ شێرزاد سعید صدیق – ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هالیدەی – نامەی ماستەر – کۆلێجی ئاداب - 2008

9ـ سەلام ناوخۆش- زمانناسی – هەولێر – 2008.

**بەزمانی عەرەبی.**

1ـ فردينان دى سوسير- علم اللغة العام- ترجمه:د.يوئيل يوسف عزيز-1985-بغداد.
2ـ د.شحده فارع- د.جهاد حمدان، د.عمايره، د.حمد العنابى - مقدمة فى اللغويات المعاصرة-2003-دار وائل- أردن.
3ـ د.عاطف فضل- مقدمه فى اللسانيات- دار الرازى-2005-أردن.
4ـ نايف خرما –أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة – 1978
5ـ روبنز –موجز تأريخ علم اللغة –ت احمد عوض – 1997
6ـ كلاوس هيشن –القضايا الاساسيه فى علم اللغة –ت : د.سعيد حسن البحيرى –مختار –القاهرة - 2010.

# مردنی زمان

سوداد ڕەسووڵ

زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی پەروەردە

لە دنیای ئەمڕۆ کەمبوونەوەی ژمارەی زمانەکان و لە ناوچوونیان بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو، لە هەمان کاتدا هەندێک لە زمانەکان، کە بە ژمارە زۆر کەمن، لە پێشکەوتنێکی زۆر گەورە دان، هەتا دێ ژمارەی ئاخێوەرانیان ڕوو لە زیادی دەکات، لە بەرامبەر ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە زمانانی دی کە ئاخێوەرانیان بە ژمارە کەمن، مەترسی لە ناوچوونیان لەسەرە. دیاردەی مردنی زمان هەمیشە لە مێژوودا هەبووە، گەلێک لە زمانە کۆنەکان کە لە مێژووی کۆن ناویان دێ، ئەمڕۆ هیچ ئاخێوەرێکیان نەماوە و لە ناوچوون، وەک زمانی سومەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشوری، ئاڤێستایی، پەهلەوی، لاتینی.

لەناوچوونی زمانەکان لە سەردەمی کۆن، هەرگیز بەو ڕادەیە و بەو ژمارە زۆرە نەبووە کە ئەمڕۆ دنیا بە خۆیەوە دەبینێ. ئەمڕۆ لە جیهاندا ژمارەی زمانەکان نزیک بە حەوت هەزار زمان دەبێت، وا چاوەڕێ دەکرێ هەتا سەدەی داهاتوو لەم ژمارە زۆرە، نیوەیان زیاتر ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا، هەروەک چۆن لە ناوچوونی هەندێک جۆری گیاندار و ڕووەک وەک کارەساتێکی ژینگەیی باسی لێوە دەکرێ، و هەوڵ دەدرێ

لە لەناوچوون و قڕبوون ڕزگار بکرێن، بە هەمان شێوە، زمانەکانیش وەک ڕەگەزی زۆر گرنگی ژیانی کولتووریی مرۆڤەکان پێویستیان بە پاراستن هەیە لە فەوتان. وەک دیارە بە نەمانی هەمەچەشنیی زمانەکان، هەمەچەشنیی کولتووریش کەم دەبێتەوە. نەمانی زمان زەروزیانێکی گەورەیە بۆ گەنجینەی بیری مرۆڤایەتی و کەمبوونەوەی هەمەچەشنیی کولتووری لە جیهان. هەر بۆیە مەسەلەی مردنی زمان باسێکی گرنگ و جێگەی بایەخە لەلایەن زمانناسەکان و ئەنترۆپۆلۆجیستەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت یۆنسکۆ و ڕێکخراوەکانی دیکەی پاراستنی زمان.

لەم کورتە باسە، هەوڵ دەدرێ دیاردەی مردنی زمان لە ڕووی زمانناسی - کۆمەڵایەتی شی بکرێتەوە، وێڕای دەستنیشانکردنی هۆیەکانی مردنی زمان و قۆناغەکانی مردنی زمان. سەرەڕای ڕوونکردنەوەی بایەخی زمانەکان و گرنگی پاراستنیان لە مردن، و بۆچی مردنی زمان شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بە هەند وەربگیرێ. لە بەر تیشکی ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵ دەدرێ لە ڕەوشی ئەمڕۆی زمانی کوردی بڕوانین، ئایا زمانی کوردی بە هەموو لەهجەکانییەوە هەتا چ ڕادەیەک مەترسی مردنیان لەسەرە؟ هەروەها چۆن دەکرێ لەم سەردەمە، لەپاڵ پاراستنی لەهجەکان هەوڵی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد بدرێ؟

**مردنی زمان چییە؟**

مردنی زمان یان لەناوچوونی زمان Death of Language بەو زمانە دەگوترێت کە دوا کەسی ئاخێوەری ئەو زمانە بمرێت و کەسی دی لە دوای خۆی نەبێ قسەی پێ بکا. ئەمە هەرچەندە بۆی هەیە ئەو زمانە بە چاکی تۆمارکرا بێ و بە شێوەی نووسین بەردەوام بێت، یان بە شێوەی ڤیدیۆ و دەنگ پارێزراو بێت، بەڵام کە کەسێک نەبێ قسەی پێ

بکا، بە زمانێکی زیندوو دانانرێت. بەڵام ئەو زمانەی کە هێشتا لەناو نەچووە و ژمارەی بەکاربەرانی زۆر کەم بۆتەوە و مەترسی لەناوچوونی لێدەکرێ پێی دەگوترێ Endangered Language واتە زمانەکە مەترسی مردنی لەسەرە. بەڵام کاتێک زمان لەلایەن دایک و باوکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانیان، جیلی دواتر چیدی بەو زمانەی خۆی نادوێ، و زمانێکی باڵادەست وەک زمانی یەکەم قبوڵ دەکەن، ئەم دۆخە پێی دەگوترێ Moribund Language، واتە زمانەکە بەڕێوەیە بەرەو مردن. (Crystal, 2003A:20). هەر کاتێک زمان گەیشتە ئەو قۆناغە، ئەوانەی قسەی پێ دەکەن لە تەمەنن و ژمارەی بەکاربەرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دەبێتەوە، تا دوا کەسی ئەو زمانە کۆچی دوایی دەکات و زمانەکەش لەگەڵ خۆی سەردەنێتەوە.

**جۆرەکانی مردنی زمان**

هەندێک زمان کە دەمرێت لە دوای خۆی زۆر بە چاکی تۆمار کراوە و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی نووسین و ئەرشیفی لە دوای خۆی بە جێهێشتووە وەک زمانی لاتینی. ئەم جۆرە مردنە جیاوازییەکی زۆری هەیە لە مردنی زمانانێک کە تا ئێستا تۆمار نەکراون هەر بۆ قسەکردنە، کە دەشمرێت هیچ شوێنەوارێکی ماددی و دەنگی لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێ. هەربۆیە ئەمڕۆ هەوڵ دەدرێ پێش مردنی، ئەو زمانانە لە ئەرشیف بە دەنگی تۆمارکراو یان نووسراو، یان بە ڤیدیۆ تۆمار بکرێن، بەڵام بە هۆی نەمانی هیچ کەسێک کە قسەی پێ بکا، چیدی بە زمانێکی زیندوو دانانرێ. (Crystal, 2003A:11).

هەندێک زمان کە دەمرێت لە ئەنجامی کۆن بوونیەتی و زمانی نووسین لە زمانی زارەکی خەڵک زۆر دوور دەکەوێتەوە، وەک زمانی

لاتینی، سەنسکریتی، تورکی عوسمانی، عەرەبیی فوسحا.[1] ئەم زمانە کۆنانە، لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی ئاخێوەرانیان و دوور کەوتنەوەیان لەیەک و کەمی پەیوەندی نێوانیان، جیاوازی زمانی لەنێوانیان دەست پێدەکات، تا لە ئەنجامدا کۆمەڵێک لەهجەی جیاوازیان لێ پەیدا دەبێت و لە زمانە ئەسڵییەکە زۆر دوور دەکەونەوە. ئەو زمانە کۆنە ئەسڵییە، چیدی ناتوانێ وەک زمانێکی زیندوو وەڵامی پێویستییەکانی ئەو سەردەمە بداتەوە، یان دەبێ نوێ بکرێتەوە یانیش چیدی بەکارنابرێت و دەمرێت، لە جێگەی ئەو، لەهجەکانی ئەو زمانە دەبن بە زمانی جیاواز. نمونەی ئەمە زمانی لاتینییە، وەک زمانێکی کۆن لەناوچووە و ئەمڕۆ کەس قسەی پێ ناکا، بەڵام لەهجەکانی ئەو زمانە، زمانانی وەک ئیتاڵی و ئیسپانی و فەرەنسی و ڕۆمانی و کەتەلانی لێ پەیدا بووە. واتە زمانێکی ئارکایک دەمرێ و لە دامێنی کۆمەڵێک زمانی دی لێ بە پاش دەکەوێ.

هەندێک زمانی دی کە دەمرێ زمانی دی لێ پەیدا نابێت و بە یەکجاری ون دەبێت، چونکە ئاخێوەرانی هەموو دەمرن، وەک زمانی مانکس Manx کە یەکێکە لە زمانە کێڵتییەکان Celtic Languages لە جەزیرەی مان Man لە بەریتانیا، دوا کەسی ئاخێوەری ئەو زمانە لە ساڵی ١٩٧٤ دەمرێت و زمانەکەش دەچێتە لیستی زمانە مردووەکان.

[1] – زمانی عەرەبی فوسحا زمانێکی کۆنە و تەنها بۆ نووسینە، لە بۆ ئاخاوتنیش لە ئاستێکی زۆر بەرز وەک بۆ گفتوگۆی سیاسی و ڕاگەیاندن و زانکۆ نەبێت بەکار نایەت، ئەمڕۆ لە هیچ ماڵێک بە عەرەبی فوسحا قسە ناکرێت، هەر بۆیە ئەم زمانە بە زمانێکی زیندوو دانانرێ و لە ڕیزی ئەو زمانانەش دانەنراوە، ئەمە هەر چەندە گەلانی عەرەب بە ژمارەی دانیشتوان زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن کەسن، بەڵام عەرەب بە گشتی بە لەهجە عەرەبییە عامییەکان دەدوێن، کە ئەم لەهجانەش بە ڕادەیەک لە زمانی عەرەبی فوسحا دوور کەوتوونەتەوە وەک دوو زمانی جیاوازیان لێ هاتووە.

ئەمە هەرچەندە دواتر هەوڵی بوژانەوەی ئەو زمانە دراوە.[2] (Dalby, 1998:113)

شارەزایان پێیان وایە مردنی زمان بە هۆی ئارکایک بوونی، گۆڕانێکی سروشتی زمانە و هەموو زمانێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی پێیدا تێپەڕ دەبێ، بۆیە مردنیشی کارێکی سروشتییە، چونکە لە جێگەی ئەو زمانە کۆمەڵێک زمانی دی پەیدا دەبن. بەڵام زمانێک لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابوری ژمارەی ئاخێوەرانی کەم دەبێتەوە و بەرەو مردن دەچێت. ئەم جۆرە مردنە سروشتی نییە و پێویستە پێشی لێ بگیرێ و چارەسەر بکرێ. زۆربەی مردنی زمانەکان لەم سەردەمە لە جۆری دووەمە.

هەر زمانێکیش کە دەمرێت، چیدی دەستکەوتی کولتووری و شارستانی نامێنێت، بە یەکجاری سەردەنێتەوە و بوژانەوەشی کارێکی ئاسان نییە.

**ژمارەی زمانەکانی جیهان**

بۆ ئەوەی بزانین چەند زمان بە ڕێگەوەیە بۆ مردن، دەبێ لە پێشدا بزانین چەند زمان لە جیهاندا هەیە. ئەمڕۆ لە جیهاندا نزیک بە حەوت هەزار زمان قسەی پێ دەکرێ.

زۆر کەس کە ئەم ژمارە زۆرە لە زمانەکان دەبینن توشی سەرسوڕمان دێن، کە چۆن دەبێ ئەم هەموو زمانە لە دنیا هەبێت. لەم ژمارە زۆرە،

---

[2] - دوا ئاخێوەری زمانی مانکس کەسێک بوو بە ناوی نێد مادرێلا Ned Maddrella کە لەساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی دەکات، ئیدی دوای ئەوە مەرگی زمانەکەش ڕادەگەیەنن، بەڵام دواتر بە هەوڵ و کۆششی ڕۆشنبیران و حکومەتی جەزیرەی مان هەوڵی بوژانەوەی زمانەکە دەدرێت، زمانی مانکس بە شێوەیەکی ئیختیاری لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ. ئەمڕۆ کۆمەڵێک لە خەڵکی جەزیرەکە فێری زمانەکە بوون. بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠١ دانیشتوانەکەی ٧٦ هەزار کەس بوو، لەم ژمارەیە تەنها ١٦٨٩ کەس فێری قسەکردن و خوێندنەوە بوون بە زمانی مانکس. (Wilson, 2008:77).


زمانەکان و لەهجەکانی زمانیش حیساب کراون. چونکە تا ئێستا لە ڕووی زمانەوانییەوە زمان و لەهجە بە تەواوەتی لەیەک جودا نەکراونەتەوە، هەر لەهجەیەکیش بۆی هەیە ببێ بە زمانێکی سەربەخۆ، ئەگەر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ بڕەخسێ. لە لایەکی دیکەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و هەتاوەکو ئەمڕۆش لە جیهان بەردەوام زمانی نوێ دەدۆزرێتەوە، بۆیە ژمارەی زمانەکان جێگیر نییە و بۆی هەیە ئەم ژمارەیە زیاتر بەرەو سەرەوە بڕوات. (Moseley, 2007:VII).

هەمەچەشنیی زمانەکان بە یەکسانی بە سەر جیهاندا دابەش نەبوون، لە قاڕەیەکەوە بۆ قاڕەیەکی دی دەگۆڕێت. قاڕەی ئاسیا ڕێژەی ٣٤% و ئەفەریقا ٣١% ی ژمارەی زمانەکانی بەر دەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی هەمەچەشنیی زمانییە، بەڵام قاڕەی ئەوروپا ڕێژەی ٣% بەر دەکەوێت کە کەمترین ژمارەی زمان و هەمەچەشنیی زمانی لە جیهان لەم قاڕەیە. (تەماشای خشتەی زمانە زیندووەکانی جیهان بکە) (Janson,2012:210)

| قاڕەکان | ژمارەی زمانەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئەفەریقا | ٢١١٠ | %٣١ |
| هەردوو ئەمەریکا | ٩٩٣ | %١٤ |
| ئاسیا | ٢٣٢٢ | %٣٤ |
| ئەوروپا | ٢٣٤ | %٣ |
| ناوچەی ئۆقیانووسی ئارام | ١٢٥٠ | %١٨ |
| سەرجەم | ٦٩٠٩ | %١٠٠ |

خشتەی زمانە زیندووەکانی جیهان بە پێی قاڕەکان

سەرچاوە: Tore Janson, The History of Languages, Oxford University press, 2012.




هێڵکاریی بازنەیی هەمەچەشنیی زمانەکان لە جیهان

لەم خشتەیە نیشان دەدا کە ئەورووپا کەمترین ژمارەی زمانی تێدایە، وەک ئاشکرایە، ئەم قارەیە لەوانی دی زیاتر دوچاری لەناوچوونی زمان بۆتەوە، ئەمەش زیاتر هۆکاری سیاسی و ئابوری هەیە، بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەت- نەتەوە، کە لەسەر بنچینەی یەک زمان بۆ یەک دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزرا بوو، زمانی کەمینە نەتەوەکان فەرامۆش کراون یان مافی بەکارهێنانی زمانەکەیان لێ قەدەغە کراوە، و لە ئەنجامدا لەناوچوون. وەک زمانە کێڵتییەکانی

بەریتانیا کە ئەمانەن: گەیلکی سکۆتی و ئێرلەندی و وێڵزی[3] و مانکس و کۆرنیش چەندین زمانی دیکە، کە ئاخێوەرانیان یان نەماوە یانیش زۆر کەم بۆتەوە و بەرەو مردن دەچێت. ئەمە سەرەڕای هۆکاری ئابوری و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی ئابوری و کەڵەکەبوونی سەرمایە لەم قارەیە، کە بۆتە هۆی پەیدابوونی شاری گەورە و کۆچکردنی خەڵك لە گوندەوە بۆ شارە گەورەکان بۆ کار، فراوانبوونی ڕێگاوبانەکان، و ئاسانکاریی هاتووچۆ لە نێوان شارەکان و گوندەکان. هەڵبەت ئەم سیستەمە ئابوورییە بەم ژێرخانە، زمانێک باڵادەست دەکا کە بایەخی ئابوری و سیاسی و پەروەردەیی هەیە، کە ئەمەش تەئسیرێکی یەکجار زۆری دەبێ بۆ کەمبوونەوەی هەمەچەشنیی زمانی و لەناوچوونی زمانەکانی دی کە ئەو بایەخەیان نییە.

## ڕەوشی لەناوچوونی زمانەکان

[3] زمانی وێڵزی Welsh دوای ئەوەی لە جەزیرەی بەریتانیا لە ساڵی ١٥٣٦ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزی و فەرمانڕەوایی بەریتانیا، ئینگلیزی دەبێ بە زمانی ڕەسمی هەموو بەریتانیا، وێڵزی دەسەڵاتی زمانی خۆی لە دەست دەدا بۆ زمانی ئینگلیزی، زیاتر بۆ ئاخاوتن بەکاردێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم خوێندن لە سەرانسەری وێڵز دەکرێ بە ئینگلیزی و لە قوتابخانەکان قسەکردن بە وێڵزی قەدەغە دەکرێ، ئەو قوتابیانەی کە بە وێڵزی قسەیان دەکرد سزا دەدران، پارچە تەختەیەکیان لەمل دەکرا لەسەری نووسرا بوو (نەخێر بۆ وێڵزی No Welsh ) لە کۆتایی دەرس لێدانیان دەخوارد. بەم شێوەیە زمانی وێڵزی زۆر بە توندی بنبڕ دەکرێت ، تا لە سەرەتای سەدەی بیستەم ژمارەی ئاخێوەرانی وێڵزی ڕوو لە کەمی دەکا. ئەمڕۆ بەگوێرەی سەرژمێری ٢٠١١ لە سێ ملیۆن دانیشتوانی وێڵز تەنها ٥٦٢ هەزار کەس دەتوانن بە وێڵزی قسە بکەن، ئەمە دوای ئەوەی کە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ بوژانەوەی. (Malerich,2008:3-4 ) سەبارەت بە زمانە کێڵتییەکانی دیکەی بەریتانیا دەکرێ هەمان شت بگوترێ، بە هەمان شێوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەوڵی ڕیشەکێشکردنیان دراوە، ئەمڕۆ ئاخێوەرانیان زۆر کەم بۆتەوە، بۆ نمونە لە سکۆتلەندە، مەگەر لە گوندە دوورەپەرێزەکان خەڵکێک هەبێ بە گەیلکی سکۆتی قسە بکا، لە شارە گەورەکان بە یەکجاری لەناوچووە.

ژمارەی دانیشتوانی جیهان کە بە ٧ ملیار دەخەملێنرێت، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەسەر بەکاربەرانی زمان کراون، لەم ٧ ملیارە، ٢,٤ ملیار خەڵک تەنها بە ٨ زمانی گەورەی دنیا قسە دەکەن کە ئەمانەن ماندەرین (زمانی چینی) ئیسپانی، ئینگلیزی، بێنگاڵی، هیندی، پورتوغالی، ڕووسی، ژاپۆنی. ئەگەر لەسەر ئەو هەشت زمانە ١٢ زمانی دیکەی بخەینە سەر: ئەڵمانی، فەرەنسی، پونجابی، جاوی، بیهاری، ئیتاڵی، کۆری، تێلوگو، تامیلی، ماراتی، ڤێتنامی، دەبن بە ٢٠ زمانی بە ناوبانگی جیهان، ئەوا ئەم ڕێژەیە دەبێ بە ٣,٢ ملیار خەڵک، واتە نزیک بە نیوەی سەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوی بە تەنها بیست زمان قسە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕێژەی سەدی زمانەکان وەرگرین لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی جیهان ئەوا دەبینین لە ٤% زمانەکانی جیهان لەلایەن ٩٦% ی دانیشتوانی جیهان قسەی پێ دەکرێ. ( Crystal, 2003A:14)

بە تەنیا لە پاپوا نیو گینیا[4] Papua New Guine زیاتر لە ٨٥٠ زمان هەیە، لە ئەندەنۆسیا نزیک بە ٦٧٠ زمان هەیە، کە پێکەوە چارەکی ژمارەی زمانەکانی جیهان پێکدێنن. ئەگەر حەوت وڵاتی دی بخەینە سەر ئەو دوو وڵاتە کە ژمارەی زمانەکانیان زۆرە و هەمەچەشنە (نەیجیریا ٤١٠، هیندستان ٣٨٠، کامیرۆن ٢٧٠، ئوسترالیا ٢٥٠، مەکسیکۆ ٢٤٠، زائیر ٢١٠، برازیل ٢١٠) زمانیان هەیە، کە ئەمانە سەرجەم پێکەوە دەبن بە ٣٥٠٠ زمان، واتە نیوەی ژمارەی زمانەکانی جیهان لەم نۆ وڵاتە دایە. (Skutnabb-Kangas, 2002:7)

---

[4] – پاپوا نیو گینیا  وڵاتێکی سەربەخۆیە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی جەزیرەی نیوگینیا، لە باکووری خۆرهەڵاتی قارەی ئوستراليا هەڵکەوتووە. بەشی ڕۆژئاوای ئەم جەزیرەیە  هەرێمێکی سەر بە وڵاتی ئەندەنۆسیایە. ئەم جەزیرەیە لە ڕووی هەمەچەشنیی کولتووری و زمانی یەکجار دەوڵەمەندە.

وەک دیارە ئەو زمانانەی کە هەڕەشەی مردنیان لەسەرە ئاخێوەرانیان بە ژمارە زۆر کەمن، لە نێو ژمارەی ئەو زمانە بچووکانە 500 زمان ژمارەی ئاخێوەرانیان لە 100 کەس کەمترە، نزیکەی 1500 زمان ژمارەی ئاخێوەرانیان لە 1000 کەس کەمترە، 3340 زمان ژمارەی ئاخێوەرانیان لە 10000 کەس کەمترە. زۆربەی ئەم زمانانەش لە ناوچە خولگەییەکانن لە قارەی ئەفەریقا و ئاسیا و ئەمەریکای باشوور (Crystal, 2003A:15) وەک دەبینین ئەو ژمارە زۆرە لە زمانەکان لە ٤ هەزار زمان زیاترە، ژمارەی ئاخێوەرانیان زۆر کەمە و بێگومان لە ماوەیەکی کورت، کاتێک ئاخێوەرانی دەکەونە تەمەنەوە و زمانەکانیش ناگوێزرێنەوە بۆ منداڵەکانیان، لەگەڵ مردنی خۆیان زمانەکانیش دەمرن. لەلایەکی دیکەوە، زۆرینەی زمانەکانی دنیا تا ئێستا نەنووسراونەتەوە یان بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە، بۆیە کە دەمرن هیچ لە دوای خۆیان بە جێناهێڵن.

لە ئامارێکی دی سەبارەت بە مردنی زمانەکان لە قارەی ئوسترالیا، دووبارە ئەوە نیشان دەدا کە زمانەکانی دانیشتوانی ئەسڵی ئەو قارەیە بە شێوەیەکی ترسناک ڕوو بە ڕوووی لە ناوچوون و مردن دەبنەوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی زمانە ئەسڵییەکانی دانیشتوانی ئوسترالیا Aboriginal Languages لە ساڵی ٢٠٠٥، لە تێکڕای ٢٥٠ زمانی دانیشتوانی ئەسڵی، تەنها ١٤٥ زمان ماوەتەوە قسەی پێ دەکرێ، ئەوانی دی هەموو مردوون، لەم ١٤٥ زمانەش کە ماوەتەوە، ١١٠ زمان زۆر بە سەختی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، چونکە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکانێکەوە قسەی پێ دەکرێ کە بە ژمارە زۆر کەمن و بە تەمەنیشن لە سەرووی چل ساڵیدان، چیدی زمانەکان ناگوێزرێنەوە بۆ منداڵەکانیان. (McConvell, Patrick, 2005:4)

لە هەردوو ئەمەریکاش زمانەکانی دانیشتوانی ئەسڵی ئەم قارەیە زۆر بە خێرایی بەرەو لەناوچوونە. لە توێژینەوەی سەرژمێرییەکی

کەنەدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٩٦ لە ٥٠ زمانی دانیشتوانی ئەسڵی ئەو وڵاتە، تەنها ٣ زمان (ئینوکتیتوت[5] Inuktitut ، کری Cree[6] ، ئۆجیبوا[7] Ojibwa) بە ڕادەیەک ژمارەی ئاخێوەرانیان ماوەتەوە کە دەکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە مردن ڕزگاریان بێت. ( Crystal, 2003A:16). واتە لە ماوەی ١٥ ساڵ ٤٧ زمان لەناوچوون.

لەم ئامارانە ئەوە نیشان دەدا کە ڕەوشی لەناوچوونی زمانەکان لە چ ئاستێکدایە، هەتا چ ڕادەیەک زمانە باڵادەستەکان و گەورەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندایە، لەبەرامبەر ئەوەش زمانە بچووکەکان، ژمارەیان لە کەمبوونەوەیە و مەترسی مردنیان لەسەرە.

---

[5] – ئینوکتیتوت یان ئینیوت زمانی ئەسکیمۆکانی کەنەدا و ئەلاسکا و گرینلاندە، نزیک بە ٦٥ هەزار قسەکەری هەیە. دیالێکتی گرینلاندی ئەم زمانە  کە بە گریلاندیک ناسراوە لەپاڵ زمانی دانمارکی زمانێکی ڕەسمیی ئەو جەزیرەیە و لە بواری پەروەردە و ئیدارە و میدیا و چاپەمەنیش بەکار دێت. لە کەنەداش  هەر لە سەدەی هەژدەمەوە نووسین بەو زمانە دەستی پێکردووە زیاتریش بۆ نووسراوی دینی بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا لە کەنەدا بۆ ڕۆژنامە و کتێبی قوتابخانە بەکار دێت. لە گرینلاند و ئەلاسکا و کەنەدا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێنن، لە سیبیریا ئەلفوبێی کیرلیک، بەڵام لە کەنەدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم شێوازێکی نووسین لەسەر هەمان خەتی کری، کە ئەلفوبێیەکی تایبەتە، بۆ دیالێکتی ئینکتیتوتی ناوچەی کیوبیک لە کەنەدا دادەهێنرێت. ئەم زمانە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی فراوان لەم وڵاتانە بە دیالێکتی جیاواز  و ئەلفوبێی جیاواز بەکار دێت. (Dalby, 1998:276-277).

[6] – کری یەکێکە لە زمانە ئەسڵییەکانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا، نزیک بە ٧٠ هەزار قسەکەری هەیە و لە ڕۆژئاوای کەنەدا نیشتەجێن. لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بە گەورەترین زمانی کەمینە دانیشتوانی ئەسڵی کەنەدا دادەنرێن. لە ساڵی ١٨٤٠ لەلایەن مسیۆنێر جێمس ئیڤان جۆرە شێوازێکی نووسینی بۆ دادەنرێت.  ئێستا لە کەنەدا ڕۆژنامەیەک بە  زمانی کری دەردەچێت. (Dalby, 1998:139)

[7] –  ئۆجیبوا یەکێکە لە زمانە ئەسڵییەکانی  هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا، نزیک بە ٨٠ هەزار قسەکەری هەیە و لە کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشتەجێن. لە ساڵی ١٨٤٠ شێوازێکی نووسینی وەک زمانی کری لەلایەن مسیۆنێر جێمس ئیڤان بۆ دادەهێنرێت و بۆ نووسین بەکار دێت. (Dalby, 1998:470)

ئەم ئامارانە ئەوەش نیشان دەدەن کە ڕێژەی مردنی زمانەکان زۆر بە خێرایی دەچێتە پێش.

لە بەراوردێکی مردنی زمانەکان و لەناوچوونی گیاندار و ڕووەک، ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی مردنی زمانەکان زۆر خێراترە لە ڕێژەی لەناوچوونی هەندێک جۆری گیاندار و ڕووەک. ڕێژەی لەناوچوونی باڵندە (١١%) یە، گیاندارە شیردەرەکان (١٨%)، ماسی (٥%)، ڕووەک (٨%)، بەڵام ڕێژەی لە ناوچوونی زمان(٤٠%)ە. (Harrison, 2007: 7)

بەم پێیە زمانەکان بە تایبەت ئەوانەی کە بە ژمارە زۆر کەمن، بە خێرایی هەڵدەوەرێن و بەرەو مردن دەڕۆن، هەر بۆیە ئەم دیاردەیە بۆتە جێگەی سەرنجدان و توێژینەوە لەبارەیان. بە پێی پێداچوونەوەیەکی سەرانسەری سەبارەت بە ژمارەی ئەو زمانانەی کە ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە لە پاشەڕۆژ، مایکل کراوس، شارەزای بواری مردنی زمانەکان، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە و دەڵێ:

" من ئەو لێکدانەوەیە بە ماقوڵ دەزانم کە تا سەدەی داهاتوو لە 90% زمانەکانی مرۆڤایەتی بەرەو مردن دەچن" (Crystal, 2003A:18)

شارەزایان پێیان وایە لەم ژمارە زۆرەی زمانەکان تەنها 600 زمانێک بە سەلامەتی دەمێنێتەوە، ئەوانی دی مەترسی مردنیان لەسەرە. بۆیە بە گوێرەی شرۆڤەکردنی ڕەوشی زمانەکان و خەمڵاندنی مانەوەیان لە پاشەڕۆژ، شارەزایان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە هەر دوو هەفتە جارێک زمانێک لەناودەچێت.

## ئاستەکانی مەترسیی مردنی زمان

بێگومان هەموو زمانێک لە یەک ئاستدا ڕووبەڕووی مردن نابێتەوە، وەک لە پێشدا باسی لێوە کرا هەندێک لەو زمانانەی کە بە ژمارە زۆر کەمن زۆر بە خێرایی لەناودەچن، بەڵام زمانی دی هەیە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕەنگە بتوانێ بۆ تەمەنێکی

درێژتر، درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. ئینسیکلۆپیدیای زمانە مەترسی لەسەرەکان، ئاستەکانی مەترسی لە ناوچوونی زمانەکان بەم شێوەیە دیاری دەکات:

**بۆی هەیە لە مەترسی دابێت:** ئەو زمانەیە کە ئیعتیباری لە وڵاتەکەی خۆی کەمە، لە ڕووی ئابورییەوە بێبەش بووە، لە فەزای گشتی لە ژێر گوشاری زمانی دیکەی باڵادەستە، لەلایەن تاکەکانەوە بە شێوەی پچڕپچڕ بەکار دێت، لە بواری خوێندن و پەروەردەش بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەکار نایەت.

**مەترسی لەسەرە:** ئەو زمانەیە کە قسەپێکەرە زۆر باشەکەی گەنجێکی لە تەمەنە، زمانەکە لە شوێنی ژیانی خۆی و بە تایبەت لە قوتابخانە بە شێوەیەکی نارێک بۆ منداڵان دەگوێزرێتەوە.

**زۆر لە مەترسی دایە:** ئەو زمانەیە کە قسەپێکەرە زۆر باشەکەی لە تەمەن دایە و لە پەنجا ساڵ زیاترە، زمانەکەی دوای چەند نەوەیەک ئیعتیبار و بەهای کۆمەڵایەتی خۆی لە دەست دەدات.

**بە ڕێوەیە بۆ مردن:** ئەو زمانەیە کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە گروپێکی ئەتنیکی قسەی پێ دەکەن و زۆربەشیان بە تەمەن گەورەن.

**لەناوچووە یان مردووە:** ئەو زمانەیە کە هیچ کەسێک نەماوە قسەی پێ بکا. (Moseley, 2007:XI)

ئەو زمانانەی کە لەدەرەوەی ئەم دۆخانە دان، بە زمانی بێمەترسی دادەنرێن، واتە زمانی زیندوون و مانەوەیان مسۆگەرە، چونکە بە ژمارەیەکی زۆر خەڵک قسەی پێ دەکەن، هەروەها پشتگیرییەکی سیاسی و ئابوریان هەیە، وەک پێویست لە بواری خوێندن و پەروەردە و مێدیاش بەکار دێن، بۆیە لە پاشەڕۆژ دەتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.

### هۆیەکانی مردنی زمانەکان

زمان هەر لە خۆیەوە نامرێت، هەروەها زمان وەک بوونەوەرێکی زیندووش نییە تەمەنێک لە ژیان بەسەر ببات و بمرێت. کۆمەڵێک هۆی سەرەکی دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ لەناوچوونی زمان. زمان ئەو کاتە مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێ کاتێک بە زمانێکی باڵا دەست و بەهێز دەورە دەدرێ و گوشار بۆ سەر زمانەکە دێنێ، بەرەبەرە بنکۆڵی دەکات و جێگەی پێ لەق دەکات، تا لە کۆتاییدا زمانەکە بە ڕادەیەک بێهێز و بچووک دەبێتەوە، چیدی توانای بەرگری نامێنێ بۆ بەرژەوەندی زمانە گەورە و باڵادەستەکە، بە یەکجاری دەستبەرداری زمانەکەی خۆی دەبێ.

ئەم پرۆسەیە ئەو کاتە دەست پێ دەکا کە ئاخێوەرانی زمانە بچووکەکە دەبن بە دوو زمان bilingual، بە زمانەکەی خۆیان قسە دەکەن لەگەڵ زمانە باڵا دەستەکە، دواتر نەوەی نوێی زمانە بچووکەکە واز لە زمانەکەی خۆی دێنێ، چونکە زمانەکەی لە ڕووی سیاسی و ئابوری و پەروەردەییەوە هیچ ئیعتیبارێکی نییە. نمونەی ئەم جۆرە زمانانە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی مەترسی مەرگ بوونەوە، زمانگەلێکن لەو کۆمەڵگایانەی کە زمانەکانیان هیچ بایەخێکی بۆ خوێندن نییە و تەنها بۆ ئاخاوتنە، تا ئێستاش وەک پێویست کۆ نەکراونەوە و نە نووسراونەتەوە. وەک هەندێک لە زمانەکانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا و زمانە بچووکەکانی ئەفەریقا و ئاسیا و ئوستراليا. هەندێک جاریش لەبەر هۆکاری سیاسی، زمانەکان هەوڵی ڕیشەکێشکردن و نەهێشتنیان دەدرێ و ئاخێوەرانی ناچار دەکرێن زمانە باڵادەستەکە قبوڵ بکەن، وەک زمانی کوردی لە باکووری کوردستان. بۆیە مردنی زمانەکان گەلێک هۆکار و پاڵنەری هەمەجۆری هەیە، هەلومەرجی لەناوچوونەکەشیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە. هۆیەکان دەکرێ بۆ چوار خاڵی سەرەکی دابەش بکرێن: (Sallabank, 2010: 56-57)

1ـ کارەساتی سروشتی، وەک برسیەتی، نەخۆشی، بومەلەرزە، لافاو و تۆفان، کە تیایدا خەڵک بە ژمارەی زۆر دەمرن یان دوچاری کۆچکردن دەبنەوە، زمانەکەشیان پەرتەوازە دەبێت و دەمرێت.
2ـ شەڕ و کۆمەڵکوژی، وەک تاسمانیا Tasmania[8] ( کە خەڵکەکەی لەلایەن کۆلۆنیستەکانەوە بە کۆمەڵ کوژران)، خەڵکی ئەسڵی دانیشتوانی بەرازیل ( کێشە و ململانێی لەسەر خاک و دەرامەت و سەرچاوەکان)، ئەلسلفادۆر ( شەڕی ناوخۆ).
3ـ سەرکوتکردن و چەوسانەوەی خەڵک و زمانەکەیان لەپێناو یەکێتیی نیشتیمانی: ( ڕاگوێزانی بە زۆرەملێ) وەک زمانی کوردی لە تورکیا و وێڵزی لە بەریتانیا و زمانی خەڵکی ئەسڵی ئەمەریکا.
4ـ زاڵبوونی کولتووری و سیاسی و ئابوری، وەک زمانانی ئاینو[9] Ainu، مانکس Manx، سۆربیان[10] Sorbian، کوێچوا[11] Quechua و زۆری دی.

---

[8] – تاسمانیا جەزیرەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قارەی ئوستراليا، لەکاتی گەیشتنی کۆلۆنیالی بەریتانی لە ساڵی ١٨٠٣، دانیشتوانە ئەسڵییەکەی ئەم جەزیرەیە ژمارەیان نزیک بە ١٠ هەزار کەس بوو. بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کۆلۆنییەکان و شەڕ و کوشتنیان و ڕیشەکێشکردنیان لە ساڵی ١٨٣٣ ژمارەیان بوو بە ٣٠٠ کەس، دواتر هەموویان بۆ جەزیرەیەکی دی گوێزرانەوە، زمانەکەشیان لە ناوچوو.

[9] – ئاینو زمانی دووەمی دانیشتوانی ئەسڵی ژاپۆنە، سەردەمێک لە باکووری جەزیرەی هۆکایدۆ و سەخالین نیشتەجێ بوون، ئەمرۆ بە شێوەیەکی عەمەلی ئاخێوەری نەماوە و چۆتە ڕیزی زمانە مردووەکان. ئەم زمانە ئەدەبی نووسراوی نەبووە، بەڵام ئەدەبی زارەکی هەبووە و کۆکراوەتەوە. (Dalby, 1998:288)

[10] – سۆربیان زمانێکی سلاڤی باکووری ڕۆژئاوایە و ١٠٠ هەزار ئاخێوەری هەیە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێن. لەسەردەمی نازییەکان ئەم زمانە بە ڕەسمی قەدەغە بوو، بەڵام دواتر لەسەردەمی کۆمۆنیستەکان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە ڕەسمی ناسرا، ئێستاش لە قوتابخانە لە ئەڵمانیا دەخوێندرێ. (Dalby, 1998:575).

[11] – کوێچوا یەکێکە لە زمانە هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا، نزیک بە ٩ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، و لە نێو چیایەکانی ئەندیز لە ڕۆژئاوای ئەمەریکای باشوور لە بۆلیڤیا و پیرو و ئیکوادۆر و ئەرجەنتین و کۆلۆمبیا نیشتەجێن. کوێچوا زمانێکی باڵا دەستی ئیمپراتۆریەتی ئینکا بوو، کە دوای

خاڵی چوارەم کە لە هەمووان گرنگترە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی زمان و ژمارەی ئاخێوەرانی. دەکری بۆ پێنج خاڵی دی دابەش بکرێ:

1- ئابوری، وەک بڵاوبوونەوەی برسیەتی و هەژاری لە ناوچە گوندنشینەکان و ناچاربوونیان بە کۆچکردن بۆ شارەکان، کە بەمەش ئاخێوەرانی پەرتەوازە دەبن و زمانەکەشیان ون دەبێت.

2- باڵادەستی کولتووری لەلایەن زۆرینەی دانیشتوان، وەک خوێندن و پەروەردە بە زمانی نەتەوەی سەردەستە و زمانی نەتەوە بچووکەکانیش تەنها بۆ قسەکردن و فۆلکلۆرە.

3- سیاسی، وەک سیاسەتی پەروەردە کە زمانە مەحەلییەکان پشتگوێ دەخات و یانیش زمانی کەمینەکان لە ژیانی گشتی قەدەغە دەکات.

4- مێژوویی، وەک بەکۆلۆنیکردن و کێشەی سنووری و زاڵبوونی زمانێک و فەرامۆشکردنی زمانەکانی دی.

5- هەڵوێستوەرگرتن: وەک تێڕوانینی زمانی کەمینەکان بە نەخوێندەواری و برسیەتی و قاتوقڕی، بەڵام زمانی سەردەست بە زمانی پێشکەوتن و شارستانیەت.

ئەم هۆیانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەلومەرجێک دەڕەخسێنن کە زمانی بە ژمارە کەم یان زمانی کەمینە نەتەوەکان بکەونە بەر شاڵاوی لەناوچوون و بنبڕکردن، بە تێپەڕبوونی کاتیش زمانە باڵادەستەکە کە زمانی بە ئیعتیبار و ڕەسمی وڵاتە، جێگەی زمانی کەمینەکان دەگرێتەوە.

---

هاتنی ئیسپانییەکان لە سەدەی شازدەم بۆ ئەمەریکای باشوور، ئەم ئیمپراتۆریەتە لەناودەچێت. ئەم زمانە ئەمڕۆ هەرچەندە ئاخێوەری زۆرە، بەڵام بەهۆی باڵادەستی زمانی ئیسپانی لەم وڵاتانە کەمتر لە چاپەمەنی و مێدیا بەکار دێت. (Dalby, 1998:505)

## بۆچی گرنگە زمانەکان لە مردن بپارێزرێن ؟

هەر زمانێک پێناسەی کولتوورێکە و ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و دەوروبەر. لەناوچوون و مردنی زمانەکان، لەناوچوون و بزربوونی فکر و بۆچوونە جیاوازەکانە، لەناوچوونی شێوازە جیاوازەکانی دەرککردنی جیهان و مەعریفەیە، لەناوچوونی شێوازی ئاخاوتن و ئەزمونەکانی مرۆڤایەتییە لە جیهان.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانە، پێرستێکی کولتووریی ئەو کۆمەڵگەیە کە لە حاڵی حازر ئەو زمانە بەکاردێنێ. هەر ڕووداوێک لە ڕابردوو و ئێستا لە ژیانی کۆمەڵگە، تەئسیری بۆ سەر زمانەکە دەبێت، لە نێو زمانەکە ڕەنگ دەداتەوە و لە بیرەوەری خۆی دەیپارێزێ، کەواتە زمان هۆیەکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی، هەربۆیە زمان ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستن و بەردەوامی مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیە. کەواتە زمان ئەمبارێکە مێژووی کۆمەڵایەتی – کولتووری ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا کۆبۆتەوە. زمان ڕۆژمێری پێشینانی ئاخێوەرانیەتی، هەڵگری ژیننامەی نەتەوەکانە، ئاوێنەی شارستانیەتە، هەر بۆیە ئێمە لە ڕێگەی زمانەوە میراتگری هەموو سەردەمەکانی پێش خۆمانین. (Hertzler,1965:106-107) بەم پێیە، کاتێک زمانێک دەمرێ، دەستکەوتی کولتووری - زمانی ئەو کۆمەڵگەیەش بۆ یەکجاری دەوەستێت.

زۆر لەو زمانانەی کە مەترسی مردنیان لەسەرە کولتوورێکی زارەکی دەوڵەمەندیان لە چیرۆک و پەند و قسەی نەستەق و گۆرانی و مێژووی زارەکی هەیە، کە دەماودەم گوێزراونەتەوە بۆ نەوەی دوای خۆیان، بەڵام تا ئێستا تۆمار نەکراون. بە لەناوچوونی ئەو زمانانە، گشت ئەم کولتووەر زارەکییانەش لە ناودەچێت.

زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ژینگە و دەوروبەری خۆمان. بەشێکی زۆری زانیاری مرۆڤەکان لە بارەی سروشتەوە لە نێو زمانە زارەکییەکانە. دانیشتوانە مەحەلییەکانی ئەو ناوچە سروشتییانە کە لەماوەی هەزاران ساڵ بە قووڵی تێکەڵ بە نهێنییەکانی ئەو ژینگەیە بوون، زۆر زانیاری گرنگ لەبارەی ڕووەک و ئاژەڵ و زیندەوەرزانی و سیستەمی ژینگەیی ناوچەکەی خۆیان، کە لە زمانە مەحەلییەکانە و تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی تۆمار نەکراون، لەگەڵ مردنی ئەو زمانانە، ئەو زانیارییە گرنگانەش لەبارەی سروشت و ژینگەوە لە بەین دەچن. هەر بۆیە پاراستنی زمانەکان لە مردن، پاراستنی هەمەچەشنیی تێڕوانینە بۆ جیهان و سروشت، پاراستنی ئەو زانیارییە گرنگانەیە کە ئەزمونی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە.

شارەزایانی بواری زمان و هەمەچەشنیی ژینگەیی و کولتووری وای بۆ دەچن کە سەرکەوتن و بەردەوامیی مرۆڤ لە سەر زەوی، قەرزاری ئەو توانایەیە کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەرەپێدان و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی جیاواز و کولتووری جیاواز، بۆیە لەم ڕووەوە، ڕاهێنان و سازان لەگەڵ زمان و کولتوور و ژینگە جیاوازەکان، ئاستی ئەم توانایەی مرۆڤ بەرەو پێش دەبات و سەرکەوتنی لەسەر زەوی مسۆگەرتر دەکات. (Skutnabb-Kangas, 2002:14) کەواتە هەروەک چۆن هەمەچەشنیی ژینگەیی و زیندەورزانی بۆ مرۆڤایەتی زۆر گرنگە، هەمەچەشنی کولتووری و زمانیش هەمان گرنگی بۆ مرۆڤ هەیە.

زمان ناسنامەی ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵگەیە. پەندێکی وێڵزی هەیە دەڵێ " نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەیەکە بێ دڵ"(Crystal,2006A:36) چونکە ئەو نەتەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە تەعبیر لە خۆی دەکا، بە تایبەت لە بواری ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و.. هتد. زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ هەموو چالاکییە کولتوورییەکانی ئەو نەتەوەیە، هەر بۆیە زمان پێکهێنەرێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیە.

زماننـاس کێن هـال Ken Hale کـە بـە درێژای ژیانـی هـەتا مردنـی لـە ساڵی ٢٠٠١ لـە بـواری لـەناوچوونـی زمانـەکان کاری کردووە، بـە شێوەیەکی وردتر تیشک دەخاتە سەر ئەم کێشەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: " کاتێک زمانێک لەناودەچێت، کولتوورێک و گەنجینەیەکی مەعریفە و کارێکی هونەری لەناودەچێت، ئەم لەناوچوونە وەک بەردانەوەی بۆمبێکە بەسەر مۆزەی لۆڤەر" (Harrison, 2007:7)

جیهان مۆزائیکێکی بیر و بۆچوونە جیاوازەکانە، لە ناوچوون و لەدەستدانی پارچەیەک لەم مۆزائیکە، لەدەستدانێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، چونکە ئێمە دەتوانین بە بوونی بیرورا جیاوازەکان و ئەزموونەکان لەگەڵ یەک سوودمەند بین. (Crystal, 2006B:339)

کەواتە زمان پێکهێنەرێکی گرنگی ژیانی کولتووریی گەلان و نەتەوەکانە، لە دەستدان و مردنی زمان، زەرەر و زیانێکی گەورەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەبێ هەموو مرۆڤایەتی هەوڵی ڕزگارکردنی زمانەکان بدات.

## ڕەوشی زمانی کوردی لە سەدەی مردنی زمانەکان

هیچ گومان لەوەدا نییە کە داگیرکەرانی کوردستان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، دوای دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوە لەم وڵاتانە لەسەر بنچینەی یەک نەتەوەی باڵادەست، کە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکن، هەمیشە هەوڵی شێواندن و تواندنەوەی ناسنامەی کوردیان داوە. بۆ ئەم مەبەستەش، هەوڵەکانی خۆیان زیاتر لە سەر کوشتنی زمانی کوردی چڕ کردۆتەوە. چونکە لەوە ئاگادار بوون کە زمان ڕۆحی نەتەوەیە، بە کوشتنی زمانەکە، نەتەوەکەش بەرەو مردن دەچێت.

پیادەکردنی سیاسەتی زمانکوژی Linguicide لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە ئامانجی سیاسی و ئابوری و کولتووری بووە، بۆ ئەوەی لە

ڕێگەی کوشتنی زمانەوە، بوونی نەتەوەی کورد بسڕنەوە تا دەوڵەتە نەتەوەییەکانیان بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە.

لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە شێوازی جیاواز زمانی کوردی قەدەغە کراوە و لە ڕووی سیاسییەوەش دژایەتی کراوە، لە ڕووی ئابوری و کولتووریەوەش پەراوێز خراوە. باشترین نمونەی ئەم زمانکوژییە لە کوردستانی باکوور بووە، کاتێک کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ١٩٠٨ و دواتریش کەمالیستەکان لە ساڵی ١٩٢٣ لە تورکیا دێنە سەر کار، هەر لەسەرەتاوە زۆر بە توندی هەوڵی ڕیشەکێشکردنی زمانی کوردی دەدەن، لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کولتووری و پەروەردەیی قەدەغە دەکرێت، هەموو حکومەتەکانی دواتری تورکیاش لەسەر هەمان بەرنامە ڕۆیشتوون. هەتاوەکو ئەمڕۆش زمانی کوردی بە ڕەسمی لە دەستوور و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە دانی پێدا نەنراوە.

لەناوبردنی زمانی کوردی لە تورکیا بە میتۆدی جیاواز هەوڵی بۆ دراوە، هەر بە قەدەغەکردن لە نووسین و چاپەمەنی نەوەستاوە، بەڵکو بە شێوازی دیکەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و کوشتنی بە کۆمەڵ و ڕاگوێزانی زۆرەملێ ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی کوردزمانەکان لەگەڵ تورکزمانەکان تێکەڵ بن و زمانەکەشیان لەبەین بچێت.

لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیتحاد و تەرەقی و تورکە لاوەکان لە تورکیا، ٧٠٠ هەزار کورد لە کوردستانەوە ڕاگوێزراون بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، بە شێوەیەک پەرتەوازەیان کردوون، بۆ هەر ١٠ کورد ١٠٠ تورک هەبێ، بۆ ئەوەی کوردەکان ناچار بن بە تورکی قسە بکەن و جیلی داهاتووشیان ببن بە تورک. (Bedrkhan, 1995:32-33). هەمان پلانی توانەوە و ڕاگوێزانیان لە دژی نەتەوەی ئەرمەنی و عەرەب و یۆنانیش جێبەجێ کردووە.

تەنانەت قسەکردن بە کوردیش قەدەغە بووە و سزای لەسەر بووە. قێزەونترین نمونەی کوشتنی زمانی کوردی لە تورکیا، ئەوەبوو کە لە

سییەکانی سەدەی بیستەم بەرپرسانی تورک لە شارەکان سزای هەرکەسێکیان دەدا ئەگەر بە کوردی قسەی بکرد بوایە، بۆ هەر وشەیەک سزاکەی پێنج قرش بوو( لەو سەردەمە نرخی مەڕێک تەنها ٥٠ قرش بووە). ئەو جووتیارانەی کە لە گوندەوە دەهاتن بۆ شار، بۆ فرۆشتنی بەروبومەکانیان، زمانی تورکییان نەدەزانی، دەبوایە بۆ هەر وشەیەکی کوردی ئەو بڕە پارەیە بدەن. جووتیارەکان، ئەوەی لە فرۆشتنی بەروبومەکانیان بە دەستیان دەهێنا، دەبوایە بیدەن بە سزای ئاخاوتنیان بە زمانی کوردی. (Kendal, 1980:83)

ئەم قەدەغەکردنەی زمانی کوردی لە باکوور بە ڕادەیەک تەئسیری لەسەر دانیشتوانەکە بە جێ هێشتووە، ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لەماوەی سەدەی ڕابردوو، زۆر بە خێرایی دابەزیوە، وەک ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ، لە زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستانی باکوور بە کوردی قسە ناکرێ، تەنها لە گوندەکان نەبێ. ئەم بارودۆخە زمانییە نیشان دەدا زمانی کوردی لەو بەشە، لە حاڵەتی ئاستی یەکەمی لەناوچوونی زمانە واتە بۆی هەیە لە مەترسی دابێت بەرەو مردن کە ئەمەیە:

* "بۆی هەیە لە مەترسیدا بێت: ئەو زمانەیە کە ئیعتیباری لە وڵاتەکەی خۆی کەمە، لە ڕووی ئابورییەوە بێبەش بووە، لە فەزای گشتی لە ژێر گوشاری زمانی دیکەی باڵادەستە، لەلایەن تاکەکانەوە بە شێوەی پچڕپچڕ بەکار دێت، هەروەها لە بواری خوێندن و پەروەردە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەکار نایەت ".

ئەم حاڵەتە زمانییە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ، زمانەکە بەرەو لە ناوچوون دەچێت. هەڵبەت ئەگەر هەوڵی جددی نەدرێ بۆ ڕزگارکردنی، زمانی کوردی لە باکوور مەترسی لەناوچوونی لەسەرە.

لە کوردستانی باشوور بارودۆخی زمانی کوردی تەواو جیاوازە، لە بیستەکانی سەدەی بیستەم کە بە عێراقەوە لکێندرا، لەم بەشەی

کوردستان، زمانی کوردی هەر لە سەرەتاوە  بە ڕەسمی ناسراوە. لە ساڵی ۱۹۲۷ ەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی چەند شارێکی باشووری کوردستان وەک هەولێر و سلێمانی بە کوردی خوێندراوە، لەبواری چاپەمەنیش هەتا ڕادەیەک بەکار هاتووە، بەڵام هەمیشە لەلایەن حکومەتە عێراقییەکان هەوڵی قەدەغەکردن و ڕیشەکێشکردنی دراوە. قێزەونترین هەوڵی کوشتنی زمانی کوردی لەو کاتە بووە کە ڕژێمی بەعس لە ساڵی ۱۹۸۹، دوای کیمیاباران و ئەنفالەکان، لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی سەرکرادیەتی لقی هەولێری حزبی بەعس، داوا دەکا لیژنەیەک پێک بهێنرێت، بۆ ئەوەی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی خوێندنی کوردی نەمێنێت، لە گشت قوتابخانەکان خوێندن بکرێ بە عەرەبی، هەروەک چۆن لە حەفتاکان لە بادینان خوێندن لە کوردییەوە بوو بە عەرەبی. بە پێی پلانێک داوا دەکا لە خوێندنی ساڵی ۱۹۸۹ / ۱۹۹۰ بە ڕێژەی لە ۷۰% بە عەرەبیکردنی قوتابخانەکان جێبەجێبکرێ و بۆ ساڵی خوێندنی ۱۹۹۰/ ۱۹۹۱ بە ڕێژەی ۱۰۰%. بەڵگەنامەکە تەئکید دەکاتەوە: ئەم لەناوبردنەی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ئەوەیە تا چیدی ڕەگەزپەرستی و شۆفینی کوردی لە ناوچەکە سەرهەڵنەداتەوە، هەروەک چۆن عەمەلیاتی ئەنفالەکان کۆتایی بە بزووتنەوەی جوداخوازە کۆنەپەرستەکان هێنا. (جامباز، ۲۰۰۸: ۳۹)

وەک دیارە حکومەتی عێراق لە هەوڵ و تەقەلای بۆ ڕیشەکێشکرنی زمانی کوردی بە ئامانجەکانی نەگەیشت، ئەوەبوو دواتر ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ ی بەسەردا هات و زمانی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند و بوژایەوە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ۲۰۰۳، دوای ئەوەی لە دەستووری نوێی عێراقی، زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسرا، و ڕێگەی پێدرا وەک زمانی دووەم لە عێراق لە هەموو بوارێک بەکار بێت. ئەم بە ڕەسمی ناسینە، دەستکەوتێکی گەورە بوو کە هەرگیز لە پێشدا لە هیچ

پارچەیەکی کوردستان بەم شێوەیە زمانی کوردی بە ڕەسمی ئازادی بەکارهێنانی بۆ نەڕەخساوە.

ئەمڕۆ زمانی کوردی لە باشوور لە بوژانەوەیەکی زۆر گەورەدایە، ئەوەی زەمینەی ئەم پێشکەوتنەی لە هەرێمی کوردستان خۆش کردووە: پشتگیریی سیاسی و ئابوریی دەسەڵاتی کوردییە بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی ئەو زمانە، بێگومان هەر زمانێک ئەم دوو پاڵنەرەی لە پشت بێت، پێش دەکەوێت. زمانی کوردی لە باکوور کە پەراوێز خراوە هەر بۆ نەبوونی ئەم دوو هۆکار و پاڵنەرانە دەگەڕێتەوە.

بوژانەوەی زمانی کوردی لە باشوور بە ڕادەیەکە بە هیچ شێوەیەک مەترسی لەناوچوونی لێ ناکرێ، بەڵام وەک دیارە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفتی زمانەوانی - کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو بۆتەوە. کە گرنگترینیان دوو لەتبوونی ئەم زمانەیە بۆ جووتستانداردی، کە لە بادینان بە بن لەهجەی بادینی دەخوێندرێ و لە ناوچەکانی دیکەی هەرێم بە لەهجەی بە ستانداردبووی کرمانجی ناوەڕاست دەخوێندرێ. بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشە زمانییە، سەرەڕای ئەوەی کە زمانەکە بێهێز دەکات، مەترسی دابەشبوونی زمانەکەشی لێ دەکرێ بۆ دوو زمان.

باشووری کوردستان تەنها شوێنێکە کە زمانی کوردی تیایدا بە ڕەسمی ناسراوە، و زەمینەی پێشکەوتنی بۆ ڕەخساوە، بۆیە ئەو دەرفەتەی لەم بەشەی کوردستان هاتۆتە پێش، پێویستە بۆ پێشخستن و یەکگرتنی زمانی کوردی بخرێتە گەڕ نەک پارچەکردنی.

لەلایەکی دیکەوە، زۆربوونی ژمارەی قوتابخانە ئەهلییەکان Private School لە هەرێمی کوردستان کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، و زمانی کوردی لەم قوتابخانانە زۆر بە خراپی پەراوێز خراوە. لە ڕووی زمانناسی کۆمەڵایەتییەوە، زۆربوونی ئەو قوتابخانانە بەم ژمارە زۆرە و بەم پرۆگرامە خوێندنە، لە پاشەڕۆژ ئەنجامی مەترسیداری بۆ سەر زمانەکە دەبێ، چونکە منداڵی کورد لەم قوتابخانانە بە شێوەیەکی

بنچینەیی لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش کراون. گۆشکردن و پەروەردەکردنی جیلێکی کورد کە ئینگلیزی سەرچاوەی بیرکردنەوەی بێ، لە پاشەڕۆژ کۆمەڵێک کێشەی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری لەگەڵ خۆی دێنێ. هەروەک لە سەرەوە، لە بایەخ و گرنگی زمان باسی لێوە کرا، کە زمان چەندە ئامرازێکی گرنگە بۆ ئاخێوەرانی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە قسەی پێ دەکا. لەم قوتابخانانە، جیلێکی کورد پەروەردە دەکرێ بە ئینگلیزی بیر دەکاتەوە و بە ئینگلیزی داهێنان دەکا و بە ئینگلیزیش دەنووسێ، واتە ئینگلیزی دەبێ بە زمانی یەکەمی و زمانی کوردیش تەنها زمانی شیعر و ئەدەب و فۆلکلۆر، واتە بە فۆلکلۆریکردنی زمانی کوردی. هەڵبەت لە پاشەڕۆژ ئەو جیلە، کە بەردەوام ژمارەیان لە زیاد بووندایە و بە زمانێکی نیشتیمانی و نەتەوەییش پەروەردە نابن، تەئسیرێکی سەلبی بۆ سەر ناسنامەی نیشتیمانی دروست دەکەن. وەک ئاشکرایە، ئەمڕۆ لە جیهان، زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی دەورێکی زۆر گەورە و کوشندە دەگێڕێ بۆ کەمکردنەوەی دەسەلات و توانای زمانەکانی دی،( Crystal, 2003:14)، بە تایبەت بۆ زمانێکی وەک کوردی، کە تازە لە قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنی دایە، ئەگەر بە هۆشیاری و بە پلانێکی ورد و زانستی مامەڵە لەگەڵ ئەم قوتابخانانە نەکرێ، بوونی دەسەلاتی زمانی ئینگلیزی بەم شێوە فراوان و کاریگەرە لە باشوور، تەئسیرێکی مەترسیداری بۆ سەر پاشەڕۆژی زمانی کوردی دەبێ.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، بە شێوازی جیاواز هەوڵی تواندنەوە و کوشتنی زمانی کوردی دراوە. لە یەکەم دەستووری ئێران لە ساڵی ١٩٠٦ زمانی فارسی بە تەنها زمانی ڕەسمی هەموو ئێران دەناسرێت، هەموو زمانەکانی دیکەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران نکووڵی لە ناسنامەی زمانییان کراوە. دواتر لە ئێران لە زەمانی ڕەزا شا پەهلەوی، زۆر بە توندی هەوڵی بنبڕکردنی زمانە غەیرە

فارسییەکان دراوە. لە ساڵی ۱۹۲۳ حکومەتی ئێران بەیانێکی ڕەسمی بۆ قوتابخانەکان دەنێرێت، داوا دەکات لە قوتابخانەکان بە غەیری زمانی فارسی نابێ بە هیچ زمانێکی دی قسە بکرێ، تەنانەت لە ئیدارەکانی دەوڵەتیش بەکارهێنانی هەر زمانێکی دی بە غەیری فارسی قەدەغە بووە، هەندێک جار گەیشتۆتە ڕادەی قەدەغەکردنی لە سەر شەقەمەکانیش(Hassanpour, 1992:125-127) لە ئێران، ئەگەر دواتر ڕێگەش درا بێت، زمانی کوردی بە لەهجەی جیاواز لە بواری مێدیا وەک ڕادیۆ بەکار بێت، ئەمەش زیاتر بە ئامانجی سیاسی بووە، پڕوپاگەندەیەک بوو بۆ ڕژێمی شا، لە سەرێکی دیکەوە دەیویست نیشان بدا کە زمانی کوردی بەم هەموو لەهجەیەوە، زمانێکی سەربەخۆ نییە و هیچ رەسەنایەتییەکی نییە و تەنها چەند لەهجەیەکی زمانی فارسین.(Ghassemlou,1980:111) ڕژێمی شا، لە برەودانی بە لەهجە کوردییەکان بۆ ڕادیۆ، دیارە لەمەش ئامانجی پارچەکردنی زمانەکە و پەرتەوازەکردنی کورد بووە. دەسەڵاتی ئێران هەرگیز نەیویستوە ئیعتیراف بە بوونی زمانی کوردی بکا وەک زمانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

لە سووریاش هەروەک ئێران، زمانی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان قەدەغە بووە، بەڵام بۆ ئاخاوتن ڕێگەی پێدراوە. لە ساڵی ۱۹٤٦ دوای کێشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە سووریا، وڵاتەکە سەربەخۆ دەبێ و لەلایەن نەتەوەپەرستە عەرەبییە بۆرژوازییەکانەوە حوکمڕانی دەکرێ. سووریاش وەک هەموو دەوڵەت – نەتەوەکانی دیکەی عەرەبی و ناوچەکە، مافی نەتەوەیی و زمانی هەموو نەتەوەکانی دیکەی غەیری عەرەب نکوولی دەکا. لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی سووریا: قامیشلی و عامودە و عەفرین زمانی خوێندن لە قوتابخانەکان تەنها عەرەبی بوو.

(Nazdar,1980:215) ئەمە هەرچەندە جاروبار ڕێگە دراوە چەند کتێبێک بە کوردی دەربچێ، بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام نەبووە، لە هەندێک کات ئەویش بە توندی قەدەغە کراوە. ئەمە سەرەڕای دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی لەسەر سنوورەکان، لەسەردەمی حوکمڕانی بەعسییەکان، و ڕاگوێزانی کورد لە نیشتمانی خۆیان و جێنشینکردنی عەرەب لە ناوچەکانیان.

بەم شێوەیە، لە ماوەی سەدەی ڕابردوو لە تورکیا و ئێران و سووریا، زۆر بە توندی هەوڵی کوشتنی زمانی کوردی دراوە و هیچ پلەوپایەکی سیاسی و ئیداری و پەروەردەیی و زانکۆیی نەبووە و نییە، زمانێکە تەنها بۆ ئاخاوتنە، یانیش هەندێک جار ڕێگە دراوە بە شێوەیەکی سنووردار لە بواری ڕۆژنامەگەری بەکار بێ، لە ئاخاوتنیش بە ڕادەیەکی زۆر لە ژێر گوشاری زمانە ڕەسمییە باڵادەستەکانی نەتەوەی سەردەستە. بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشەش بۆ ماوەیەکی درێژ تەئسیری سەلبی بۆ سەر زمانەکە دەبێ، زمانی کوردی بەرەبەرە ڕوو لە کزی دەکات و دەکەوێتە بەر مەترسی لە ناوچوون.

بەم پێیە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، تەنها لە باشووری کوردستان زمانی کوردی بوژانەوەیەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، دەرفەتی گەشەسەندنی بۆ ڕەخساوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتێکی کوردی لە باشوور هەیە. بۆیە هەر لەم بەشەی کوردستانیش دەبێ هەوڵی پێکهێنانی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد بدرێ.

**پاراستنی زمان و لەهجە لە هەمبەر زمانی هاوبەش بۆ نەتەوە**

زۆر لەوانەی کە دژایەتی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو بۆ کورد دەکەن، پێیان وایە لەم سەردەمە کە زمان و لەهجەکان بە ژمارەی زۆر مەترسی مردنیان لەسەر، بە دروستکردنی ئەو زمانە ستانداردە، لەهجەکان برەویان نامێنێ و بەرەبەرە بەرەو مردن دەچن، بۆیە

بانگەشەی یەکسانی شێوەزارەکان دەکەن و داوا دەکەن هەر لەهجەیەک لە ناوچەکەی خۆی بکرێ بە زمانێکی ستاندارد و لە هەموو بوارێکیش بەکار بێت، نابێ هەوڵی دروستکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد بدرێت.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بە هۆی هەژموونی زمانی ستاندارد و بوونی یەک سیستەمی خوێندن بە یەک زمانی یەکگرتوو و زاڵبوونی زمانی ڕەسمی بەسەر مێدیا و ڕاگەیاندن، لەهجەکان بەرەبەرە کاڵ دەبنەوە و ئەو بایەخەی جارانیان نامێنێ، یانیش ڕوونتر بڵێین، لە زمانی ستاندارد نزیک دەبنەوە. هەڵبەت ئەمەش گۆڕانێکی سروشتی زمانە، کە ژیانی کۆمەڵگە گۆڕانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەسەردا دێت، زمانیش خۆی لەگەڵ گۆڕانەکان دەگونجێنێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی وایە، لەم سەردەمە کە زمانەکان و لەهجەکان ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون دەبنەوە، پێویستە بە پلانێکی زمانیی سەردەمیانە هەوڵی پاراستنی لەهجە کوردییەکان بدرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە پلانی پاراستنی لەهجە کوردییەکان نابێ نەتەوەیەک لە زمانێکی هاوبەش بێبەش بکات. هەڵبەت ناکرێ و عەمەلیش نییە بە پاساوی پاراستنی لەهجەکان لە فەوتان، بەم هەموو لەهجەیە بخوێندرێ و ئەو هەموو زمانە بۆ کورد دروست بکرێ، کە ئەمە مەحاڵە و هەرگیز پیادە ناکرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕەوشە زمانییە فرەلەهجەییە، یەکێتیی زمانی و نەتەوەیی کورد تێک دەدات.

پاراستنی لەهجە کوردییەکان ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەییە، لە هەمان کاتدا پاراستنی گەنجینەی بیری مرۆڤایەتیشە، هەروەک لەسەرەوە باسی لێوە کرا کە مانەوەی ئەو لەهجانە چەندە گرنگە بۆ هەمەچەشنیی کولتووری و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی. ئەم لەهجانە بەشێکە لەو مۆزائیکە ڕەنگاوڕەنگەی کە جوانی بە کولتووری کوردی و جیهان بەخشیوە.

بەزمانکردنی لەهجە کوردییەکان ئەگەر سوودی ئەوەی هەبێ کە بۆ ماوەیەک درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن وەک زمان، بەڵام وەک لەسەرەوە باسی لێوە کرا، لەم سەردەمە زمانە بچووکەکان کە بە ژمارە کەمن لە کۆتاییدا هەر بەرەو مردن دەچن. کەواتە لەم سەردەمە لەپێناو مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی لە فەوتان، بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بەهێز و کەڵەگەت بۆ کورد بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە. بۆ ئەوەی ئەو زمانە کوردییە یەکگرتووە لەبەردەم شەپۆلی توندی زمانە بەهێز و بە دەسەڵاتەکان خۆڕاگر بێت، زمانێک بێت لە خاکی کوردستان ڕەگوڕیشە داکوتێ و گێژەڵووکەی زمانی جیهانی و جیهانگەرایی هەڵی نەکێشێ و بتوانێ بە زیندوویی بمێنێتەوە، و ببێ ڕەمزی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەت لەم سەردەمی عەولەمەیە پاراستنی زمان و ناسنامەی نیشتیمانی زۆر گرنگە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بوونی ئەو زمانە کوردییە، هەموو لەهجە کوردییەکان لە ژێر باڵی خۆی کۆدەکاتەوە وەک لەهجە کوردییەکان دەیانپارێزێ، و وەزیفەی لەهجەیی خۆیشیان لەدەست نادەن. بەڵام جودا بوونەوە و سەربەخۆبوونی ئەو لەهجانە، هیچ گومانی تێدا نییە لە کۆتاییدا دەبن بە کۆمەڵێک زمانی جیاواز و نەتەوەی جیاواز.

ئەگەر دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر شوێنی دی، لەهجەکان و زمانی کەمینەکانی هەموو سەرکوت کردووە و تەنها یەک زمانی سەپاندووە بەسەر وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، بێگومان لەم سەردەمە کورد دەبێ لەم جۆرە پرۆژە نەتەوەییە بە دوور بێت. دەبێ لەم سەردەمە، کە مەترسی مردنی زمانەکان لە ئارادایە، بە شێوازێکی زانستی و سەردەمیانە هەوڵ بدرێ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی پێک بهێنرێ، دەبێ لەپاڵ بوونی ئەو زمانە، هەمەچەشنیی لەهجەیی زمانی کوردیش بپارێزرێت.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە ڕێگەبدرێ لەهجەکان وەک لەهجەی کوردی لە بواری جیاواز درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن: بۆ ئاخاوتن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، هەروەها بەکارهێنانی لە بواری مێدیا و بواری هونەری وەک گۆرانی و دراما و شانۆ و سینەما، سەرەڕای بەکارهێنانیان لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەری. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە هەرچی زووتر وشە و زاراوە و دەستەواژەی هەموو لەهجە کوردییەکان لە فەرهەنگی جیاواز کۆبکرێنەوە و ئەرشیف بکرێن. بۆ ئەوەی لەهجە کوردییەکان، کە ئێستا لەبەردەم ونبوون و فەوتاندان، بە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندەوە بچنە سەدەی داهاتوو.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە مافی تەواوی زمانی هەموو نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وەک زمانی سریانی[12] و تورکمانی و ئەرمەنی دابین بکرێ، چونکە لەم هەرێمە ئەم زمانانە کە لە ڕووی ئەتنیکییەوە کوردی نین و بە ژمارە کەمن، ئەمڕۆ لە ژێر گوشاری زمانی باڵادەست و ڕەسمی کوردی دان، ئەگەر پشتگوێ بخرێن و زەمینەی بەکارهێنان و پەرەسەندنیان بۆ نەڕەخسێ، مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، بۆیە لەپێناو ڕزگارکردن و زیندوو هێشتنەوەیان، پێویستە لە بواری خوێندن بە زمانی خۆیان ئاسانکارییان بۆ بکرێ، و وەک زمانی سەربەخۆی نەتەوەی جودا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

---

[12] - زمانی سریانی کە پاشماوەی زمانی ئارامییە، مێژوویەکی دوور و درێژی لە کوردستان و ناوچەکە هەیە، لەسەردەمێک لینگوا فرانکای ڕۆژهەلات بووە، کە زمانی هاوبەشی گەلانی ڕۆژهەلات بووە، بەلام ئەمڕۆ ئەم زمانە بووە بە چەند لەهجەیەکی پرژوبلاو لە چەند ولاتێک بە گروپی بچووک قسەی پێ دەکرێ، مەترسی لەناوچوون و مردنی لەسەرە، چونکە لە زۆربەی ولاتان وەک پیویست بایەخی پێ نادرێ و پەراوێز خراوە، بەلام خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی خوێندن بە شێوەیەکی فراوان بەکار دێت و بوژانەوەیەکی باشی بە خۆیەوە بینیوە.

## ئەنجامی باسەکە

مردنی زمان دیاردەیەکە بە درێژایی مێژوو هەبووە، بەڵام لەم سەردەمە کەمبوونەوە و لەناوچوونی ژمارەی زمانەکان دیاردەیەکی زۆر زەق و بەرچاوی ژیانی کولتووریی مرۆڤایەتییە، هەر بۆیە ئەم دیاردەیە بووە بە جێگەی سەرنجی شارەزایانی بواری زمانەوانی و کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژی.

زمان وەک ئەزمونی بیری مرۆڤایەتی، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەموو ئینسانەکانە، ئەمە بێجگە لەوەی، کە زمان پێکهێنەرێکی گرنگی ناسنامەی کولتووری نەتەوەکانە. زمان وەک ئەمبارێک وایە کولتووری ئەو نەتەوەیەی تێدا کۆبۆتەوە، هەروەها زمان وەک ئاوێنەیە نەتەوە ڕابردووی خۆی تێدا دەبینێتەوە. هەرکاتێک کە زمانێک لە ناودەچێت، گشت دەستکەوتە کولتورییەکانی ئەو زمانەش لە بەین دەچێت. کەواتە لەناوچوونی زمانەکان زەرەر و زیانێکی گەورەیە بۆ هەمەچەشنیی کولتووریی جیهان، هەر بۆیە پاراستنی زمان، پاراستنی دەستکەوتەکانی سامانی بیری مرۆڤایەتییە.

هۆکاری لەناوچوونی زمانەکان زیاتر هۆکاری سیاسی و ئابوری و کولتوورییە. باڵادەست بوونی زمانێک بەسەر زمانێکی دی کە لە ڕووی کولتووری و سیاسی و ئابورییەوە بایەخی نییە یان کەمە، زەمینە خۆش دەکات بۆ لەناوچوونی ئەو زمانە.

زمانی کوردی لە ماوەی سەدەی ڕابردوو لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە بە شێوازی جیاواز هەوڵی کوشتنی دراوە. بەڵام زمانی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ هەر پایەدارە. کورد وەک نەتەوەیەک تا ئێستا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە نێو لەهجە جیاوازەکانی، زمانێکی ستانداردی هاوبەشی بۆ نەتەوەکەی هەبێ. ئەمڕۆ لەم سەردەمە کە زمانەکان و لەهجەکان دوچاری لەناوچوون دەبنەوە، بۆ گەیشتن بەو زمانە، نابێ پاراستنی لەهجەکان بکرێ بە ئامرازێک بۆ

ئەوەی یەکێتیی زمانی و نەتەوەیی کورد تێک بدرێ، دەبێ لەپاڵ هەوڵی پاراستنی لەهجە کوردییەکان، هەوڵی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ کورد بدرێ.

پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە کە لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر شوێنی دی، بۆتە مایەی سەرکوتکردن و لەناوبردنی زمانەکان و لەهجەکان، بەتایبەت زمانی کەمینەکان. لەم سەردەمە، کە زمانەکان بە ژمارەی زۆر هەڵدەورێن، کورد وەک نەتەوەیەک کە لە قۆناغی دورستکردنی نەتەوە دایە، نابێ هەمان پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە دووبارە بکاتەوە، پێویستە لەپاڵ ئەو زمانە ستانداردە یەکگرتووە بۆ سیستەمی خوێندن و زانکۆ و ئیدارە، هەوڵی پاراستنی لەهجە کوردییەکان بدات و وەک دەوڵەمەندیی زمانی کوردی سەیری بکات، لە هەمان کاتدا، مافی زمانیی نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وەک سریانی و تورکمانی و ئەرمەنی، کە زمانی سەربەخۆی ئەو نەتەوانەن، پێویستە وەک زمانی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و ئازادی بەکارهێنانیان بۆ بڕەخسێ.

## سەرچاوەکان

1- Bedrkhan, Sureya (1995) The Case of Kurdistan against Turkey. Stockholm: Sara Publishing and Distribution.

2- Crystal, David (2003A) Language Death. Cambridge: Cambridge University Press.

3- Crystal, David (2006) How Language works. New York: The Overlook Press.

4- Crystal, David (2003B) English as a Global Language. Cambridge: Cambridge University Press.

5- Dalby, Andrew (1998) Dictionary of Languages. London: Bloomsbury publishing plc.

6- Ghassemlou, A. R. (1980) Kurdistan in Iran. In “People without country: The Kurds and Kurdistan”. London: Zed press.
7- Harrison, K. David (2007) When Languages Die: The Extinction of the World's Languages and the Erosion of Human Knowledge. Oxford: Oxford University Press.
8- Hassanpour, Amir (1992) Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.
9- Hertzler, Joyce (1965) A Sociology of Language. New York: Random House, Inc.
10- Janson, Tore (2012) The History of Languages. Oxford: Oxford University Press.
11- Kendal, Nezan (1980) Kurdistan in Turkey. In “People without country: The Kurds and Kurdistan”. London: Zed press.
12- Malerich, Jennifer (2008) Welsh Language & Education: A History & Future. Drexel University.
13- McConvell, Patrick(2005) National Indigenous Languages Survey Report 2005. Canberra: Australian Institute of Aboriginal and Torres Strait Islander Studies.
14- Moseley, Christopher (ed.), (2007) Encyclopaedia of the World's Endangered Languages. Abingdon, Oxon: Routledge.
15- Nazdar, Mustafa (1980) The Kurds in Syria. In “People without country: The Kurds and Kurdistan”. London: Zed press.
16- Skutnabb-Kangas, Tove. (2002) Why should linguistic diversity be maintained and supported in Europe? Some arguments. Strasbourg: Council of Europe.
17- Wilson, G.N (2008) “The Revitalization of the Manx Language and culture in an era of global change” In I. Novacek (ed). Referred Papers from the 3rd International

Small Island Cultures Conference. Institute of Island Studies, University of Prince Edward Island, June 29-July 2: 74-81.

18ـ طارق جامباز، (٢٠٠٨) من أبادة اللغة الى قانون اللغات الرسمية فى العراق الأتحادى. دهوک: دار سپيريز للطباعة و النشر.

سەرچاوەی ئینتەرنێتی:

19- Sallabank, Julia (2010) Language Endangerment: Problems and Solutions. E-Sharp, Special Issue: Communicating Change: Representing Self and Community in a Technological World (2010), pp. 50-87. << http://www.gla.ac.uk/esharp>> [20 November 2013]

# واتاسازی

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

## بەشی یەکەم

واتاسازی توێژینەوەیەکی زانستیی واتایە لە زماندا. لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (واتاسازی، واتاناسی، زانستی واتا) بەکاردێن، هەر سێ وشەکە لە ڕووی واتاوە هەمان واتا دەگەیەنن، بەڵام لە ڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، وشەکانی (واتاسازی، واتاناسی) لە ڕووی پێکهاتنەوە لێکدراون، بەڵام وشەی (زانستی واتا) فرێزە.

ئەم زاراوەیە تاکو سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی فراوان بەکار نەدەهێنرا، کەچی ئەو بابەتانەی ئەم زانستە لێیان دەکۆڵێتەوە، زۆر دێرینن و بۆ کەڵە فەیلەسوف و لۆجیکناسانی گریك دەگەڕێتەوە، وەکو ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئەوانی دی. فەیلەسوفەکانی یۆنان یەکەم کەس بوون، کە باسیان لە سروشتی واتا کردووە: ئایا واتا ئیلهامە یان ڕێکەوتە، ئەم مەسەلەیەشیان لە دوو ئاراستەی جوداوە تاوتوێ کردووە، یەکەمیان: ئاراستە سروشتییەکەیە، کە ئیلهامە و ئەفلاتۆن لەسەر ئەم باوەڕبووە، ئەم بۆچونە لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە پەیوەندییەکی ناوەکی سەرەکی و پۆزەتیڤانە لە نێوان دەنگ و ئەو وشەیەدا هەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکرێت، (واتە لە نێوان ئاماژە و واتادا)، دووەمیش: ئاراستە دانراوەکەیە (ڕێکەوت)، کە ئەرستۆ لەسەر ئەم ڕایە بووە، لەم ئاراستەیەدا ئەوە مەبەستە، کە ئەم پەیوەندییەی نێوان

بەکارهێنەرانی زماندا بەڕێکەوت دانراوە، بەهەرحاڵ هەردوو ئەم حاڵەتە ڕێژەیین، چونکە گەر تیۆرە سروشتییەکە ڕاست بێت، ئەمە مانای وایە کە ئێمە دەتوانین مانای وشەکان هەر بە گوێ لێ بوونێك بزانین، ئەمەش مەعقول نییە، مەگەر تەنها لەو وشانەی کە دەنگەکانی ئاماژە بە واتاکانی دەکەن، وەکو (وەڕینی سەگ)، (حیلەی ئەسپ)، (لورەی گورگ)، (خشکەی مار)... هتد. تەنانەت ئەم دەنگانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێن، هەرچی تیۆری دانراویشە لە ڕاستەقینەوە نزیکە، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر هەڕەمەکی بوونێك دەکات، کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، جگە لەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، کە ئەم تیۆرە واتاسازی تازە پەیڕەوی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کە زمانەکان هەموو لە ڕێکەوتنی دانراوەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە لەنێوان قسەپێکرانیاندا بۆ ناوهێنانی شتەکان دەست نیشان دەکرێن، ئەم ئاکارە وا پێویست دەکات، کە شێوەیەکی پێشینەی زمان هەر لەپێش مرۆڤەوە بوونی هەبووبێت، کە لە پاشاندا بۆ زمان پشتی بەم شێوە بەستووە.

جا ئەم زانستە لەم ڕۆژگارەدا جێی گرنگی پێدانی ئەو زمانەوانانەیە کە ڕێبازەکانیان باس لە توێژینەوەی تایبەتمەندییەکانی واتا دەکەن، کە بە شێوازێکی زانستیی و بابەتی ڕێکوپێك ئەنجام بدرێن، ئەم کارەش بە گەڕانەوە بۆ قسەکەران و زمانە بێژراوەکانیان مەیسەر دەبێت، کەواتە لێرەوە دەزانین کە پڕۆگرامی زمانەکان لە توێژینەوەی واتادا فراوانتر و گشتگیرترە لە هەموو کۆششەکانی ئەو فەیلەسوف و لۆجیکناسانەی کە هەمیشە لەچوارچێوەی یەك زماندا جەختیان لەسەر توێژینەوەی ڕستە دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شیکردنەوەی فەلسەفی و لۆجێکی واتا، بەردەوام کاریگەری لەسەر شیکردنەوەی زمانەوانی نوێدا هەیە.

هەر ڕێبازێکی زانستی بۆ توێژینەوەی واتا، پێویستە لەو توێژینەوە ئاساییە گومانیانە جودا بکرێتەوە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی باوی زاراوەی (واتا)ەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. نەخاسمە کاتێك کە لەلای هەموو خەڵك، (واتا) ئەو ڕێچکەیەیە کە لەگوزەرگاکەیەوە، زمان بۆی هەیە ببێتە فشارێك بۆ لادان لە زانینی کرۆکی مەرامەکان، وەك ئەوەی کەسێك لە گفتوگۆیەکدا بڵێت:((ئەم گوزارشتە تەنها واتایەکە))، کە ئەمەش مەبەستی ئەوەیە کە تەنها ئەمە قسەیەکە و هیچ پەیوەندییەکی بەم جیهانەی ئێمەوە نییە، جا ئەم چەمکە گشتی و باوەی زاراوەی (واتا) ناخزێتە چوارچێوەی ئەو باس و خواسانەی کە ئێمە لەم پێگەیەدا پێشنیازیان دەکەین، چونکە واتاسازی توێژینەوەی زانستیی بابەتی واتایە لە چوارچێوەی زماندا.

**چەمکی واتا**

لە زمانی کوردیدا وشەی (مەعنا) بەرانبەر وشەی (واتا)یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە واتاکەی جیاواز دەبێت و دەگۆڕێت، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

**هەموو شتێ بەخوێ، خوێش بە مەعنا.**

لێرەدا مەعنا، واتە پێوانە، ئەندازە، بە گوێرەی پێویست

ئەم شەڕە بێ مەعنا بوو.

واتە بێ بنەمابوو، بێ مەنتیق بوو

خۆ ئامادەکردنەکەت مەعنای شەڕە.

واتە مەبەست، نیشانە

ئەم شتە یەعنی چی.

واتە ئەم شتە واتای چی

پێناسەی واتا

**واتا:** بریتییە لە پەیوەندی نێوان فۆرمێك و فۆرمێکی تر لە زمانەکەدا، یاخود فۆرمێك و تەنێك لە دەرەوەدا،کەواتە وشەی (واتا) دوو ڕووی هەیە:
ڕوویەکیان دەکەوێتە ناوەوەی زمان، کە وشەکە یان هێماکە دەگرێتەوە، ڕووەکەی تریان دەکەوێتە دەرەوەی زمان، واتا هێمابۆکراو یاخود تەنێك دەگرێتەوە. دەبێ ئاماژە بۆئەوەش بکەین کە ئەم دوو ڕووەی واتا لە یەکتر جیا ناکرێنەوە، بەڵکو هەردووکیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن و بەهاکەیان بەیەکەوە بەندە.
تا ئێستا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر لەبارەی واتاوە کراوە، لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو:
ئەفلاتون و ئەرستۆ پێناسەکانیان بۆ واتا داناوە تاڕادەیەك وەك یەکە، لەم بارەوە دەڵێن:
**واتا:** بریتییە لە پەیوەندی نێوان فۆرمێك لە ناوەوەی زمان و فۆرمێکی تر لە دەرەوەی زمان.
ئەگەر سەیرێکی ئەو پێناسەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین بەرانبەر هەر وشەیەك تەنێك دانراوە، بەڵام ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی فراوان و گشتگیر نییە، بەڵکو دەچێتە بوارێکی تەسکەوە، چونکە کۆمەڵێ فۆرممان هەیە لەناوەوەی زمان، کەچی لەدەرەوەی زماندا هیچ تەنێك داگیر ناکات(تەنی نییە)، لەوانە (ناوە واتاییەکان، ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکارەکان، .........هتد).

گەورە = تەنی نییە ئاوەڵناوە، بۆیە پێویستی بەناو هەیە
خانووی گەورە = لێرەدا تەنی هەیە

(بلۆمفیلد) لەبارەی واتاوە دەڵێت : واتا بریتییە لەو هەڵوێستەی کە ڕووداوێکی دیاریکراو لە زماندا ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەو کاردانەوەی کە لەلایەن گوێگرەوە دێتە ئاراوە.

ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ڕوانگەیەکی دەروونناسی بە تایبەتی قوتابخانەی ڕەوشتکاری سەیری (واتا)ی کردووە،بە واتایەکی تر لەسەر بنەمای (کارو کاردانەوە) سەیری واتای کردووە، بەو واتایەی هیچ کاردانەوەیەك نایەتە ئاراوە، ئەگەر پێشتر کارێك نەکرا بێت.

(ڕیچاردز و ئۆگدن) لە کتێبەکەی خۆیاندا (واتای واتا)، کە لە (١٩٢٣)ەوە بڵاو کراوەتەوە، بەم شێوەیە پێناسەی واتایان کردووە((واتا بریتییە لە هێما، بیر، هێما بۆکراو)).

ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ڕوانگەی سێگۆشەی واتاییەوە سەیری واتای کردووە، هێما ڕاستەوخۆ ناگات بە هێمابۆکراو، ئەگەر بە بیر یان چەمکدا تێپەڕ نەبێت.

(فێرس) لەبارەی واتاوە دەڵێ: ((واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز))

ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەی سەرەوە بکەین، دەبینین (دانەکانی زمان زۆر بە توندی بە تەك یەکەوە لکێنراون یان ڕیزکراون، کە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر ئەستەمە ئەم کەرەستانە لەیەکتر جیابکرێنەوە، چونکە پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵ لە نێوان کەرەستەکاندا بەدی دەکرێت.

(ئۆڵمان) لەبارەی واتاوە دەڵێت: ((واتا بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو)). ئەم پێناسەی ئۆڵمانیش وەنەبێ شتێکی نوێ بێت، بەڵکو پێش ئۆڵمانیش چەندین زانای تر ئەم پێناسەیەیان خستۆتە ڕوو لەوانە ئەفلاتون و ئەرستۆ.

لەم پێناسانەی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە واتا دوو دیوی هەیە، دیوێکیان دەکەوێتە ناوەوەی زمان و دیوەکەی تریان دەکەوێتە دەرەوەی زمان بە واتایەکی تر چەمکی واتا چەند مەرجێکی بۆ دانراوە.

1ـ وشەیەکمان هەبێت نزیکی و خزمایەتی لەگەڵ چەند وشەیەکی تری زمانەکە هەبێت.
2ـ بەرانبەر بەم وشەیە تەنێك هەبێت لە دەرەوەی زماندا.
3ـ مەرجێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە کەسەکان بێنینە ناوەوە، بەو واتایەی کێ وشەکانی بەکارهێناوە، بە هۆی ئەم مەرجەوە لە واتای واتاسازی دەردەچین و دەچینە ناو واتای پراگماتیکەوە، چونکە پراگماتیك بەستنەوەی واتایە لەگەڵ ئەوانەی بەکاری دەهێنن.
وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد کە زۆربەی پێناسەکان هەر لە ئەفلاتون و ئەرستۆوە تا دەگات بە زمانەوانانی تر لەسەر ئەم ڕایە بوون، کە هەموو وشەیەك لە بەرانبەر خۆیدا تەنێك داگیر دەکات، بەڵام ئەم بۆچوونە کەموکووڕی زۆری تێدایە، بە واتایەکی تر زۆر لە بەشە ئاخاوتنەکان ڕەنگە نەکەونە ژێر باڵی ئەم پێناسانە، وەکو ناوە واتاییەکان (پیاوەتی، برایەتی، هێز، شەرم، جوانی،............هتد)، ئاوەڵناوەکان (جوان، گەورە، بچووك، باش،..........هتد)، ئاوەڵکارەکان (بەخێرایی، بەپەلە،.......هتد).
ئەگەرچی هەوڵ درا چارەسەرێك بۆ ئەم کەمو کووڕییە بدۆزرێتەوە، ئەمیش بە هێنانی بیر یان چەمك بۆ ناو خودی پێناسەکە.

**واتای واتا**

هەردوو نووسەر (ئۆگدن) و (ریچاردز) ساڵی 1923 لەو پەرتووکە ناودار و شۆڕەتدارەیان، کە ناوی (واتای واتا) یە (The meaning of meaning) نووسیویانە، نزیکەی (16) بەکارهێنانی وشەی (واتا)یان خستۆتەڕوو، کە ئەمانە هەندێکیانن:

1- John means to write. (Intends). نیازی وایە
2- A green light means go. (Indicates). ئاماژەیە بۆ

3- Health means everything. (Has important). گرنگی هەیە
4- His book was full of meaning. (Special important). گرنگییەکی تایبەتی هەیە
5- What is the meaning of life? (Purpose). مەبەست
6- What does (capitalist) mean to you. (Convey). چی دەگەیەنێ
7- What does (cornea) means? (Refer to in the world). واتابەخشین

دواهەمین نموونەی وشەی (mean) (واتابەخشین)ە، ئەو شتەیە کە واتاسازی زمانەوانی جەختی لەسەر دەکات، بەڵام ئەم وشەیە جۆرێکی تایبەتی ئاراستەکردنی پرسیارە دەربارەی زانست و زانین، پرسیار پێویستە سەبارەت بە پێناسەکان بکرێت، ئەو پێناسانەی کە تاڕادەیەك خاوەن شێوازێکی ئاسایی نین، بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە، کە زیاتر لە فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێن، نەك لە ڕستە و شێوازی ڕستە و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئەم شێوازە، (وەرگێڕان)ێکی وشە زەحمەتەکەیە بۆ چەند وشەیەکی ئاسان، واتە شیکردنەوەی ئەم وشەیە و ڕوونکردنەوەی ماناکانی. لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی پێناسەی وشە، بەشێکی گرنگی واتاسازی پێکدەهێنێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە واتاسازی گرنگی بە شێواز و ڕێچکەکانی ئەو وشە و ڕستانە دەدات، کە مانا و کرۆکی مەبەستەکانمان بەشێوەی درکێندراو و نووسراو لە کڵاوڕۆژنەی پەیوەندییەکانمانەوە پێ دەگەیەنن.

**سێ بۆچوون بۆ واتا**

أـ وشەکان: شتەکان (ئەو وشانەی کە گوزارشت لە شتەکان دەکەن).

بۆچوونی باو دەڵێت: وشەکان ناوی شتەکانن، یان ئەو وشانەن بۆ شتەکان دەگەڕێنەوە.ئەفلاتۆن لەسەر ئەم بۆچوونە دەڕوات، چەند


ناوێکی وەکو (لەندەن، بیل، کوڕ، باوك) ئامـاژە بۆ ئـەم بۆچوونـە دەکەن، هەروەك لـە گوزارشت و وشـەکانـی دیش ئـەم تـەرحـە بۆچوونـە بـەرجەستـە دەبێت، بۆ نموونـە وەکو ئـەو ناوانـەی کە ئاماژە بۆ ئـەو شتانـە دەکەن، کە لـە دوکان و بازاڕەکاندا بۆ فرۆشتن دانراون.

بەڵام لێرەدا ژمارەیەکی زۆری وشەکان لـە زماندا هەن، کە نایان بینین و پێی دەوترێ( شتـەکان یان سەرچاوە)، وەکو (کارەکان): (دەپرسێ) یان (دەدۆزێتـەوە)، وەکو (ئاوەڵناوەکان): (سەخت) یان (گشت)، هەروەها وەکو ناوەکانـی ( چەسپاو یان لاساییکەرەوە)، لـەڕاستیدا زۆربـەی زۆری وشـەکانـی زمان وا دەر دەکـەون کـە توانای پەیوەستبوون یان گەڕانـەوەیان بـە هیچ شێوەیەك بۆ شتـەکان نییـە.

ب ـ وشـەکان: تێگەیشتن: شتـەکان (وشـەکان گوزارشت لـەچەمکەکان دەکەن، کە ئـەمانیش بـەدەوری خۆیان گوزارشت لـەو شتانـە دەکەن).

ئـەم هاوکێشـەیە لـەسەر پایـەی نـەبوونـی پەیوەندی ڕاستـەوخۆی نێوان وشـەکان و شتـەکان دامـەزراوە، بـەڵگـەشی ئـەوەیە کە بوونـی پەیوەندی لـەم حاڵـەتـەدا تـەنها لـەبواری بـەکارهێنانـی هزری مرۆڤـەوە دەبێت، چونکە هەموو وشـەیەك بـەپێی ئـەم بۆچوونـە، چەمکێکی هەیە، کە وشـەکە و ئـەو شتـەی گوزارشتـی بۆ دەکات چەمکەکە پێکـەوەیان دەلکێنێت.

جا باشترین وێنـە ئـەم پەیوەندییە بخاتـە ڕوو، ئـەو هاوکێشـەیە کە (ئۆگدن) و (ریچاردز) ساڵـی 1923 دایان ناوە:ـ



ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم هاوکێشەیە کراوە ئەوەیە، کە لە زەحمەتی و دژواری زانینی کرۆکی چەمکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هیچ ئاسان نییە ئەو چەمکەی کە لەژێر وشەیەکی وەکو (لاسایی) جێی دەبێتەوە، پێناسە بکەین، ڕاستە هەندێك وشە هەن کە هەڵگری ماناگەلێکن و دەتوانین بە شێوەیەکی ساناتر بیانزانین و درکیان پێ بکەین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وێنەگەلێکی بینراوی ڕێکوپێکمان نییە، کە هەموو وشەیەك لە زارمانەوە دەردەچن، بەو شتانە ببەستینەوە، کە خودی وشەکان گوزارشتیان لێ دەکەن. سەرباری ئەوەش هیچ زامنێك لەمەشدا نییە ئەو چەمکەی بە هزرمدا بۆ وشەی (مێز) گوزەر دەکات، هەر هەمان ئەو چەمکەش لە هزری تۆدا دروست بکات.

ج ـ وروژێنەر ← وشەکان ← وەڵامدانەوە (وروژێنەرەکان دەبنە ئەو وشانە کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان دەبنە کاردانەوە و وەڵامدانەوە).

بلۆمفیلد لە پەرتووکەکەی خۆیدا (زمان ـ Language) ساڵی 1933 ئەم بۆچوونە ڕەوشتکارییەی شیکردۆتەوە، واتا بە بۆچوونی ئەو لەوانەیە لەو حاڵەتەوە بێتە ئەنجام کە قسەی تیادا بەکار دەهێنرێت، وروژێنەری (S) مرۆڤ بەرەو قسەکردن پەلکێش دەکات. کەواتە ئاخاوتن وەڵامدانەوەی (r)ە، و ئەم وەڵامدانەوەیەش (r) دەرەنجامی قسەی (s)ە، هەروەها (بلۆمفیلد) حاڵەتی مانای ڕەوشتکاری لەم وێنەیەوە خستە ڕوو:

$S \rightarrow r \rightarrow s \rightarrow r$

جا نموونەکەی (بلۆمفیلد) لەسەر ئەم هاوکێشەیە بەم جۆرەیە: کچۆڵەیەك بەناو (جێل) کە برسیەتی و سێوێکی لەسەر درەختەکە بەرچاو دەکەوێ (s = وروژێنەرێکی فیزیۆلۆجی)ە، بۆیە بە لاوەکە (جاك) دەڵێ ئەو سێوەی بۆ لێ بکاتەوە (r)، ئەم وروژێنەرە قسەییە (s)،

وا لە (جاك) دەكات سێوەكە لێبكاتەوە (r = وەڵامدانەوەیەكی قسەیی)، جا بلۆمفیلد دەگاتە ئەو دەرەنجامەی كە ئێمە دەتوانین مانای وروژێنەر و كاردانەوەكانی لە گوزەرگای تێبینی كردنی ئەو ڕووداوانەی كە لەگەڵیدان بزانین و بەجوانی درك پێ بكەین. بەڵام گرفتی هاوكێشەكەی (بلۆمفیلد) لەوەدایە، كە چەندەها حاڵەت هەن كە زۆر سەختە ئادگارە ڕێژەییەكانی وروژێنەر یان كاردانەوەكانی بزانرێ. گرفتەكەش لە حاڵەتێكدا زیاد دەكات، كە ڕووداوەكان بە مانا فیزیاییەكەی بینراو نەبن (هەروەك لە گوزارشتكردنی سۆزدا)، سەرباری ئەمەش لەڕووی زانستییەوە سەختی و دژواری چارەسەری ئەو حاڵەتانە سەلمێنراوە، كە خەڵكیان بەشێوەیەك تیادا بەرچاو دەكەوێت، كە بەشێوازێكی پشكنەرانە مامەڵە ناكەن، وەكو گریمانەی ئەوەی كە (جاك) ئەو سێوە بۆ (جێل)ی كچۆڵەكە لێ نەكاتەوە، بەهۆی ئەوەی كە پێش دوو ساڵ لەو (مۆنتی كارلۆ)زیزبوونێك كەوت بووە نێوانیانەوە.

**واتاسازی هاوچەرخ**

لە ڕابردوودا مشتومڕ لەسەر دۆزینەوەی كرۆكی واتا بوو، (ئایا واتا چییە؟)، ئەویش وەكو چەمكێكی سەربەخۆ، ئەم بۆچوونەش وامانی لێ كرد، كە درك بە پتربوون و فراوانبوونی گرفتەكە بكەین، بەڵام هیچ پێناسەیەكی باوەڕپێكراوی (واتا) لە ئارادا نییە، بەڵكو ئەم زاراوەیە هەندێك تەمومژی لەسەرە، هەروەك لەلای خودی ئەفلاتۆن ئەم تەمومژییە لەئارادا هەبووە، بەڵام پرسیار لەوەدایە، بۆچی زاراوەی (واتا) هەر بە تەمومژاوی و سەختی و زەحمەتی ماوەتەوە؟

زمانەوانان ئەمڕۆ گەیشتوونەتە ئەوەی كە (واتا) توخمێك نییە كە جودا و بە دەربێت لە تەواوی زمانە بەكارهێنراوەكە، هەروەكو توخمەكانی دی زمان، كە هەموو ئاوێتە و تێكهەڵكێشن، بۆ نموونە وەكو بەرزی و درێژی، جۆرێك لە بوونی سەربەخۆی هەیە، جا گەر بڵێین كە

شتەکان جۆرە بەرزییەکیان تیادایە، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لێرەدا ژمارەیەك لە یەکە بەرزەکان لە ئارادا هەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە خەسڵەتێکی بەرزی ڕووت و ڕەها بەدەر لە شتەکان لەئارادا هەبێ.

بە هەمان شێوەش کە دەڵێین: ئەو وشانەی کە واتایان هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو وشانە بە شێوازێکی تایبەت لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین واتای وشە تاکەکان (بە جودا) تاقی بکەینەوە، پاشان واتای ڕستەکان بزانین، بەڵام هیچ واتایەك لەپاش ئەم دوو حاڵەتەوە بە دەست ناکەون.

کەواتە لە زانستە زمانەوانییە تازەکاندا، واتا لە گوزەرگای شیکردنەوەی وردی ئەو دەوروبەرە تاوتوێ دەکرێت، کە وشەکان و ڕستەکان بۆیان بکرێ، لە ڕێسا دەستنیشان کراوەکاندا بەکار بهێنرێن، جا ئەم ئاراستەیە یان ئەم ڕێبازە ژمارەیەك لە فەیلەسوفان و دەروونناسان پەیڕەوی دەکەن، بەتایبەتی (لودۆی ڤیتجنشن) (L.wittgensten) جەختی لەسەر ئەم ئاراستەیە کردۆتەوە، ئەویش لەو وتەیەیدا کە دەڵێت: ((واتای وشە ئەو واتایەیە، کە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت)).

## هەستکردن (مێشك) وەکو دژکارێکی سەرچاوە (واقیع)

واتاسازی گرنگی بە توێژینەوەی جیهانی دەرەکی و چۆنێتی تێگەیشتن و درککردنمان بەو جیهانە نادات. جیهانی دەرەکی (دوور لە زمان) دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆری فیزیاناسی و جوگرافیناسی و دەروونناسی و زانستەکانی تر، سەرباری ئەوەش واتاسازی ناتوانێت باری توێژینەوەی چۆنێتی گەڕانەوەی زمان بۆ ئەو جیهانە دەرەکییە لەئەستۆ بگرێت؟ (واتە چۆن لەڕێگەی وشەکانەوە فۆرمەلەی بکات)، چونکە واتاسازی تەنها لەو شێوازە دەکۆڵێتەوە، کە کۆمەڵانی مرۆڤ

بەهۆیەوە  هەندێك وشە بە هەندێكی دی لە چوارچێوەی ئەو زمانەی قسەی پێدەكەن، بە یەك دەبەستنەوە (واتە لەڕێگەی هەستكردن و بەكاربردنی مێشكی زمانەوانی خۆیانەوە نەك لەڕێگەی گێڕانەوەی سەرچاوەی ئەو وشانە بۆ جیهانە دەرەكییەكە)، جا جیاكردنەوەی نێوان هەست و سەرچاوە مەسەلەیەكی گرنگە، چونكە ئەم جیاكارییە توێژینەوە و تاوتوێكردنی چەند حاڵەتێكمان لە كاتی بەكارهێنانی وشەكاندا بۆ دەرەخسێنێت، هەرچەندە بەشێوەیەكی سروشتی ناگەڕێتەوە سەر ئەو شێوازەی كە لە جیهانە دەرەكییەكەدا تێیدا دروست بووە. دۆزینەوە و درككردن بەم شتەش لە حاڵەتی توێژینەوەی زمانێكی گۆشەگیردا زۆر سەخت و دژوارە.

بەڵام گەر بڕوانینە زمانە جۆراوجۆرەكانی جیهان، ئەو ساتەوەختە ئەم پرسە جیاكارییە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنیَ، بۆ نموونە: لە جیهانی واقیعدا چەندەها باوك و دایك هەن، كە برا و خوشكیان هەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا وشەگەلێكی تاك و تەنها لە ئارادا نین، كە گوزارشت لەم واتایانە بكەن، وەكو (برای دایك) و (برای باوك) و (خوشكی دایك) و (خوشكی باوك)، لەبەر ئەوە گەر بخوازین ئەم چەمكانە لە یەك جیا بكەینەوە، ئەوكاتە پێویستە پشت بە حاڵەتە بەكارهێنانەكە (دەوروبەر) ببەستین.(1)

تەنانەت لە دووتوێی یەك زمانیشدا پێویستیمان بە هەستكردن بە سەرچاوە هەیە، بۆ شیكردنەوەی ئەو شێوازەی كە زمانی عەرەبی یان كوردی لە پرۆسەی دابەشكردنی فیزیاوی پێی هەڵدەستێت، كە لە واقیعدا هیچ بوونێكی نییە.

لە ڕاستیدا پۆلێنكردنە زانستییە وردەكان (بەو واتایەی كە هەموو ناوێك شوێنێكی لە سیستەمی وشەكاندا هەیە) شتێكی كارپێكراو نییە، لەژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین، كە ئەم وشانە بەكاردەهێنرێن:گرد و چیا، فینجان و گڵاس، جۆگەلە و ڕووبار، ئەم چەمكانە لە جیهانی

دەرەکیدا دەستنیشانکراو نین، بۆ نموونە چ کاتێك جۆگەلە دەبێتە ڕووبار؟ چ کاتێکیش گردۆڵکێك دەبێتە چیا؟.

بە گوزارشتێکی تریش دەکرێ بڵێین ئێمە هەموومان کۆکین لەسەر ئەو ڕاڕاییەی دەیانگرێتەوە، کە بخوازین سەرچاوەی وشەی کورسی بۆ شێوە واقیعە هەمەچەشن و ڕەنگەکانی دی وشەکە بگەڕێنینەوە، لێرەدا گرفتێکی دیش هەیە لە چۆنێتی وەڵامدانەوەمان بۆ ئەم پرسیارە چڕ دەبێتەوە: ئایا واتای وشە چییە؟ با لە خەیاڵماندا وا دابنێین یەکێك گوێی لە وشەی (کورسی) دەبێت و ناشزانێت واتای چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە نەزانە دەبەین و کورسییەکەی نیشان دەدەین، بەڵام ئەم ئاکارە لە ڕاستیدا کۆمەکییەکی سنووردار و کەمە بۆ ناسینی واتای وشەی کورسی، ئەویش لەبەر ئەوەی پاشان چۆن ئەم کەسە دەتوانێ درك بە سەرچاوە و شێوەکانی دی کورسی بکات، تا هەموویان بناسێتەوە، لەوانەشە هەڵەیەك لەم پرۆسەیە ڕوو بدات، چونکە ئەو سەرچاوەی بۆ ناسینی کورسی بەکاری دەهێنین، لەوانەیە سیفەتی ئەو سەرچاوەیە بێت (بۆ نموونە سەرچاوەی ئەوەی بڵێین کورسییەکە لە دار دورست کراوە) یان ئاماژە بۆ چەمکێك بکەین بە فەرش و کەلوپەلەوە پەیوەست بێ، ئەم جۆرە هەڵەیە وێکچووی ئەو هەڵەیەیە، کە هەندێك لە منداڵان لەکاتی فێربوونی وشەدا تێی دەکەون.

لێرەوە دەتوانین بڵێین باشترین ڕێگا بۆ ناسینی وشە ئەوەیە، کە کاتێك بۆ نموونە پێناسی کورسی دەکەین، هەستەکانمان شرۆڤە بکەین، واتە بڵێین: کورسی شوێنێکە بۆ دانیشتن دەست دەدات و لە چوارپێ و پاشبەندێك پێکدێت، جا ئەم بەکارهێنانە وامان لێ دەکات بیر لە سەرچاوەی دی بکەینەوە، کە لە ڕووی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیانەوە وێکچووی یەك بن، پاشانیش لەتوانادا دەبێ کە وشەکە بەشێوەیەکی گونجاو بەکار بهێنرێت، بەڵام ئەم پرۆسە هەمەکیانەی فێربوونی وشەکان هەر بەردەوام دەبێت، بەبێ بوونی هیچ

سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ شتەکەکانی جیهانی دەرەکی، لەبەر ئەوەی پشتبەستنێکی هەمەکی بۆ بەکارهێنانی وشەکان، لەپێناو شیکردنەوەی هەستەکانمان سەبارەت بە وشەکانی دی لە ئارادایە، (واتە ئاخاوتن دەربارەی ئاخاوتن لەپێناو واتادا)، ئەم پرەنسیپەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامە لۆجیکیەی کە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانە.

## پانتاییە واتاییەکان

دەروونناسان و زمانەوانان گرنگییەکی زۆر بە (تایبەتمەندییەکانی واتا)ی وشە تاکەکان دەدەن، لێرەدا چەندەها ڕێباز بۆ دۆزینەوەی جیاوازییە واتاییەکان، پاشانیش پێوانەی ماوەی دەروونی نێوان وشەکان پێشنیازکراوە.

یەکەمین ئەو کەسانەی لەم بوارەدا قۆڵیان لێ هەڵماڵی، دەروونناسی زمانەوان (چارلز ئۆسگۆد C. Osgood) و (جۆرج سوسی g. suci) و (پۆل تاننباوم p. tannenbaum)ە، لەو پەرتوکەی بە ناو (پێوانەی واتا) لە ساڵی 1957 دەریان کرد، کە لە تویێژینەوەی واتای کاریگەر یان (کارلێکراو) پێکهاتووە، واتە ئەو کاردانەوە سۆزئامێزانەی پەیوەندییان بە وشەکانەوە هەیە، هەموو وشەیەك لای ئەوان تاقی دەکرایەوە، ناویان نابوو (باکگراوندە واتاییەکان)ی وشە، ئەو ناوزەدکردنە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ لەوانەیە واتا بۆ زنجیرەیەك لە مەودا جۆراوجۆرەکان شی بکرێتەوە. (ئۆسگۆد) نموونەیەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەزموونە نیگارکێش کردووە، کە یارییەکە لە (20) پرسیار پێك دێت و هەموو پرسیارێك دانانی چەمك لە ڕووبەرە واتاییە گونجاوەکەیدا بە ئامانج وەردەگرێت، بۆ نموونە (ئەم شتە باشە یان خراپە؟ پەلەیە یان سستە؟ گەورەیە یا بچووکە؟) جا ئەم پرسیارانە لەسەر شێوەی نەخشەیەك لە حەوت خاڵ پێك دێت

پێشکەش کرا، لەگەڵ بوونی چەند سیفەتێکی دژواتا لەکۆتایی هێڵەکەدا:

ئۆتۆمبێل

باش 7654321 خراپ

جا ئەو کەسانەی ئەم پرسیارانەیان ئاراستە کرا، داوایان لێ کرا وشەکان بەپێی ئەم خاڵانە دابنێن، بۆ نموونە گەر وشەی ئۆتۆمبێل ئەو هەستەیان پێ دەبەخشێ کە شتێکی باشە، ئەوکاتە هێمایەك لەلای ئەو وشەیە دادەنێن، واتە لە کۆتایی هێڵی بەیانی یەکەمدا (لای چەپەوە)، گەر ئەو هەستەشیان داتێ، کە ئەو وشەیە خراپە، ئەوکاتە دەبێ هێمایەك بە ئاراستەی ئەم وشەیە دابنێن، واتە لە کۆتایی هێڵی بەیانی لای پێچەوانەکەیەوە (لای ڕاستەوە)، بەم شێوەیە حەوت خاڵەکە بواری هەمەجۆری هەست و سۆز بەپێی حاڵەتە دەروونییەکە دەرەخسێنن.

جا ئەم شێوازە بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری جودا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەی(نالەباری) لە کۆمەڵگای ژاپۆنیدا چەمکێکی زۆر کارایە، کە وەڵامدانەوەیەکی سۆزدارانەی جیایە لە وەڵامدانەوەی سۆزداری ئەمریکی یان سۆزداری تیرە و هۆزە هیندییە ئەمریکییەکان، هەرچی چۆنێك بێت پراکتیزە واتاییەکانی پێوانەیی سۆز و هەستەکان لە بەرانبەر وشەکان بریتییە لە پراکتیزەکردنێکی سنووردار، چونکە زانیاری دەربارەی واتای سەرەکی وشە پێشکەش ناکەن، لەبەرئەوەی تەنها ئەو سۆزانە پێشکەش دەکات، کە وشە بەرهەمی دەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت وشەی (دایك) وشەیەکە بۆی هەیە (زۆرباش) بێت، تاڕادەیەکیش بەهێزبێت،... هتد، بەڵام ئەوەمان پێ ناڵێت کە وشەکە واتای (دایکە... مێینەیە، ژیرە)، جا بۆ ئەوەی مانا

و چەمکەکانی دی بزانین، دەبێ شێوە و ڕێچکەی دی لە ئارادا هەبێ، بۆ زانینی ڕووبەرە ڕاستەقینەکانی وشەکە، دەتوانین شایەتحاڵی ڕووبەرێکی واتایی وردتر بین، ئەویش لە دەلاقەی بەکارهێنانمان بۆ ئاکامەکانی ڕێچکەیەکی تەکنیکی کە خەڵکی لێیەوە بتوانن حوکم بەسەر شتەکاندا بدەن، با لە ناخماندا وا وێنا بکەین ناوی ئاژەڵە (شیردەرەکان) دەکەونە خشتەیەکەوە، مەودا ئاسۆیی بارستاییەکەی پێك بهێنێت، هەروەها مەودا ستوونییەکەشی دڕندەکان پێکب هێنێت، جا ئاژەڵە گەورەکان دەکەونە لای چەپی خشتەکەوە و ئاژەڵە زۆر دڕندەکانیش دەکەونە خوارەوەی هەر وێکچوون و شوبهاندنێکیش لە نێوان ئەو دوو ئاژەڵە بەدی بکرێت، ئەوە شوێنەکانیشیان لەیەکدی نزیك دەبنەوە.

بەڵام ئەم شیکردنەوەیە زۆر سادەیە و ناتوانین لەسەر وشەکان پراکتیزەی بکەین، چونکە ڕەهەندەکانی واتا بە ڕوونی نیگار نەکراوە، وەکو (ئەو وشانەی کە پەیوەندی بە کەلوپەلی ناو ماڵ و فەرشەوە هەیە)، ئیتر هەرچی چۆنێك بێت ئەم ڕێچکە و شێوە) بۆ ناسینی ڕووبەرەکانی واتا و ڕەهەندە هەمەجۆرەکانی، بە سوودمەندی و کارایی دەمێنێتەوە.

**بونیاد و چەمکی یەکەی واتایی**

ڕێبازی بونیادگەری باشترین ڕێبازە بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی وشەکان، بەپێی ئەم ڕێبازە زمان لە تۆڕێکی ئەو پەیوەندییە سیستەمیانە پێکدێت، کە پەیوەندی لە نێوان یەکە زمانەوانییەکان دروست دەکات. بۆ نموونە لە بواری دەنگەکاندا، ئەم پەیوەندییانە لە نێوان دەنگەکان یان ئەو (فۆنیمانە) خاوەن خەسڵەتە جیاکارانەیەدا هەیە، کە بە زمانی ئینگلیزی بە (distinctive features) گوزارشتی

بۆکراوە، بەڵام ئەم حاڵەتە لە (واتاییەکان)دا چۆن دەبێت و چۆنیش یەکە واتاییەکان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە؟

تاکو ئێستا ئێمە زاراوەی (وشە)مان بەکارهێناوە، ئەویش بۆ تاوتوێکردنی دیاردە واتاییەکە، ئەمەش بێگومان بەکارهێنانێکی لاسایانەی ئەو زاراوەیەیە، چونکە ئێمە بۆ ئاماژەپێکردنی مانای وشە بەکاری دەهێنین، بەڵام گەر بمانەوێ دیاردە واتاییەکە بە وردی و قوڵی درك پێ بکەین، ئەوە زاراوەی (وشە) هیچ وەڵامێکی تێروتەسەل و پڕ بە پێستی ناسینی سروشتی واتای پێ نییە، لێرەوە پێویستە ئەم زاراوەیە بە زاراوەیەکی دی بگۆڕین، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1ـ زاراوەی (وشە) بە چەند شێوەیەك بەکار دەهێنرێت، کە لەوانەیە توێژینەوەی واتا بشارێتەوە، بەم شێوەیە وشەکانی وەکو (دەڕۆین) و دەڕوات و ڕۆیشتن و ڕۆیشت، دەتوانرێت بە چەندین وشەی جۆراوجۆر ناوزەد بکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی واتای بونیادگەرییەوە، هەموویان بە شێوەی هەمەچەشنی و جۆراوجۆری یەکە واتاییەکەی بونیادی قووڵ، واتە (ڕۆیشت) هەژمار دەکرێن. جا گەر ئەم شێوە هەمەجۆرانە بە وشە دابنێین، ئەدی بونیادی قووڵ چی پێ دەوترێت؟ ، چونکە دادپەروەریی و لۆجیکیانە نییە، بڵێین: ((ئەم چوار وشەیە شێوەی هەمەجۆری خودی وشەکەن)).

2ـ هۆی دووەمیش زاراوەی وشە، هیچ سوودێکی بۆ توێژینەوەی ئەو گوزارشتە زاراوەییانە نییە، کە بە یەکەی واتایی هەژمار دەکرێن، نموونەی ناسراو و شۆرەتداری ئەم مەسەلەیە، لەو گوزارشتە زاراوەییەدا بەرجەستە دەبێت (kick the bucket)، کە مانای (مرد) (died) دەگەیەنێت،( ئەم گوزارشتە زاراوەییە هاوواتای ئەو گوزارشتەی زمانی کوردی و عەرەبییە، کە دەڵێ: (فلانە کەس تەمەنی خۆی پێ بەخشیت) یان (فلانەکەس چووە لای هاوەڵی باڵا) یان (فلانەکەس بۆ داروسێی خودا گواسترایەوە) یان (فلانەکەس بۆ ژێر بەزەیی خودا

گواسترایەوە)، کە هەموو ئەم گوزارشتانە مانای (مردن) دەگەیەنێت). ئەم گوزارشە یەکەیەکی واتایی گەلاڵە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سێ وشە پێك هاتووە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەم یەکە واتاییە بە وشە دابنێین، یان وا دابنێین کە ئەم وشەیە لە سێ وشە پێکهاتووە.
3. هۆکاری سێیەم و کۆتایی ئەوەیە کە ئێمە لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی وشە لە شوێنەکانی وانە زمانەوانییەکانی دیدا ڕاهاتووین، هەروەکو چۆن لەڕێزمانیشدا بەکاری دەهێنین، چونکە وشە لێرەدا خاڵێکی گەیاندنە یان پەیوەندیکردنێکی نێوان زانستی ڕێزمان یان ڕستەسازی(syntax) و وشەسازییە (morphology).

هەموو ئەم هۆیانە وایان لە زمانەوانان کرد، بە زاراوەیەکی نوێ باس لە یەکە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی واتایی بکەن، کە (Lexeme)ە، واتە (یەکەی واتایی)، بەم شێوەیە دەتوانین بۆ نموونە بڵێین: یەکەی واتایی (ڕۆیشت) بە چەند شێوەیەك دروست دەبێت، وەکو (دەڕوات) و (ڕۆیشتن) و (ڕۆیشت)... هتد.

بەرانبەر بەمەش دەتوانین بڵێین: یەکەی واتایی (kick the bucket = مرد) لە سێ وشە پێك دێت، کەواتە یەکە واتاییەکان (Lexemes) وەکو شێوەی سەرەکی لە فەرهەنگدا دادەنرێت، پاشان بەکارهێنانی لق و پۆپەکانی وشە سەرەکییەکە دەست پێدەکات.

## کێڵگە واتاییەکان

یەك ڕێگە لە دووتوێی چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر لەئارادا هەیە،(2) کە لە دەلاقەی ئەو ڕێگایانەوە دەتوانین واتای وشەکان بە وردی و گشتگیری بزانین، ئەویش لە چوارچێوەی کێڵگە واتاییەکان ( semantic fields)، بە هۆی کێڵگە واتاییەکان، ئەوە یەکە واتاییەکان هەریەکە ئەویتر دەستنیشان دەکات و لە چەند ڕێچکەیەکی زۆر وردەوە تێکەڵکێشی یەکدی دەبن.بۆ نموونە یەکە جۆراوجۆرەکانی بەشەکانی

لەش، وەکو (سەر و مل و هەردووشان...هتد.) کێڵگەیەکی واتاییە، بە هەمان شێوەش یەکە هەمەچەشنەکانی وشەکانی وەکو(عارەبانەکان، مێوەجات) کێڵگەیەکی واتایین، ئەمەش وای لە واتاناسان کردووە لەو باوەڕەدابن، کە وشەکانی زمان لە کێڵگەکانی واتادا کۆبوونەتەوە.

بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە هەمەجۆرییەکی فراوان و چڕ لەم مەسەلەیەدا هەیە، نەخاسما گەر لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی دی زمانەوانی لەدووتوێی یەك زماندا هاموشۆ بکەین. بۆیە لێرەدا سەختیەك بەرەنگارمان دەبێتەوە، گەر هەموو یەکە کوردییەکانی پەیوەست بە بەشەکانی جەستەی مرۆڤەوە کۆبکەینەوە، بگرە ئەم کارە سەختترو دژوارترە کاتێك کە بخوازین یەکەکانی وەکو (هەراوهۆریا) یان (لێدان ـ ژەنین) کۆبکەینەوە.

لە ڕاستیدا چەندەها کۆششی زمانەوانی و فەلسەفی لەئارادا هەبوو، بۆ سازدانی پۆلێنکردنی چەمکەکانی زمان، بەتایبەتی ئەو کۆششانەی کە لە سەدەی (17)ەوە خرانەگەڕ، بۆ داهێنانی زمانێکی جیهانی، بەڵام لەم چەرخەدا مەزنترین و شۆڕەتدارترین کار، ئەو توێژینەوەیە کە توێژەری فەرهەنگی (پیتەر مارك ڕۆجێت) (1779-1869 )(Roget) لە فەرهەنگە واتاییەکەی (Thesaurus)ە، کە لە ساڵی 1852 بڵاوی کردۆتەوە، (ڕۆجێت) یەکە زمانەوانیەکانی بۆ شەش بەشی سەرەکی دابەشکردووە:

1ـ ئەو یەکانەی خاوەن پەیوەندییەکی ڕووت و ڕەهان.

2ـ ئەو یەکانەی خاوەن پانتایی واتایین.

3ـ یەکە کاروبارییەکان.

4ـ یەکە هزرییەکان.

5ـ یەکە ئارەزووییەکان.

6ـ یەکە سۆزدار و خاوەن کاریگەرەکان.

جا هەر بەشێك لەم بەشانە زۆر وردەکاری و پۆلینکردن لە خۆ دەگرن و نزیکەی هەزار وتەی واتایی بەرهەم دێنن.

ئەم فەرهەنگە واتاییە بۆ چەند زمانێك بۆتە پێشەنگ، و تاڕادەیەکی زۆریش سەلماندویەتی کە پرۆژەیەکی بەسوودی ژمارەیەك چالاکی زمانەوانی پراکتیکییە، وەکو نووسینی پیشەیی و وەرگێڕان و بەکارهێنانی وشەکان لە شوێنە گونجاو و ڕاستەکانی خۆیدا،... هتد. بەڵام سەبارەت بە واتاناسان بەهای ئەم نرخە لە کەمی دەدا و بەگشتی سنووردار دەبێت، چونکە زانیاری دەربارەی پەیوەندییە هەستیارەکانی نێوان دوو یەکەی واتایی پێشکەش ناکات. پاش ئەوەش دەبێ بزانین وشە پۆلێنکراوەکانی ناوی لە چەند توخمێکی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی یان جوگرافییەوە بەبێ هیچ توانجێك کۆکراونەتەوە.

بەم شێوەیە بەپێی بۆچوونی واتاییەکان، گەر بخوازین توێژینەوەیەك بۆ بونیادی کێڵگە واتاییەکان، بە وردی ئەنجام بدەین، ئەوە لەو حاڵەتەدا پێویستە ئاوڕ لە پەیوەندییە هەستیارەکانی ئەو یەکە واتاییانە بدەینەوە، کە خوازیاری بەکارهێنانیانین.

**پەیوەندییە هەستییەکانی واتا**

ئایا چۆن یەکە واتاییەکان لە زماندا ڕێك دەبن؟ جا گەر بمانەوێ بەو شێوازەی بینیمان لەڕێگەی فەرهەنگەوە ڕێکی بخەین، ئەو شێوازە بەس نییە، چونکە ئەمە شێوازێکی تەمومژاوی شێوێنەرە، بۆیە لێرەدا واقعێکی واتایی لەئارادا نییە بەپێی پلە ئەبجەدییەکان بێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پلە ئەبجەدییەکان خۆیان بونیادە واتاییەکان کەرت و پەرت دەکەن، بۆ ئەوەی پاشان پارێزگاری لەو یەکە واتاییانە بکەن، کە سەر بەیەك کێڵگەی واتایین (وەکو ئامۆژن ـ پلك) (مام ـ خاڵ).

بەم شێوەیە واتاناسان بۆیان دەرکەوتووە، کە پێویستە چەمکێکی دی سەبارەت بە مەسەلە واتاییەکان پێش بخرێت و پشت بە ئەو گومانە

ببەستێت، کە یەکە واتاییەکان لە ڕێگەی هەستەوە والا بکات و بەیەکەوە ببەسترێن.
ئەم چەمکەی لەسەر پەیوەندی هەستی بونیادی واتایی دامەزراوە، بە چەند پەیوەندییەکی هەستی لەنێوان یەکە واتاییەکانی دەناسێنێت، ئەو یەکە واتاییانەش هەندێکیان لە دەلاقەی پەیوەندییە گونجاو و پێکهاتەکاندا درکیان پێ دەکرێت و هەندێکیش لە ڕێگەی پەیوەندییە ستوونییەکان (پارادیگماتیکی)(3) دەزانرێن.
لە ڕاستیدا چەند جۆرێك لە پەیوەندی ستوونی (پارادیگماتیکی) لەئارادا هەن، کە دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:-

**اـ هاوواتا**

واتای پەیوەندییە وێکچووەکانی واتا دەگەیەنێ، هەروەك لەم وشانەدا دەردەکەوێ (پاك، خاوێن)، لەڕاستیشدا تاوتوێکردنی دیاردەی هاوواتاکان وەکو ڕاهێنانێکی زمانەوانی وایە، کە پەیوەندی بە پرۆسەکانی خوێندن و فێرکردنەوە هەیە، بەلام پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە یەکە واتاییەکان بە کەمی هەلگری هەمان واتا دەبن، چونکە هەموو واتایەك کێلگەیەکی واتایی لە ڕووی شێواز و جوگرافیا و سۆزەوە جیاوازە لە واتای تر....هتد. سەرباری ئەوەش ئەو بەکارهێنانەی ئەم یا ئەو مانایەی تێدا ڕوودەدات، ئەوە ئەو دەوروبەرانە بە تەواوەتی هەمەچەشنی واتا و جوداکارییەکانی دەستنیشان دەکات.(4)
بەلگەش لەسەر ئەمە لەوەدا بەرجەستە دەبێ، کە دوو یەکەی واتایی لەڕستەیەکدا بۆیان هەیە هاوواتای یەکدی بن و لە ڕستەیەکی دیدا دژواتای یەکدیش بن. هەردوو وشەی (هەمەچەشن/ هەلبژاردن) بە دوو وشەی هاوواتای ناو ڕستەیەك هەژمار دەکرێن، وەکو:
ئەم (هەمەچەشن/ هەلبژاردن)ەی کەلوپەلەکانی ناو مال چەند جوانە.
-What a nice (range/selection) of furnishings.

بەڵام لەم ڕستەیەدا هاوواتا نین، وەکو:
لەوێ زنجیرەیەك چیا هەیە.
-There is the mountain (range/*selection).
* لەوێ هەڵبژاردنێکی چیایی هەیە

ب ـ گرتنەوە Hyponymy

ئەمجۆرەی واتا زۆر بەربڵاونییە، بۆ چەمکی لەتویێگرتن و لەخۆگرتن دەگەڕێتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە (x) جۆرێکە لە (y)، واتە یەکەم (x) لەتوێی دووەمدایە (y)یە، نموونەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە، کە یاسەمین لە ڕەگەزی (گوڵە) و ئۆتۆمبێل لە ڕەگەزی بارهەڵگر و عەرەبانەکانە. سەرباری ئەوەش دەکرێ ژمارەیەك لە یەکە واتاییەکان (کە هەر یەکێکیان ڕەگەزێك پێك بهێنێت)، واتە سەر بە ڕەگەزێکی گەورەتر بێت.


جارێکی دی پێویستە جەخت لەسەر ئەم شیکردنەوەیە بکەینەوە، کە شیکردنەوەیەکی زمانییە و شیکردنەوەیەکی جیهانی ڕاستەقینە نییە، چونکە زمانە مرۆییەکان لە پۆلێنکردنی وشە و ڕەگەزدا جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە لە زمانی ستانداردی یۆنانی یەکە واتاییەکانی: دارتاش و پزیشك و مۆزیکژەن و ناوی پیشەکانی دی، هەموو سەر بە ڕەگەزێکن، کە پێیان دەوترێت (demiourges)، لەکاتێکدا کە ئەم ڕەگەزە هیچ بەرانبەرێکی لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا هیچ ناوێکمان نییە بۆ ڕەگەزێکی پیشەیی وامان لێ بکات بڵێین یەکەکانی (دارتاش) و (پزیشك) سەر بە ڕەگەزێکی دیاریکراون، لەلایەکی تریشەوە لە زمانی ئینگلیزیدا یەکەی واتایی (پەتاتە) لە ڕەگەزی (سەوزەوات)ە، بەڵام ئەم یەکەیە واتە پەتاتە لە زمانی ئەڵمانیدا لەتوێی ڕەگەزی سەوزەوات نییە.

ئەم دیاردەیە لە جیهانی گیانداران بەڕوونی دەردەکەوێت، لە زمانی ئینگلیزیدا ئاژەڵ یەکەیەکی واتایی تەمژاوییە، چونکە ئەم یەکەیە لە سێ ئاستی هەرەمیدا بەکار دەهێنرێت:

أ- بۆ ڕەگەزی شتە زیندووەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە دژواتا دەبێتەوە لەگەڵ یەکەی واتایی سەوزەوات، بەڵام وشەکانی وەکو (پەلەوەر، ماسی، زیندەوەران) دەگرێتە خۆ.

ب - دژواتای یەکە واتاییەکانی وەکو پەلەوەر و ماسی و زیندەوەرانە، کەچی وشەکانی وەکو مرۆڤ - و دڕندەکان لەخۆ دەگرێ.

ج - دژواتای یەکەی واتایی (مرۆڤ)ە، بە گشتی هاودژییەکان لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:




ج - دژواتا (antonym)

ئەم جۆرە بریتییە لە پەیوەندییە دژواتاکانی (پێچەوانەکان)ی واتا. توێژەرەکان لەپێشدا وا گومانیان دەبرد، کە ئەم جۆرە سەر بە(هاوواتا)کانە، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە، هەروەکو لەپێشدا ڕوونمان کردەوە، کە لە واقیعدا هاوواتای تەواو و ڕاستەقینە نییە، بەڵام چەندەها جۆر دژواتا هەن. گرنگترین جۆرەکانی دژواتا ئەمانەن:

1- دژواتای پلەدار

وەکو: گەورە / بچووك، باش/ خراپ. ئەم دژواتایەش بوار بۆ گوزارشتکردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکان دەرەخسێنێت، وەکو: زۆر گەورە ـ گەورەتر، زۆر بچووك، بچووکتر ـ تاڕادەیەك بچووك.

2. دژواتای بێ پلە

ئەم جۆرە دژواتایە بوار بۆ گوزارشتکردن لەپلە واتاییە پێچەوانەکانی ئەم وشانە نارەخسێنێت، وەکو: ڕەبەن/ خێزاندار/ نێر/ مێ، چونکە ناماقووڵە بڵێین: زۆر نێرە، یان بڵێین تاڕادەیەك خێزاندارە.

3. دژواتای پێچەوانە

ئەم جۆرە دوو ڕووی هەیە، کە پشت بەیەکدی دەبەستن وەکو: دەکڕێ/ دەفرۆشێ یان باوك / کوڕ.

د- وێکنەچوو (Incompatibility)

کۆمەڵە یەکەیەکی واتاسازی کۆکراوە دەچنە ژێر چەتری ئەم جۆرەی پەیوەندی جێگۆڕکێیەوە، کە لە خودی ئەندامانی وتە واتاییەکانەوە، بۆ نموونە: سوور و سەوز... هتد. یەکەی واتایی وێك نەچوو، کە هەموو لەتوێی ڕەگەزی ڕەنگدان، چونکە لەتوانامان‌دا نییە بڵێین ((من بیر دەکەمەوە بە ڕەنگێك ئەویش (سەوز ـ سوور)ە، و لە لایەکی تریشەوە بڵێین یەکەی واتایی (سوور) لەگەڵ یەکەی واتایی تردا وێکنەچوو نییە، وەکو یەکەی واتایی (خرۆکە)، چونکە شتێك بۆی هەیە سووربێت، لەهەمان کاتیشدا خرۆکەش بێت، ئەمەش بێگومان بە وێك نەچوو هەژمار ناکرێت.

بەڵام حاڵەتە ناوازە زمانەوانییەکان وامان لێ دەکەن گومان بەرین کە چەند بەکارهێنانێکی نارێسایی و ناوازەیی لە زمانی ئینگلیزیدا هەبن، چونکە دەبینین ڕەنگی ڕەش و سپی و خاکی هەمیشە لەتوێی ڕەگەزی ڕەنگدا نین، وەکو ئەوەی کە بڵێین فلیمی ڕەش و سپی.

هـ هاوبەشی یەکە واتاییەکان

لەو چەمکە واتاییە پێشقەچووانەی کە پەیوەندییان بە چەمکی هەستی واتاوە هەیە، ئەوانەیە کە زمانەوانی بەریتانی (جێڤری فێرس) (J.Firth) پێشنیازی کرد و ناوی نا (هاوبەشی یەکە واتاییەکان)، ئەم زانایە دەڵێت: ((پێویستە وشە لە ڕێگەی کێڵگەی ئەو هاوبەشییەوە بزانین، کە لەناویدایە))، ئەم وتەیەش فێرس لە پرنسیپی ئاراستە بونیادگەراییەکەی ئەو یەکە واتایانەوە وتویەتی، کە لەگەڵ یەکدی دایە و لەسەر بنەمایەکی پێشبینانە کاردەکەن. بەم شێوەیە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (شقار) شانبەشانی وشەی (شیعر)ە، وشەی (باز)یش شانبەشانی وشەی (مەڕ) دەبێت، جا وشە پەیوەندارەکان وشەگەلێکی پێشبینین دەربارەی یەکدی پێشبینی دەکەن. وشەی (ڕێکوپێك)دەربارەی وشەی (پاك) پێشبینی دەکات، وشەی (دوودڵ) بە وشەی (عەقڵا)ەوە بەستراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیرۆکەی پەیوەستبوونە بیرۆکەیەکی ڕێژەییە، چونکە هەندێك وشە هەن پەیوەستبوونێکی جۆراوجۆر و ناڕێك بەدیار دەخەن، وشەی (Letter) لە زمانی ئینگلیزیدا، پەیوەندی بە زنجیرەیەکی درێژی یەکە واتاییەکانەوە هەیە، وەکو: (ئەبجەدییەت)، لەلایەکی دیشەوە ئەو وشەیە بە یەکە واتاییەکانی وەکو (سندوقی پۆستە و نووسین) بەستراوەتەوە.

سەرباری ئەوەش لێرەدا چەند یەکەیەکی واتایی لەئارادا هەیە، کە پەیوەندیەکی پێشبینی کراویان نییە و لەسەر یەك ئاست و لە یەك چوارچێوەدا بەکار دەهێنرێن، وەکو (get) و (have) لە زمانی ئینگلیزیدا.

هەروەها پێویستە زاراوەی پەیوەندی واتایی و زاراوەی پەیوەندی هزریی تێکەڵ نەکەین، چونکە ڕێچکەی کاری یەکە واتاییە پەیوەندارەکان هیچ پەیوەندی بە پەیوەندییە هزرییەکانەوە نییە، بەم

شێوەیە یەکەی واتایی (قاوە) بۆی هەیە بە ئینگلیزی ببێتە قاوەی سپی، هەرچەندە ڕەنگەکەشی قاوەییە.

لە ڕاستیدا پەیوەندی واتایی لەنێوان زمانە مرۆییەکاندا جودایە، لەوانەشە ببێتە لەمپەرێکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زمانە بیانییەکان، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، واتا بە شێوازێکی دی غەیری ئەو شێوازەی زمانی عیبری گوزارشتی لێدەکرێت، هەروەك لەم دوو ڕستەیەدا دیارە:

- We face problems and interpret dreams. (ئینگلیزی)

- We have to stand in front of problems and solve dreams. (عیبری)

کاتێك کە بە زمانی ئینگلیزی دەڵێین: (ئێمە بەرەنگاری چەند گرفتێك دەبینەوە و ڕاڤەی چەند خەونێك دەکەین)، لە عیبریدا دەڵێین (ئێمە پێویستە لە بەرانبەر گرفتەکان ڕابوەستین و خەونەکان چارەسەر بکەین)، هەروەها لە زمانی یابانیدا کاری (دەخواتەوە) بە (ئاو) و (شۆربا) و (دەفری بچووك) و (جگەرە)ەوە بەندە، پێویستە بزانین پەیوەندیی واتایی هەرچەندە چەسپاو بێ، ئەوەندە لە چەمکی گوزارشتی زاراوەییەوە نزیکە، کە پێویستە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ نەك وەکو چەند بەشێکی پەرتەوازە فێری ببین.

لە کۆتاییدا پێویستە ئێمە پەیوەندیی واتایی، کە هاوبەشییەکی واتاییە و چەند وشەیەکی دیاریکراو دەگرێتەوە، لەو پەیوەندییە هزریی ـ ئاکارییە جودا بکەینەوە، کە هزرەکان لەنێوان خۆیاندا بە پەیوەندییەکی هزری ـ ئاکاری دەبەستێتەوە.

## جیهانی ڕەنگ و یەکە واتاییەکانی

چەمکی ڕەنگ بابەتێکی سەخت و زەحمەت و تەمومژاوییە، چونکە ئەم چەمکە سنوورە واقعییەکان نازانێ، ئەمەش وای لە واتاناسان کردووە، گرنگییەکی تایبەتی پێ بدەن، لەبەرئەوەی گەواهیدەرێکی ڕوونە بۆ بەکارهێنانە واتاییە جۆراوجۆرەکانی بونیادی زمان:

ـ بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (11) یەکەی واتایی سەرەکی ڕەنگ هەیە،کە سپی (white) و ڕەش (black) و سوور (red) و سەوز (green) و زەرد (yellow) و شین (blue) و قاوەیی (brown) و پەمەیی (purple) و (زهری ـ pink)و پرتەقاڵی (orange) و خاکی(grey) یە.

ـ لە لاتینیشدا هیچ یەکەیەکی واتایی نییە بۆ ڕەنگەکانی قاوەیی و خاکی، ئەو یەکە واتاییانەی گوزارشت لەم دوو ڕەنگە دەکەن، بەتایبەتی لە زمانەکانی سەر بە لاتینی و فەرەنسی، ئەوانە چەند یەکەیەکی خوازراوی گروپی زمانی جەرمانییەکانن (ئەڵمانی و ئینگلیزی).

ـ لە زمانی هیندی ـ ئەمریکی (ناڤاهۆ)دا (Navaho) یەك یەکەی واتایی هەیە، بۆ گوزارشتکردن لە هەردوو ڕەنگی قاوەیی و خاکی، سەرباری ئەوەش ئەم زمانە لە ڕووی فەرهەنگییەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەنگی سەوز و شین دانانێت، لەلایەکی تریشەوە لەم زمانەدا دوو وشە هەن گوزارشت لە ڕەنگی ڕەش دەکەن، وشەیەکیان بۆ ڕەشایی تاریکی و ئەویتریش بۆ ڕەشایی بابەتەکان، وەکو (خەڵووز ـ ڕەژوو).

ـ لە زمانی ڕووسیدا دوو وشە هەن گوزارشت لە ڕەنگی شین دەکەن، کە هەردوو وشەی (gluoboj) و (sinij)ن، هەرچی زمانی ئینگلیزیشە بۆ ناسین و جیاکردنەوەی نێوان شین و نیلی و شینی ئاسمانی، وشەی هاریکاری تێدا بەکار دەهێنرێت.

ـ لە زمانی هەنگاریدا بۆ گوزارشتکردن لە ڕەنگی سوور (red)، دوو وشە هەیە.

ـ لە یابانیشدا وشەی (awe) لەوانەیە ڕەنگی سەوز (green) یان ڕەنگی شین (blue) یان ڕەنگێکی هەڵبزڕکاو (pale) بگەیەنێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی ڕستەکە (کە لە بواری چەند یەکەیەکی، وەکو سەوزەوات (سەوز) و دەریا (شین) و هەور(هەڵبزرکاو)ەوە دێت.
ـ لە چەند زمانێکی (غینیا)دا، تەنها دوو وشە هەن، کە گوزارشت لە هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەش دەکەن.
ـ لە زمانی هانۆنی فلیپینیدا، تەنها چوار وشەی سەرەکی هەن، کە گوزارشت لە ڕەنگەکان بکەن، کە ئەمانەن: ڕەش و سپی و سوور و سەوز.
ـ لە هەندێك زمانی ئەفریقیشدا، وەکو (شونە و باسە) زۆر سەختە ڕەنگەکان بە وشەکان گوزارشتیان لێ بکرێت، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە نیگارکێشیەکی بۆ بکەین تا لە پۆلینکردنەکانی تێبگەین:

| | نیلی | شین | سەوز | زەرد | پرتەقاڵی | سوور | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئینگلیزی | نیلی | شین | سەوز | زەرد | پرتەقاڵی | سوور | |
| شونە | سیبووکا | | سیتیما | | سیسینا | سیبوکا | دوو زمانی ئەفریقیاین |
| باسە | هوی | | | زیزا | | | |

بەم جۆرە دەبینین جیاوازییەکانی زاراوەکانی سەر بە ڕەنگەکان لە زمانە هەمەجۆرەکاندا سەرسوڕهێنەرن. ئەمەش وامان لێ دەکات بگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە هەموو زمانێك سیستەمی تایبەتی و هەڕەمەکی هەیە، بەڵام ئەو توێژینەوەی کە هەردوو توێژەر بێرلین ( B. Berlin) و پۆکای (pokey) ساڵی 1969 پێشکەشیان کرد، پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت، ئەوەبوو پاش لێکۆڵینەوەی سیستەمەکانی ڕەنگ لە (98) زماندا، ئەم دوو زانایە گەیشتنە ئەوەی کە گروپێکی ڕەنگی کە لە (11) ڕەنگ پێك دێت، هەموو زمانەکانی مرۆڤ بەکاریان دەهێنن، بەڵام ئەمە ئیتر دەرەنجامێکی ڕێژەییە و باس و خواسێکی زۆر هەڵدەگرێ.

جا پەیداکردنی تۆمارێکی باوەڕپێکراو و ڕاستودروست، لە زاری قسەکەرانی زمانی زگماکەوە، گرفتێکی ڕێبازمان بۆ دروست دەکات، بەتایبەتی گەر ئەم حوکمەیان لەسەر زمانەکانی دی بونیاد نرا بێ، کە پێشوەخت فێربوو بێتن، سەرباری ئەوەش هەندێك زمان هەن کە (12) زاراوەی سەرەکیان هەیە، بۆ نموونە زمانی ڕووسی، بەهەرحاڵ توێژینەوەکانی ئەم دوو زانایە هەندێك خاڵی وێکچوویان لە توێی زنجیرەیەکی زۆری زمانە جیهانییەکاندا چەسپاندووە.

**بەراوردی زاراوەکانی خزمایەتی**

توێژەران لە کێڵگە واتاییەکانی دیکەیان کۆڵیوەتەوە، کە بە بەراوردی خزمایەتی ناوزەد دەکرێت، لەم بوارەدا چەندەها جیاوازی و پێچەوانەییان لە دووتوێی زمانە مرۆییەکاندا دەست نیشان کراوە:

- زمانی هەنگاری تاکو سەدەی (19) هەردوو زاراوەی (برا) و (خوشك)ی تیادا نەبووە، هەرچەندە دوو زاراوەی جیای تێدا بووە، یەکێکیان بۆ (برا - چ بچووك و چ گەورە) و ئەویتریشیان (خوشك - چ گەورە و چ بچوك).
- زمانی مالیزیش، یەك زاراوەی بۆ (ئامۆزا - کوڕەمام) و (برا) و (خوشك) تێدایە.
- لە زمانی سویدی یەك زاراوەی سەربەخۆ بۆ (باپیر) یان (داپیرە) نییە، بەڵکو بۆ (باپیرە - باوکی باوك) (farfar) و (باپیرە - باوکی دایك) (morfar) و (داپیرە - دایکی دایك) (mormor) بەکار دەهێنرێت.
- هەروەها لە یەکێك لە زمانەکانی ئوسترالیادا زاراوەگەلێك هەن، کە گوزارشت لە نەوە دوورەکان دەکەن، بۆیە دەتوانرێ وشەی (maili) بۆ (باپیر - باوکی باوك) و لەهەمان کاتیشدا بۆ خوشك (ژنی کوڕی) بەکاری بهێنێت، تێبینی ئەوەش دەکەیت کە ئەم دوو مانایە چەندە لە یەکەوە دوورن.

ـ لە لاتینیشدا جیاوازییەك لەنێوان برای باوك (مام) و خوشكی باوك (پلك) و برای دایك (خالّ) و خوشكی دایك (میمك)دا هەیە، بەرانبەر بەمەش زمانە تازەكان ئەم چەمكانەیان لە دوو زاراوەی  مام و خالّ و پلك و میمكدا چڕكردۆتەوە، هەروەك زمانی فەرەنسی كە ئەم شێوازە كورتكراوەیە تێدا ڕەچاو كراوە.

## نیشانە و جێناوەكان

توێژەران بە هەمان شێوە لە (نیشانە و جێناوەكان)یان كۆڵیوەتەوە و چۆنێتی دابەشكردنیان بەسەر زمانە مرۆییەكاندا تاوتوێ كردووە، ئەو مەرجانەی كە كاریگەرییان لەسەر ڕەوشی بەكارهێنانی ئەم زاراوانە هەیە، بۆتە مایەی ڕاكێشانی سەرنجی واتاناسان، ئەو زانایانە بینیان كە هەر زمانێك كۆمەڵە زاراوەیەكی تیادایە، كە لە ڕوانگەی گەڕانەوە بۆ بارودۆخ و شوێنكاتی قسەكەرەكە دركی پێ دەكرێت، ئەم كۆمەڵەیەش لە دووتوێی سێ جۆری سەرەكییدایە:ـ

ـ (نیشانە و جێناوە كەسییەكان)، وەكو (من و تۆ)، ئاماژەیە بۆ ئەو مرۆڤەی لە كاتی ئاخاوتندا قسە دەكات.

ـ (نیشانە و جێناوە پەیوەندیدارەكان)، ئاماژەیە بۆ جیاكردنەوەی كاتی قسەكردنەكە و پەیوەندی بە كەس  و شتی تریش، وەك ( ئەمە،ئەوە، ئێرە، ئەوێ)، وەك (وەرگرە)،(بڕۆ)، زاراوەی (وەرە) ئاماژەیە بۆ نزیكبوونەوە لە قسەكەر، واتە (وەرە بۆ ئێرە)،نەوەك (بڕۆ بۆ ئێرە).

ـ (نیشانە و ئاماژەكانی كات)، نیشانەكانی كات، كاتەكان لە یەك جودادەكاتەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ خودی قسەكەرەكە، وەكو: ئێستا و دوێنێ و ئەوكاتە، یان بە گەڕانەوە بۆ چەند جۆرێكی هێما كاتییەكان.

ـ هاوبێژی(5)

هاوبێژی وا دەگەیەنێ کە زاراوەی (lexeme) لە یەك واتا زیاتری هەیە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا یەکەی زمانەوانی (chip) یەك پارچەدار یان خۆراك وەك ئامێرێکی ئەلکترۆنی دەگەیەنێت(6)، لە ڕاستیدا قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی لەمبارەیەوە هیچ گرفتێکیان نییە، کە وشەی (chip) کۆمەڵێ واتای جیاوازی هەیە.

ـ زاراوەی (homonymy) ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی نووسین و بێژەکردنەوە یەکن بەڵام مانای جیاوازیان هەیە وەک وشەی (bank) لە ئینگلیزیدا مانای جیاوازی هەیە،١- کەناری ڕووبار، ٢- باڵەخانەی بانق، ٣- گردۆڵکەیەکی درێژکۆڵە. جا قسەکەری زمانی ئینگلیزی بە هەمان شێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە بەرەنگاری هیچ دژوارییەك نابێتەوە، چونکە ئەم یەکەیە لە دوو وشەی جودا پێك دێت.

ـ زاراوەی هاودەنگ(homophones) واتای هاودەنگی دەگەیەنێ، لەدوو یەکە پێك دێت، کە هەمان وەتەرە دەنگییەکانیان هەیە، بەڵام لەڕووی نووسین و واتاوە جودان، وەکو (threw) و واتە فڕێدان (through) واتە بەناویدا. (7)

ـ زاراوەی هاوبەشی نووسین (homographs)، لە وشەیەك پێك دێت، کە خاوەن شێوەیەکی دەنگی نووسینە، بەڵام بە دوو دەربڕینی جیا. دیاردەی هاوبەشی نووسین دیسانەوە لە زمانی عەرەبیدا بە فراوانی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: (ئاخاوتن ـ الکلام)، ئەگەر( فەتحە ـ سەر) لەسەر پیتی (ك)ەکەی بێت (الكَلام)، ئەوە واتای قسەکردنە و ئەگەر (کەسرە ـ ژێر) لەژێر پیتی (ك)ەکەی بێت (الكِلام)، ئەوە واتای (برین ـ زام) دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەر (زەممە ـ بۆر) لەسەر (ك)ەکەی بێت(الكُلام) ، ئەوە واتای زەوی بەپیت و چاك دەگەیەنێت. هەروەها وشەی (بر)، ئەگەر( فەتحە ـ سەر) لەسەر پیتی (ب)ەکەی بێت (بَر)، ئەوە واتای وشکانییە و ئەگەر (کەسرە ـ ژێر) لەژێر پیتی (ب)ەکەی بێت

(بڕ)، ئەوە واتای چاکە دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەر (زەممە- بۆر) لەسەر (ب)ەکەی بێت(بُر) ، ئەوە واتای گەنم دەگەیەنێت.

ئەم جیاکارییە بونیادگەرییە واتاییە زۆر ڕوون و دیارە، فەرهەنگە زمانەوانییەکان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام مەسەلەکە بۆ توێژەرێکی واتاناس سانا نییە، کە لەبەراییەوە بڕیار بدات چ کارێك دەکات و چارەسەری چی دەکات، پاش ئەوەش فەرهەنگە زمانەوانییەکان هەندێك جار لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا جودا و ناکۆکن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (table) کە کەلوپەلی ناوماڵ دەگەیەنێت (furniture) و (table) کە لیستێکی ڕێکی تۆمارەکان دەگەیەنێت (arrangement)، ئایا دەتوانین بڵێین دوو وشەی جودان، یان وشەیەکن بۆ دوو واتای جیاواز؟. ئەم گرفتەش بە هەمان شێوە بە خەستوخۆڵی لە بواری زمانەوانی عەرەبیدا باسکراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی توێژەری واتاسازی جاری وا هەیە لە پۆلینکردنی هەندێك وشە، بۆ هەندێك خانەی واتایی دیاریکراو سەری سوڕدەمێنێ، ئایا دەتوانین وشەی (چرب) واتای ئەنجامدانی کاری لێدانە و (چرب)ێکی تریش واتای حیسابکردن و کەڕەت (جاران) بە دوو وشەی جیا دابنێین!! یان هەردووکیان یەك وشەن و دوو واتای جیاوازیان هەیە ؟! گرفتەکە لە لای ئێمە کاڵتر و سووکترە، ئەویش لەبەر بوونی (تیۆری ڕەگ) کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە و هەموو ئەو واتایانە بۆ یەك ڕەگی (چ، ر، ب) دەگەڕێنێتەوە، بەڵام گرفتەکە لەبەر دووری هەردوو واتای ڕەگە زمانییەکە (کامەران لێدانێکی بە ئازاری لە ڕزگار دا)، (کامەران خشتەی بیستەکانی لە خشتەی سییەکاندا) و (کامەران شەشەکانی لە پێنجەکاندا.

بە گشتی فەرهەنگەکان لەسەر ئەم ڕایەی دووەمن، چونکە هەردوو وشەکە وێکچووی یەکدین، بەڵام لەلایەکی ترەوە توێژەری واتاسازی تووشی سەرسوڕمانی دەبێت، کە دەبینێ (pupil) دەکاتە قوتابی

قوتابخانە (in school)، و (pupil) دەکاتە گلێنەی چاو (of the eye)، هەردوو وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە دوو وشەی جۆراوجۆرن، هەرچەندە هەردووکیان لەیەك بنەچەوە هاتوون. هەمان گیروگرفت رووبەرووی زمانی عەرەبی دەبێتەوە، بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (كَتب)، واتای ئەنجامدانی کاری (نووسین)ە، و (كُتب)ە، واتای فەرزکردنی ئایینییە، ئەم دوو وشەیە یەك ڕەگیان هەیە، کە ئەم پیتانەن (ك، ت، ب)، بەڵام هەردوو واتاکە زۆر لەیەکدییەوە جیاوازن، (کامەران نامەکەی نووسی)، ((يأيها الذين آمنوا كتب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم لعلكم تتقون))، وشەی (كُتب)، لێرەدا فەرزکردنی ڕۆژووگرتن دەگەیەنێت، واتە (ئەی باوەڕداران خودای گەورە ڕۆژووی لەسەرتان فەرزکردووە، هەروەك ئەو ڕۆژووەی لەسەر نەتەوەکانی پێش ئێوەشی فەرزکردبوو، ئەم فەرزکردنەی ڕۆژووەش بۆ ئەوەیە بەشکو بە تەقوا بن و بەو تەقوایە ترسی خوداتان لەدڵدا زیاتر بێت).

بەهەرحاڵ ململانێی نێوان پێوانەی مێژوویی و پێوانەی هەنووکەیی لە چارەسەرکردنی (هاوبێژی) بە هەموو جۆر و ئاستەکانییەوە هەر بەردەوام دەبێت.

13ـ پێکهاتە واتاییەکان

ڕێگەیەکی دیکەش هەیە بۆ توێژینەوەی واتاکانی یەکە واتاییەکان (lexeme)، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی زنجیرەیەك لە (پێکهاتە واتاییەکان) یان (ئادگارە واتاییەکان) (semantic features)، بۆ نموونە یەکەی واتایی (پیاو) دەشێ لەسەر ئەو بنەمایە شی بکرێتەوە، کە (+باڵغ)، (+مرۆڤ)، (+نێر)... هتد دەگەیەنێت.

ئەم ڕێبازە واتاییە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا دایاننلوە و بەکاریان هێناوە، ئەویش بۆ ئەنجامدانی وردەکارییەکی وشە زمانەوانییەکانی دووتوێی کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرییە هەمەچەشنەکان، کە پاش ئەوانیش

واتاناسان وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ شیکردنەوەی واتا و لقوپۆپەکانی بەرەو پێشەوەیان بردووە.

هەموو ئەو سیستەمە پەیوەندییانەی بە یەکەوە بەستراون، دەشێت لەڕوانگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێکی بچووکی (ئادگارە واتاییەکان)ەوە بونیاد بنرێن، بۆ نموونە ئادگارەکانی وەکو (باڵغ / ناباڵغ) و (نێر / مێ)، دەکرێ بەم شێوەیە بەکاربهێنرێن:

- پیاو: (باڵغ، نێر)
- ئافرەت: (باڵغ، مێ)
- کوڕ: (ناباڵغ، نێر)
- کچ: (ناباڵغ، مێ)

دەشتوانین هەمان ئەو ئادگارانە لە جیهانی ئاژەڵاندا بەکاربهێنین، هەروەك لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دیارە:

| ژ | نێر | مێ | ناباڵغ |
|---|---|---|---|
| 1 | گا | مانگا | گۆلك |
| 2 | بەران | مەڕ | کار |
| 3 | یەکانە | مالۆس | بەچکەی بەراز |

بەراوردکارییەکانی ئەم شیکردنەوە واتاییە بەگشتی لە بواری بەکارهێنانی ئاماژەی (+) یان (-) دەبەسترێت، کە لە وێنەیەکی دیاریکراودا دادەنرێت، وەکو (+ نێر، ـ نێر) یان (+ مێ، ـ مێ).

بۆ کورتکردنەوەی زانیارییەکانی پێشوو، دەتوانین یەکەکانی خوارەوە شیکردنەوەیەکی واتایی بکەین، بەم شێوەیە:-

| | گا | بەران | یەکانە | مانگا | مەڕ | مالۆس | گۆلك | مەڕ | بەچکە بەراز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | + | + | + | - | - | - | (+/-) | (+/-) | (+/-) |
| مێ | - | - | - | + | + | + | (+/-) | (+/-) | (+/-) |

لە ڕاستیدا ئەم شیکردنەوە واتاییە لەگەڵ ئالۆزبوونی یەکە واتاییەکان زیاتر گرنگی وەردەگرێت، با ئێستا چەند نموونەیەك دەربارەی هەندێك لە چەمکە مرۆییەکان (کار)ەکان بهێنەوە:-

| | سروشتی | پەلە | بە یەک ئاراستە بۆ پێشەوە | هەمیشە یەک پێ لەسەر زەوی |
|---|---|---|---|---|
| دەڕوات | + | - | + | + |
| دەری دەخات | - | + | + | + |
| ڕا دەکات | - | + | + | - |
| سەر دەکەوێت | - | - | + | + |

جا لە بواری بەکارهێنانمان بۆ ئەم شیکردنەوە واتاییە، دەتوانین بە ئاسانی کەلێنە واتاییەکانی هەر زمانێك بدۆزینەوە، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی پێشوو زاراوەی (یەکەی واتایی) دەرناخات، کە گوزارشت لە چەمکی ئەو مرۆڤە بکات، کە پێیەکانی بۆ جووڵەکردنی بۆ پشتەوە بەکار دەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە هیچ سانا نییە، کە ئادگارە واتاییە گونجاوەکانی ئەم زاراوەیە بچەسپێنین،کە ئایا شێوازێکی دووانەیی (+ / ـ ) پراکتیزە دەبێ یاخود نە: ئایا کاری (مەلە دەکات) بۆ نموونە (+ خێراکردن)ە، زاراوەی شۆربا، ئایا (+ خواردن) یان (- خواردن)ە؟.

14- واتای ڕستە

تویژینەوەی واتا پەلکێشمان دەکاتە ناو تاوتوێکردنی پلەکانی لەسەرتاپای جەستەی زمانەوانیدا، لەهەمان کاتیشدا سەختی و دژواری کێشانی هێڵێکی ڕوون و جیاکەرەوە بە پێکهاتەی واتایی، هەر چوارچێوەیەکی زمانەوانی دەچەسپێنێ، لەپێشدا گرنگپێدانەکان هەموو لەسەر واتای وشەکان چڕ دەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ واتاسازی تازە گرنگی بە شیکردنەوەی واتای ڕستە دەدات، یان بەلایەنی کەمەوە گرنگی بە

ڕووەکانی واتای ڕستە دەدات، ئەو ڕووانەی توێژینەوەی یەکە واتاییە (lexemes)، ناتوانن بە تەنهایی بیاندۆزنەوە.

أ ـ واتای دەنگی

واتای دەنگی ئەو واتایەیە، کە ڕێچکەی درکاندنی ڕستە بە بەکارهێنانی ڕووی دەنگی زمان پەیدا دەبێت، چونکە هەر گۆڕانکارییەکی ڕەچاوکراو لە جەختکردنەوە بۆ نموونە شیمانەی ئەوە هەیە، کە پەلکێشمان بکاتە ناو جەنجاڵی ڕاڤەکردنێکی پەلە و بەگوڕی ڕستەوە. هەر ڕستەیەك لەم ڕستانە واتایەکی تایبەت و جیاوازیان هەیە، کە لە بەکارهێنانی نەبرەی دەنگییەوە سەرچاوە دەگرێ:

1- John bought a red car (not a red bicycle).

جۆن ئۆتۆمبێلێکی سووری کڕی (نەک پاسکیلێکی سوور)

2- John bought a red car (not a green one).

جۆن ئۆتۆمبێلێکی سووری کڕی (نەک ئۆتۆمبێلێکی سەوز).

3- John bought a red car (not Bill).

جۆن ئۆتۆمبێلێکی سووری کڕی (نەک بیل).

پێوانەی دەنگی وامان فێر دەکات، ئەو زانیارییەی بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕستەوە فێری دەبین (واتایەکی کۆنە) و بەهەمان شێوەش فێرمان دەکات، کە بەدەستهێنانی زانیارییەکی تایبەت دەربارەی ئەو ڕستەیە (واتایەکی تازەیە). ئەم پێوانە دەنگییە واتاییە لە زمانی عەرەبیدا هاوشێوەکەی پێوانەی ڕێزمانی واتاییە، چونکە واتا هەمەچەشنەکان لێرەدا لە پاشخستن و پێشخستنەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە کە دەڵێم (ئۆتۆمبێلە سوورەکە کامەران کڕی)، لەم حاڵەتەدا من ئەو شتە نەفی دەکەم، کە بڵێم (کامەران پاسکیلێکی سووری کڕیوە)، کاتێکیش کە دەڵێم (کڕیویەتی کامەران ئۆتۆمبێلێکی سوور)، ئەوە مانای ئەوەیە من جەخت لەسەر ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکە دەکەمەوە، ئەویش لە گوزەرگای ئەو شێوازەوە کە لەلای ڕێزمانزانەکانی عەرەب بە (قطع

الصفه عن المصوف) ناسراوە، (واتە بڕینی سیفەتەکە و جوداکردنەوەی لە کەسە وەسفکراوەکە)، واتە وشەی (سوور) لێرەدا سیفەتی ئۆتۆمبێلەکە نییە، بەڵکو (گوزارە) بۆ (نیهاد) حەزف کراوە و خەملاندنەکەی (سوور)ە، کاتێکیش دەڵێم (کامەران کڕی ئۆتۆمبێلی سوور) لەم حاڵەتەدا جەخت لەسەر خودی (کامەران) دەکەمەوە، چونکە ڕستەکە وەڵامدانەوە و پرسیاری کەسێکە پرسیاردەکات: (کێ کڕیویەتی ئۆتۆمبێلێکی سوورە.

ب ـ واتای ڕێزمانی

ئەو قسانەی لەسەر بونیادی شیکردنەوەی ڕێزمانی دامەزراون، دەشێ لە ڕووی واتاییەوە شی بکرێنەوە.

بۆ نموونە ئەم ڕستەیە:

ـ John read a book yesterday

(جۆن دوێنێ کتێبێکی خوێندەوە)

ـ subject + verb + object + adverbial

ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەتوانین لە ڕووی واتاییەوە شیکردنەوەی بکەین و بڵێین لەم شتانە پێکهاتووە: بکەر، کارێك دەکات و کارەکە دەکەوێتە سەر بابەتەکە لە کاتێکی دیاریکراودا.

لە ڕاستیدا زۆر شت هەن دەکرێ دەربارەی ڕۆڵە واتاییەکان (semantic roles) بیدرکێنێ، کە توخمە ڕێزمانییەکان ئەنجامی دەدەن، ئەم مەسەلەیەش دەکەوێتە نێوان کێڵگە واتایی و کێڵگە ڕێزمانییەکان.

ج ـ واتای ئەرکی (پراگماتیکی)

ئەو فەرمانەی ڕستە لە تەواوی ئاخاوتندا گەڵاڵەی دەکات، پێویستە بە هەند وەربگیرێت، واتا لە ڕستەیەکی ئینگلیزی، وەکو ( there is some chalk on the floor)(هەندێك تەباشیر لەسەر زەوی دایە)، ڕوون و ئاشکرایە و هیچ تۆزێکی لەسەر نییە، بەڵام ئەم واتایە هەندێ جار

لەوانەیە پرسیارکردن بێت لە حاڵەتێکی ڕاستەقینەدا: واتە بوترێت: (have you seen any chalk) (ئایا هیچ پارچە تەباشیرێکت بینیوە؟). لە هەندێ حاڵەتی تریشدا لەوانەیە ئەو ڕستەیە وەکو فەرمانێك شرۆڤە بکرێت، بەتایبەتی کاتێك مامۆستا فەرمانێك دەدا بە قوتابییەك، بە ئاماژەکردن بۆ تەباشیرەکەی سەر زەوی، واتە: تەباشیرەکە هەڵبگرە. بەهەرحاڵ توێژەران ئەمڕۆ لەو واتا فەرمانیانەی ڕستەدا ڕۆ چوونە، کە ئاوێتە و تێکهەڵکێشی واتاییەکان دەبن.

واتای ئەرکی لە ڕستەی کوردی و عەرەبیدا فراوانە و چەندەها لق و پۆپی هەیە و زانا عەرەبەکان بەتایبەتی (جاحیز) و (جورجانی) بە چڕی باسیان لێوە کردووە، چونکە ڕستەی (پرسیاری) لە زمانی عەرەبیدا یەك واتای پرسیاریی لێ دروست ناکات، بەڵکو ماناگەلێکی خاوەن چەند ئەرکی و فەرمانمان بۆ دورست دەکات، کە هەندە پشت بە بونیادی ڕستە نابەستێت، بەو ڕادەیەی پشت بە فاکتەرەکانی دەرەوەی بونیادەکەوە دبەستێت، وەکو فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ڕۆشنبیری و فاکتەرەکانی دەوروبەر، کە سەرچاوەکەی (دەق)ە و دەشتوانین لەم نموونانەی خوارەوە درك بەم شتانە بکەین:(8)

1ـ ئایا تۆ لە دۆزەخیان ڕزگار دەکەیت؟ ـ مانای نەفی کردنە.

2ـ چۆن پێغەمبەرێکە وەك ئێمە خۆراك دەخوات و لە بازاڕیشدا ئاسایی بەڕێوە دەڕوات؟ ـ سەرسوڕمان

3ـ ئایا ڕووداوی سوور ڕەنگەکەی دەزانیّ و ئایا دەشزانیّ کە کام لە ئاوبەخشەکانی ئەو ڕووداوە هەورەکانە؟ ـ ئاواتخواستن

4ـ ئایا دڵ و دەروونمان بۆ کراوە و والاّ نەکرد؟ ـ بڕیاردان

5ـ منیان لەکیس خۆیاندا کە هەرزەکارێك بووم بۆ ڕۆژی جەنگ و سەنگەرگرتن بە کەڵك دەهاتم؟ ـ بەگەورەزانین

6ـ ئەمەیە کە خودا بە پێغەمبەر بۆ ئێمەی ناردووە؟ ـ بە کەمزانین

7ـ کەی خوا سەرمان دەخات؟ چەند چاوەڕێم کردی؟ ـ (دواکەوتن)

8ـ ڕۆژهەڵاتی زەوی لەکوێ و وڵاتی ئەندەلوس لەکوێ؟ من لەکوێ و تۆ لەکوێ؟ ــ (بەدوور زانین)
9ـ لەمانگی ڕەمەزاندا دەخۆیت و دەشکێنیت؟ (سەرزەنشت)
10ـ ئەمەیە کە باسی خواکانتان دەکات؟ ــ (خۆ بەگەورە زانین ـ تووڕەبوون)
11ـ نازانم ئەو شتە کە وادەتان دراوەتێ دوورە یاخود نزیکە؟ ــ هەموارکردن
12ـ ئایا نازانی کە خوداکەت چی بە نەتەوەی (عاد) کرد؟ ــ هەڕەشە
13ـ نەوەی ئیسرائیلمان لە ئازاری زەلیلی لە دەست فیرعەون ڕزگارکرد؟ ــ گەورەکردنەوە
14ـ تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ گومڕا بوویت بگەڕێرەوە ــ هۆشداری
15ـ ئەی قوتابیان ئایندەیەکی گەشتان پێنیشان بدەم؟ ماتماتیك و زمانەوانی بخوێنن ــ هاندان
16ـ ئایا ئیتر بەس نییە؟ ــ فەرمانکردن
17ـ لێیان دەترسێن؟ خودای گەورە شایستەترە کە لێی بترسێن ــ (دوورکەوتنەوە)
18ـ ئایا سەردانمان ناکەیت تا دڵمان خۆش کەیت؟ ــ پێشکەشکردن
19 ـ ئایا بۆ تاقیکردنەوە ئامادەکاریت نەکردووە؟ــ هاندان

د ـ واتای کۆمەڵایەتی
هەڵبژاردنی ڕستە بۆی هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتەییەکانی نێوان قسەکەران (بەشداربووانی پرۆسەی پەیوەندیکردن) بەتایبەتی ئەو ڕستەیەی کە وشەکان پەیوەندییان بە چەمکی ئەدەب و ڕەقی و ماوەوە هەیە... هتد، کە ئەویش بە دەوری خۆی کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخمان و ڕۆڵمان لە دووتوێی ئەو کۆمەڵەی تیایداین. کاتێك کە گوێگر پرسیارێکی لەلایەن

قسەکەرەوە ئاراستە دەکرێت (مەبەستت چییە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەیت)، ئەم شێوازە مەسەلەی گەورەتر لەو مانایەی یەکە واتاییەکە و ڕستەکە گەڵاڵەی دەکەن دەورووژێنێت، چونکە لێرەدا شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەورووژێنێت کە لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و خاوەن شیفرەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بەرهەم هاتووە.

ە ـ واتای بارکراو (فەلسەفی)

گرنگترین ئاراستە لە واتاسازیدا گەڕانە بە دوای واتای ڕستەیە، ئەویش بە هەماهەنگی چەند بیروبۆچوونێك کە لە فەلسەفە و لۆجیکەوە وەرگیرا بن.

لەم جۆرە ئاراستەیەدا پێویستە جیاوازییەك لە نێوان ڕستە و بارکراوەکان بکەین، بارکراویش یەکەیەکی واتاییە لەڕوانگەی بابەتی ئەو حاڵەتەی باسی لێ دەکات، پێناسە و ڕوونکردنەوەی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئەم یەکەیە حاڵەتێك وەسف دەکات، و شێوەی ڕوون و ڕاشکاوی ڕستە وەردەگرێت، وەکو (ئازاد نێگزی خۆش دەوێت).

لەم ئاراستەیەدا (یەکێکە لە مەرج و پرەنسیپەکانی واتای ڕاستەقینە)، ڕستەکان گوزارشتیان لێ دەکەن بەوەی ئەم بارکراوانە بۆ ڕاستەقینەن یان درۆن، ئەمیش بە گەڕانەوە بۆ جیهانی واقیع (واتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا).

لە ڕاستیدا ئەم تیۆرانە چۆك بۆ مشتومڕ و وتوێژ دا دەدەن، و نیازمەندیشیان بە شارەزایەکی لۆجیکی هەیە، تاکو درك بە کرۆکی ماناکەیان بکەین. بەهەرحاڵ ئەمانە تیۆرگەلێکن تاڕادەیەك بەشداری لە شیکردنەوەیەکی گشتی دەکەن سەبارەت بە تێبینییە واتاییەکانی زمان.

15ـ ڕێزمان یاخود واتا؟

سنووره تەماوییەکانی نێوان واتا و ڕێزمان (واتا و بونیاد)، گرفتێکی دێرینی تیۆری زمانەوانییە، دەشتوانین لە ڕوانگەی چەند ڕستەیەکی ئاساییەوە بەڵگەی لەسەر بێنینەوە، بەڵام بە شتێکی ناوەندی نێوان ڕێزمان و واتا هەژمار دەکرێت، هەندێك ڕستە هەن دەکەونە نێوان گوزارشتی زاراوەیی وەکو (it is raining cats and dogs) (واتە پشیلە و سەگ دەبارێنێ: ئەمە ڕستەیەکە گوزارشت لە بارانێکی بەخوڕ دەکات) و نێوان ئەو ڕێزمانەی کە یاسا زمانەوانییەکان بەکاری دەهێنێت، وەکو:(the man kicked the ball) (واتە پیاوەکە پێلەقەی لە تۆپەکەدا = کە واتایەکی فەرهەنگی ئاسایی دەبەخشێت).

لە توێژینەوەیەکی واتایدا گوزارشتە بەکارهێنراوەکان بەشێوەیەکی ئاسایی و سەرچاوەی لە زماندا کۆکرانەوە، ئەم گوزارشانە لەسەر یەکەی واتایی (think) بونیاد نراون، ئەم توێژینەوەیە ئەم دەرەنجامانەی لێ کەوتەوە:

- Come to think of it.

  کاتێك بیرم لە مەسەلەکە کردەوە ئەوکاتە من

- What do you think?

  ئایا ڕات چییە ؟

- I thought better of it.

  گەیشتمە چارەسەرێکی باشتر

- Think nothing of it.

  گوێ بە مەسەلەکە مەدە

- Think it over.

  پێش بڕیاردان بیر لە مەسەلەکە بکەرەوە

- It does not bear think of it.

  مەسەلەیەکی پووچە و شایانی بیرلێکردنەوە نییە

- I thought you know.

وامزانی شارەزاییت لەو مەسەلەیەدا هەیە

- I think so.

من وای دەبینم

- What I think is.

ئەوەی کە دەبینم ئەوەیە

- I was just thinking aloud.

بەدەنگێکی بەرز بیر دەکەمەوە

- Who would have thought it?

کێ ئەم شتەی بەبیردا دەهات؟

- Who do you think you are?

خۆت بەچی دەزانیت؟

ئەو توێژینەوە واتاییە سەلماندی، کە خەڵکی ئەم جۆرە گوزارشانە دەپارێزن، وەك بەشێك لە پرۆسەی بونیادی ئاخاوتنی پەیوەستدار و کارپێکراو، چ لە ڕووی درکاندن و چ لەڕووی قسەکردنەوە (لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە لە زمانی نووسیندا تێبینی کراو نییە). لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە دەستی خستە سەر ئەوەی ئەم فۆرمە لە ڕستە باوەڕپێکراو و زنجیرەکراوە و فۆرمەلەیەکە لە ڕووی بونیادەوە چەسپاو نییە، هەروەك لە گوزارشتە زاراوەییە چەسپاوەکاندا بەدی دەکرێت، پاشانیش دەکرێ واتاکەی لە گوزەرگای ئەو یەکە واتاییانەوە بزانرێ، کە یاوەرین.

دەرەنجام: بەکارهێنانێکی یەکە زمانەوانییەکان لەئارادا هەیە، کە دەکەوێتە نێوان ئەو پرۆسە ڕێزمانییەی جەخت لەسەر جۆرەکانی ڕستە بەرهەمهێنراوەکان دەکات و ئەو پرۆسە واتاییەی جەخت لەسەر ئەو ئەگەرانە دەکات، کە لە وشە تایبەت و دیاریکراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

ژێدەر

بڕوانە: د. مازن الوعر، دراسات نحويه و دلاليه و فلسفيه فى علم اللسانيات المعاصره، دار المتنبى للطباعه و النشر، سوريه – دمشق، 2001، ص 31- 58.

1- ئەمەش بێگومان شێوازێکە لە زمانی کوردی وعەرەبیدا جیایە، کە بە وشەی دی گوزارشت لەم چەمکانە دەکات: بۆ نموونە برای دایك (خاڵ)ە، برای باوك (مام)ە، و خوشکی دایك (میمك)ە، و خوشکی باوك (پلك)ە .(وەرگێڕ).

2- توێژەرە ئەڵمانەکان یەکەم کەس بوون پرۆگرامی زمانەوانی پراکتیزەکراوی سەر کێڵگە واتاییەکانیان دانا، ئەم کارەش هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو و لە ساڵی (1930)دا ئەنجام درا، لە یەکێك لەو توێژینەوە بەراییانەی (ج. ترير j. Trier) ساڵی 1934 پێی هەستا، دەبینین چۆنێتی گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکانی کێڵگە واتاییەکان لە ئان و زەمانە هەمەجۆرەکاندا دەخاتە ڕوو، وشەکانی زمانی ئەڵمانی لە سەدەکانی ناوەڕستدا و لە ماوەی یەك سەدەدا، گۆڕانکاری بێ وێنەی سەبارەت بە زانست و زانینی بەخۆوە بینیوە، لەساڵی (1200) هیچ کێڵگەیەکی واتایی جودا (وەکو ئاوەڵناو) بۆ وشەی (زیرەکی) لەم زمانەدا نەبووە، بەڵام پاش سەد ساڵ لەو مێژووەوە، وشەکان پێشڤەچوون و ماناکانیشیان لق و پۆپیان هاوێشت. (نووسەر)

3- مەبەستمان لە پەیوەندی ئاسۆیی(سینتاگماتیکی) پەیوەندی توخمی زمانەوانییە لەگەڵ توخمەکانی دی ئەو بوارە زمانەوانییەی کە گرتویەتە خۆ، لە کاتێکدا پەیوەندی ستوونی (پارادیگماتیکی)مانای پەیوەندییەکانی زمانە لەگەڵ ئەو توخمانەی، کە لەوانەیە جێگۆڕکێ لەگەڵ جێگرەوەکانی شایستەی خۆیان بکەن، بۆ نموونە گەر بڕوانینە ڕستەی (ئازاد نانی خوارد)، دەتوانین باس لە پەیوەندییە

گونجاینەکانی نێوان هەردوو وشەی (ئازاد، نان) بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە (ئازاد نانی خوارد) بە (شێرزاد نانی خوارد) بەراورد بکەین، ئەو کاتە خۆمان هەمبەر پەیوەندییەکی جێگۆڕکێیانەی هەردوو وشەی (ئازاد) و (شێرزاد) دەبینینەوە. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: ف. ر. بالمر، علم الدلالە، ترجمە صبری ابراهیم السید، 1986، ص. 143.

4- زانایانی دێرینی عەرەب، باسیان لە دیاردەی (هاوواتا) کردووە و لەمبارەیەوە بیروبۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو، هەندێك لەو زانایانە پشتگیری لە هاوواتاکان دەکەن و باوەڕیان بەوە هەیە هاوواتا لە زماندا هەیە، کەچی هەندێکیشیان دان بە هاوواتا نانێن، لێرەشدا گرنگ ئەو ڕەوشەیە کە دان بە هاوواتا نانێت، بەڵگەشیان لەسەر بۆچونەکەیان ئەوەیە، کە هەموو واتایەك دەوروبەر و ڕێچکە و شێواز و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و پێگەی زمانەوانی خۆی هەیە، شۆرەتدارترین ئەو توێژەرانە (جاحیز)ە، کە لە ڕووی شێواز و سۆز و جوگرافیا و دەنگ و قافیەوە جیاوازییەکی خستە نێوان وشە هاوواتاکانەوە، بەم شێوەیە لە زمانی عەرەبیدا بەنموونە وشەکانی (غیث ـ باران) لەگەڵ (مطر ـ باران)دا لەڕوانگەی (جاحیز)ەوە جودان و یەك واتا ناگەیەنن، چونکە واتای هەر وشەیەك لەم دوو وشەیە، دەوروبەر و بەکارهێنان و پێگەی جیاوازی خۆیان هەیە، هەرچەندە دوو وشەکە هاوواتان، بەڵام (مطر ـ باران) لە بواری تووڕەیی خوادا و (غیث ـ باران) لە بواری ڕەحمەت و بەزەیی یەزدانیدا بەکاردەهێنرێت... هتد.بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە: الجاحظ البیان و التبیین، تحقیق عبدالسلام هارون، المجلد الاول، ص 20 ـ 250.

5- هاوبێژی لەدیاردەکانی زمانی کوردی و عەرەبییە، و زانا دێرینەکان عەرەب بە وردی و گشتگیری تاوتوێیان کردووە، بەتایبەتی (ئیبن جنی) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (ئەلخەسائیس) و (سیوتی) لە پەرتووکی

(ئەلمزەهەر) و جگە لەوانیش چەندەها زانای دی عەرەب لە پەرتووکی جۆراوجۆردا باسیان لێوە کردووە.

6- زۆر وشە لە زمانی عەرەبیدا زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (عین) مانای چاوی ساحیرانەیە، لەهەمان کاتیشدا چاوی مرۆڤ و سەرچاوە (عین)ی ئاو و چاو(عین)ی حاکم و فەرزی (عەین)، واتە فەرزی سەر تاکەکەسێك دەگرێتەوە... هتد.

7- دیاردەی هاودەنگی لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەربڵاو و فراوانە، وەکو نموونەش: (ما انقطع / ومن قطع) (جاری/ جار) وەرگێڕ.

8- بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم بابەتە، بڕوانە: عبدالعزیز عتیق، علم المعنى، دار النهضة العربية، بيروت،1974 ،ص 104ـ120.

# ئاخافتنێک لەگەڵ بەڕێز دیاکۆ هاشمی

## دەربارەی چۆنیەتی چێکردنی زمانی ستانداردی کوردی

ئامادەکردنی/ عەدنان ئەحمەد

*** با سەرەتای پرسیارەکان بەوە دەست پێ بکەین، (زمانی ستاندارد) چی پێناسەیەکی هەیە لای تۆ؟ باشترین زاراوە لە زارەکانی کوردیدا بەرامبەر بە وشەی (ستاندارد) چییە؟**

کورت و پوخت دەتوانرێ بوترێ "زمانی ستاندارد" دیالێکتێکی دیاریکراوە کە مەودای بەکارهێنانەکەی لە ڕووی تێگەیشتن و بەتایبەت نووسینەوە سنووری دەڤەرەکەی خۆی بەزاندووە و ئاخافتەرانی دیالێکتەکانی تریش زیاتر لێی تێ دەگەن. ئەم دیالێکتە دەبێ توانای ئەوەی هەبێ کە بۆ نموونە لە کاروباری کارگێڕی و حوکوومەتداری و قوتابخانە و وێژە و ژیانی ئابووری بەکار بهێنرێ و بتوانێ هەنگاو بنێت بۆ کەمترین جیاوازیی زمانەوانی.

بەکورتی، "زمانی ستاندارد" دەبێ جیاوازیی هەبێ لەگەڵ زاراوەی ناوچەیی. هەموو زمانێک شێوەزاری تایبەتیی خۆی هەیە کە لە دەڤەرە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێن. زۆر نەتەوە هەن کە زمانی ستانداردی خۆیان دیاری کردووە چونکوو هەست دەکەن کە قۆناغی خێڵ و هۆزیان بەجێ هێشتووە و بۆ پێوەندیی نەتەوەیی و بۆ ڕاگرتنی قەوارەی سیاسی هەبوونی زمانی ستاندارد لایان گرنگە، هەندێ نەتەوەش هەن کە بەوە قایلن زاراوەکەیان تەنیا لە ناوچەیەکدا بەکار بهێنرێ و زۆر بایەخ بە

پێوەندی و یەکگرتنی نەتەوەیی نادەن یان دەمارگیریی ناوچەیی دەبێتە کۆسپێک بۆ ئەو مەبەستە.

تویێژێکی بەربڵاو، دەسەڵاتێکی سیاسی یان فەرهەنگی یان زمانەوانی دەتوانێ لەسەر هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد بڕیار بدات. جاری واشە زاراوەیەک لە درێژایی مێژوودا دەتوانێ لەبەر توانای تایبەتی و هەلومەرجی ئایینی، فەرهەنگی یان سیاسی خۆکار ئامادە ببێت بۆ ئەوەی وەکوو زمانی ستاندارد بەکار بهێنرێت یان جاری واشە هەر خۆی ئەو ئەرکە دەگێڕێ و بەبێ هیچ بڕیارێ دەبێتە زمانی ستاندارد.

لەناو زاراوە کوردییەکاندا، زاراوەی "کوردیی ناوەڕاست" دەورێکی گرنگی گێڕاوە و توانایەکی تایبەتیی هەیە بۆ گەشەسەندن و لێ تێگەیشتنی و دەکرێ وەک زمانی ستانداردی کوردی باسی لێوە بکرێ لەبەر ئەم هۆکارانە:

1ـ نزیکەی دووسەد ساڵە وەک زمانی ئەدەبی و وتاری و خوێندن و چاپەمەنی و لێکۆڵینەوەیی لە ئاستێکی بەربڵاوتر و زیاتردا بەکار هێنراوە.

2ـ وشە و پەیڤەکانی لە سنووری خۆی تێ پەڕیوە و ئاخێوەرانی تری شێوەزارەکانی دیکە، زیاتر پێی ئاشنان.

3ـ لەلای ڕاستەوە، لەلای ژوورووی کرماشانەوە بگرە هەتا داڵاهۆ و سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین و خوسرەوی و خانەقین و مەندەلی و هتد، دراوسێ بووە و تێکەڵ بووە لەگەڵ لەک و کەلهوڕ و گۆران و فەیلی و ئەوان بە وشەکانی ئاشنان.

4ـ لە ناوەڕاستەوە، زمانی پێوەندیگرتن بووە لەگەڵ هەورامییەکان و تا ڕادەیەکی هەرە زۆر هەمووهەورامییەک بەباشی پێی دەدوێ و لێی تێ دەگا و لە مامەڵە و هاتوچۆی بازرگانیی خۆیاندا بەکاریان هێناوە. چوار دەوری هەورامییەکان لە مەریوان و سنە و ڕوانسەر و جوانڕۆوە

بگره هەتا بیاره و تەوێڵە و بەشەکانی تر هەر سۆرانین و هەورامییەکان لەمێژ ساڵە بە وشە و وتەکانیان ئاشنان.

5- لەلای باکووری ڕۆژاوا هەر لە ورمێوه بگره هەتا زاخۆ، دهۆک، بلە و بارزان، ئاکرێ و چۆمان، گەلاڵە، حاجی عۆمەران، ناوچەی سوورچیان و باڵەکایەتی و بەشەکانی تر سنووری بەکارهێنان بووه لەگەڵ کرمانج و هەرکی و بادینی و ئەوان زۆر پێی ئاشنان و بە باشی لێی تێ دەگەن.

6- زمانی گەلێ حوکوومەتی وەک شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووه و هەروەها زمانی حوکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە هەولێر.

7- زمانی کاربەدەستان و سەرۆکەکانی حوکوومەت و پارلەمان و دادگا و دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان بووه.

8- زمانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی ئەکادیمیا زمانەوانییەکانی وەک "کۆڕی زانیاریی کوردستان"، "ئەکادیمیای کوردی" و ئەنستیتۆکانی زمانی کوردی بووه.

9- زمانی کتێبەکان و وانەوتنەوەکانی قوتابخانەکانی کوردستان بووه لە ئاستی خوێندنی سەرەتاییيەوه بگره تا خوێندنی باڵا لە لقە زانستییەکانی وەک دەروونزانی، گیانەوەرزانی، فیزیا، کیمیا، ئابووری و هتد. هەزاران قوتابیی سۆرانی، هەورامی، فەیلی و بادینی بەوه خوێندوویانە و پێی ئاشنان و پەیڤەکانی لایان جێ کەوتوون.

10- زمانی پێنووسینی هەزاران هەزار و بگره ملیێۆنان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بەرهەمی کوردی بووه.

11- فەرهەنگەکانمان بەوه وشەکانیان لێک داوەتەوه.

12- زمانی کەڵە شاعیران و کەڵە هونەرمەندان و گۆرانیبێژانێکی مەزن بووه کە قەت لەبیر ناکرێن.

13- لە ڕووی ئەلفبێ و وشە و ڕێنووس و ڕێزمان و زاراوەسازی زۆر کاری لەسەر کراوه، سامانێکی بێخاوەنە.

14ـ گەلێ پرۆگرامی زۆر تایبەتیی کۆمپیوتەری پێ بەرنامەڕێژی کراوە.
15ـ گەلێ فەرهەنگی سەرهێڵی پێ نووسراوەتەوە.
16ـ نەبوونی نێر و مێ لە کوردیی ناوەڕاستدا، ئەو شێوەزارەی زۆر ئاسانتر کرووەتەوە بۆ فێربوونی ئاخێوەرانی تر.

بەڵام هەرچەند کوردیی ناوەڕاست ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت، هیچکەس ناتوانێ ئەوە بەسەر کرمانج و هەورامی و کەڵهوڕ و لەکێکدا بسەپێنێ ئەگەر خۆیان حەز نەکەن.

"زمانی ستاندارد" لە ناو "کوردستانی گەورە"دا هێشتا مشتومڕی لەسەرە، ئەویش لەبەر چڕیی ئاخافتەرانی زاراوە جۆربەجۆرەکان لە ناوچەی جیاواز و تایبەتیدا و هەروەها لەبەر نەبوونی حوکوومەتی هاوبەش یان باشتر بڵێم "کوردستانی سەربەخۆ" و هەروەها لەبەر نەبوونی ئەلفبێیەکی هاوبەش.

لە باکووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستاندا کورد لەوێ بە کرمانجی و بنزاراوەکانی دەپەیڤن، ناکرێ کوردیی ناوەڕاست بەسەریاندا بسەپێنرێ ئەگەر خۆیان حەز نەکەن بەکاری بهێنن. باشترین شت ئازادیی هەڵبژاردنە.

بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخەکە جیاوازە، لەوێدا دەکرێ کوردیی ناوەڕاست وەکوو "زمانی ستاندارد" بەکار بهێنرێ، چونکوو ئەو زاراوەیە هەمیشە لە قوتابخانە و پێوەندی و ڕاگەیاندنەکاندا بەکار هێنراوە و هەمووان پێی ئاشنان و باش گەشەی سەندووە و لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا توانای گەشەسەندنی زۆر زۆری هەیە، بەڵام بەو حاڵەشەوە نابێ زەبر بخرێتە سەر هەورامییە ئازیز و کەلهوڕ و لەکە خۆشەویستەکانمان. دەبێ بوار بەوان بدرێ کە شێوەزاری خۆیان لە ناوچە و دەڤەری خۆیاندا بەکار بهێنن و هاوکاتیش گرنگیی هەبوونی زمانێکی هاوبەشیان بۆ ڕوون بکرێتەوە. تەنیا ئەو کاتەیە کە هەموومان دەتوانین دەست لەناو دەستی یەک بنێین و

پێکەوە ئامادە دەبین زمانێکی ستانداردی هاوبەشمان هەبێت. ئەو کاتەشە بە دڵخۆشی، هەموو زاراوەکان بە ڕەنگینی و دەوڵەمەندی هەژمار دەکرێن و هەموو ئاخافتەرانیش بە یەکتر شانازی دەکەن.

ئەگەر هەورامی یان کەڵهوڕێک کتێبێ بنووسن و بیانەوێ کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور وەک خۆیان لێی تێ بگەن هەر دەبێ کتێبەکەیان بە کوردیی ناوەڕاست بنووسن. کەوا بێت پێویستیان بە زمانێکی ستاندارد هەیە، هەر کاتێ ڕێز و بایەخپێدان ببینن بێگومان کوردیی ناوەڕاستیش لایان خۆشەویست دەبێت.

لە دەرەنجامدا، لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێ کردن، دەتوانم بڵێم کوردیی ناوەڕاست بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات بە "زمانی ستاندارد" دەبینم و دەشتوانین دڵگەش بین کە جێ دەکەوێ بەمەرجێ بایەخپێدان و ئازادیی دوولایەنە هەبێت و خۆشەویستانی ترمان لە مافی دیالێکتی و پرس و ڕاوێژەکانمان بێبەش نەکەین.

*** ئەگەر زمان گوڵ بێت ئەوە زار جۆرەکانیەتی. یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندی و جوانی و پاراوی هەر زمانێک بوونی زار و شێوە زارە. باشە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک زار و شێوەزاری جیاوازین ئایا ئەو جیاوازییانە بە سوود گەڕاوە بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی زمانی ستانداردی کوردی؟ باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین کەڵک لەو جیاوازییانە وەربگرین؟**

بێگومان هەر شێوەزارێک سامانێکە و بەشێکی دانەبڕاوە لە بەشەکانی تر. دەبێ هەموو وشە و پەیڤەکانی شێوەزارەکان کە بەگشتی بنەمای زمانێکی دەوڵەمەند پێک دەهێنن لە (بنکەدراوە database)ێکدا کۆ بکرێنەوە. دەبێ شوێنی جوگرافیی بەکارهێنانیان دیاری بکرێ. واتای وشەکان بەباشی ڕوون بکرێنەوە و تەنانەت ئەگەر بکرێت هەندێ جار کەڵک لە دەنگ و وێنەش وەربگیرێت بۆ

ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکان. دەبێ جیاوازیی بەکارهێنانی ڕێزمانی دیاری بکرێت، چونکوو خەڵک هەرچی زیاتر لە وشە و چۆنێتیی بەکارهێنانی ڕێزمانی تێ بگات، هەستی زیاتر بۆ وشەکان دەبزوێ و باشتر دەزانێ لە کاتی پێویستدا لەگەڵ زمانی ستانداردا متوربەیان بکات کە هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمانەکە و بۆ هەست پێبەخشین لەلای ئاخافتەرانی تر.

*** شەڕ و ململانێی سیاسی و سەربازییەکان تا چەندە کاریگەری خراپیان هەبووە لەسەر ڕەوتی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی زمان؟ لە کاتێکدا کونفرانسە زمانەوانییەکان لە کۆتایی پەنجاکانی ڕابردووەوە دەستی پێ کرد. تاکو ئێستاش ئێمە دەیبینین بەرهەمێکی کاریگەری نەبووە. دەمەوێت بڵێم ئەو ململانێیانەی کە لەو سەردەمە و دواتردا هەبوون نەگوێزراونەوە بۆ ناو خانە ڕۆشنبیرییەکان و لێکترازان لە نێوان تاکەکانیدا دروست بکات. هەر بۆیە کە لە سەرەتای حەفتاکانیش دەبینین مەسەلەی ستاندارد دێتە ئاراوە هیچ دەرەنجامێکی نابێت. سەرنجت لەو بارەیەوە چییە؟**

هەر ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنێکی سیاسی، ئایینی یان زمانی بێگومان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە یەکتر و دروستکردنی حوکوومەت و دەسەڵاتی جیاوازی ناوچەیی کە لە بەرژەوەندیی کورددا نییە، چونکوو ئەو چەشنە دەسەڵاتانە کز و لاواز و لەرزۆکن. بەرگرێکی گەورەیە لەنێوان لێک تێگەیشتن و گیانی برایەتی و هاوکاری. زۆر ژیرانە نابێ ڕێگە بدرێت بە هەر سووکایەتی پێکردن و ئاژاوەنانەوەیەک لەنێوان ئاپۆرەی کورددا، دەبێ لێژنە و کۆڕ و دەستەی تایبەتی و لێکۆڵەر و چاوەدێر لە پێشدا ئامادە بکرێت بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان زۆر بەخێرایی و زۆر بەوردبینی. هەر ناکۆکییەک زەبرێکی قەرەبوونەکراوەیە لە ڕەوتی پێشکەوتندا. ئەم لێک دووربوونەوە

تەنانەت کاری کردووەتە سەر زمانی ئاخاوتنیش، بۆ نموونە بۆ مەبەستێکی وەک یەک دوو شتی جیاواز بەکار چووە:

**پارتی: "یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"،**
**یەکێتی: "کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان".**

**پارتی: "یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان"،**
**یەکێتی: "یەکێتیی ژنانی کوردستان".**

**یەکێتی: "مەڵبەندی سێ"،**
**پارتی: "لقی سێ".**

**یەکێتی: "لەشکر"،**
**پارتی: "سوپا".**

**پکک: "گەریلا"، "چالاکوان"، "ڕەوش".**
**ئەوانی تر: "پێشمەرگە"، "خەباتکار"، "بارودۆخ".**

**بەشێک لە کۆمەڵە: "گیانبەختکردوو"،**
**لایەنەکانی تر: "شەهید".**

تەنانەت هەندێ لەوانەی وا بیروبۆچوونی چەپییان هەیە لە نووسین و بڵاوکراوەکانیاندا کەمتر گوێ بە لایەنی زمانی دەدەن و خۆ ماندوو ناکەن لە دۆزینەوەی بەرانبەری چەمکەکان بە کوردی.

ئەوە بیرێکی چەوتە کە لە پێشدا ململانێی سەربازی بکرێت و پاشان چاوەڕێ بین بگوێزرێتەوە بۆ خانەی ڕۆشنبیری. کاتێ ڕق و تووڕەیی و ململانێ دروست ببێت زۆر ئەستەمە دۆخەکە هێمنی بە خۆوە ببینێ،

ئێمە دەبێ فێر بین پێش لەوەی بگەینە ئەو ئاستە لەپاڵ مێزی دانووستان دانیشین و بە ڕاوێژ کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

*** ئایا لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە دەرفەتی ئەوە نەبوو تاکو بڕیارێک لەسەر ئەم بابەتە بدرێت و یەکلای بکرێتەوە؟ ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەبووە و نەکراوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

بە ڕای من خۆکار لە باشوور، کوردیی ناوەڕاست وەکوو زمانی ستاندارد بەکار چووە چونکوو زمانی حوکوومەت و پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و ڕاگەیاندن و قوتابخانە و دادگاکان بووە. زمانی تابلۆکانی شارە گەورەکانی وەکوو هەولێر و سلێمانی و دەیان شار و شارۆچکەی تر بووە. زمانی تابلۆی هەڵواسراوی شەقامەکان و فرۆکەخانەکان و نەخۆشخانەکان بووە. تەنانەت لەو ناوچانەی بە هەورامی و فەیلی دەدوێن هەر ئەو زمانە بەکار چووە.

چونکوو ئێمە فێری ڕاوێژ و لەیەکپرسین نەبووین نەمانتوانیوە ئەو باسە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بگشتێنین. هەندێ جار بەبێ بڕیارێ کارێک دەکرێت و خەڵکیش بەو ڕۆگەیەدا دەڕوات.

*** لە زۆرێک لە وڵاتاندا ناوەندێکی ئەکادیمی هەیە بۆ گرنگیدان بە زمان و فەرهەنگ و گەلێک لایەنی زانیاری ئەو میللەتەوە. ئێمەش لە سەردەمانی ڕابردوو و ئێستاش خاوەنی وەها ناوەندێک بووین و هەین ئەوانیش وەک(یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆڕی زانیایی کورد). تۆ ڕۆڵی ئەو ناوەندانە لەمەڕ زمان و چارەسەرکردنی ئارێشەکانی بەردەم زمانی ڕەسمی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

لە وڵاتانی تردا تەنیا یەک ناوەندی ئەکادیمی نییە کە بایەخ بە زمان بدات، لەم وڵاتانەدا بە دەیان لایەنی جۆربەجۆر هەن کە بە شێوەی فەرمی کار لەسەر ڕەوتی گەشەسەندن و گەشەپێدان و

پێشخستنی زمانەکەیان دەکەن. بۆ ئەوەی کارەکان بگەنە ئەوپەڕی گەشەسەندن و فریا بکەون مەبەستەکەیان جێبەجێ بکەن، لقەکان دابەش کراون و دیاری کراون.

بێگومان نابێت کار و بەرهەمی "کۆڕی زانیاریی کوردستان" و "یەکێتیی نووسەران" و "ئەکادیمیای کوردی" و کۆڕ و کۆمەڵە زمانی و هەوڵە تاکەکەسییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان و مامۆستایان و زانکۆکاران و لێکۆڵەرەوان و فەرهەنگنووسان و هتد لەبەرچاو نەگیرێ. بەڵام زمان هەمیشە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و ڕاژەکان دەبێ چڕوپڕ و زانستییانە بن تا فریای پڕکردنەوەی کەلێنە لێشاوییەکانی زمان بن.

ڕەوتی گەشەسەندنی زمان تێکەڵ بە زانستەکان بەتایبەت بە زانستی ئایتی بووە و ئەگەر پسپۆڕان ئەو لایەنە گرنگە لەبەرچاو نەگرن بێگومان لە کاروانی پێشکەوتنی زمانەوانیدا بەسەختی جێ دەمێنن. پێویستە پێوەندی لەگەڵ شارەزایانی ئایتی بگیرێ تا ڕوون کرێتەوە کە زمان چۆن بەیارمەتیی ئایتی دەتوانێ گەشە بستێنێ.

ئەو کارە زمانەوانی و لێکۆڵینەوەیی و زاراوەسازییانەی ئەو کۆڕانە، بێگومان کاری باش بوون و بوونەتە بنەمای کارە زانستی و زمانەوانییەکانی ئەمڕۆ.

بێگومان کەموکووڕی لە کارەکاندا هەبووە و چاوەڕێ دەکرێ زۆر لەوەی کە هەیە چالاکانەتر لەگەڵ بابەتەکاندا بجووڵێنەوە.

بۆ نموونە لە سەردەمێکی وادا دەبێ بەشی جۆربەجۆری زاراوەسازییان لە بەشە زانستییەکاندا هەبێت کە لە هەر بەشێکدا پسپۆڕی تایبەتیی ئەو بوارە بەشدار بێت، دەبێ زۆر باشتر کەڵکیان لە ئینتەرنێت وەربگرتایە و ئێستاکە دەبوا هەموو بەرهەمەکانیان لە بەردەستی هەمووان بوایە. مەکۆیەکیان هەبوایە بۆ پرس و ڕاوێژی گشتی لەسەر زمان.

ئەوان دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ تاوتوێکردنی باسەکان لەسەر زمانی فەرمی بەڵام بەداخەوە ئەو کێشەیە تەنیا بەوان چارەسەر نابێت و ئەوە پرۆسەیەکی بەرین و گشتییە و بەوە گرێ دراوە کە سنووری کوردستان لە کوێ بۆ کوێ دیاری بکرێت و ئاخافتەرانیش لەسەر چی ڕازی بن.

*** زۆرێک لە نووسەران نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو بۆ نەبوونی قەرارێکی سیاسی دەگەڕێننەوە. باشە ئەگەر وایە ڕۆڵی نووسەران چی دەبێت؟**

کەس ناتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکات، هەموو نەتەوەیەک زاراوەی جۆربەجۆری هەیە، ئەوەی ویستبێتێ زمانی یەکگرتووی هەبێت، بڕیاری داوە یەکێک لەوانە وەکوو زمانی یەکگرتوو بەکار بهێنێ. کەوا بێت ئێمەش ئەگەر ئاواتەخوازی زمانی یەکگرتوو بین هەر ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە خۆمان بمانەوێ یەکێک هەڵبژێرین. بەختەوەرانە زاراوەی وامان هەیە کە دەتوانێ ئەو ئەرکە بگێڕێ.

حوکوومەتی باشوور کە لە ڕووی یاسایییەوە تەنیا دەسەڵاتی بەشێک لە باشووری کوردستانی بەئەستۆیە ناتوانێ بڕیار بۆ پارچەکانی تر بدات. کەوا بێت کێ ئەتوانێ ئەو بڕیارە بدات؟ پارلەمان دەتوانێ بۆ باشوور بڕیارێ دەربکات، ئەویش بەمەرجێ دڵنیا بێت کە بڕیارەکەی ڕەچاو دەکرێت یان ئاژاوە نانێتەوە. ئێمەی کورد تا چ ڕادەیەک زانیاریمان پێ دراوە لەو بارەوە؟

ئێستە لە هەموو کوردستان وڵاتێکی یەکگرتوو و یەک حوکوومەتمان نییە بڕیارێکی گشتیش بۆ هەموو کوردستان، تەنیا بە نوێنەرایەتیی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرێت. بۆ نموونە شوێنێکی وەکوو "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" کە لە هەموو پارچەکان و حیزبەکانی

کوردستان پێک هاتبێت ئەویش بە مەرجێ شارەزایانی زمانیان تێدا بێت و هەموو ڕوونکارییەک لەو بارەوە بڵاو بووبێتەوە.
ڕۆڵی نووسەران ئەوەیە کە هەوڵ بدەن زمانێکی ئەدەبیی گشتی ساز بکەن کە کەمترین کێشەی هەبێ، دەوڵەمەند و گشتی بێت و بەرزتر لە دەڤەرێکی سنووردار بڕوانن. نووسەران دەبێ ئاگاداری نەتەوەکانی تر بن بزانن ئەوان چۆن ئەو کێشەیەیان چارەسەر کردووە، بۆ نموونە زمانی چینی، عەرەبی، ئالبانی و هتد. دەبێ ئەو زانیارییانە بگوێزنەوە بۆ خوێنەران. دەبێ خەڵک ئاگادار بکەنەوە کە پێویستمان بە زمانێکی هاوبەش هەیە تا ٤٠ میلیۆن کورد پێکەوە گرێ بداتەوە نەک لە دۆڵ و دەڤەرێکدا بچەقین. زمان ئەوڕۆکە ئەرکێکی بەرینتری بەئەستۆیە لەوەی کە تەنیا بە قەد و باڵا و زوڵفی یارێکدا هەڵبێ. پێویستمان بە زمانێکە ئەرکی سیستەمی پەروەردە و دامودەزگا کارگێڕییەکان و حوکوومەت و دادگا و زانستە جۆربەجۆرەکان بەڕێوە ببات.

*** هەندێک نووسەر پێیان وایە ئەم مەسەلەیە بدرێتە دەستی کات خۆی خۆی چارە دەکات تێڕوانینی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

جاری وایە کات و ڕەوتی زمان، زمانی پێوانەیی و ستاندارد دروست دەکات و پێویست بە بڕیار ناکات، لە ئەمریکا هیچ بڕیارێک نییە کە بڵێ زمانی ئینگلیزی زمانی ستانداردە، بەڵام خۆکار هەموو کەسێک ئەوە بەکار دەهێنێت، چونکوو هەموو شتێک بەوە دەکرێت. تەنانەت بووە بە زمانی ستانداردی هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی، بێ هیچ بڕیارێکی سیاسی. کوردیی ناوەڕاست کە ئەوڕۆکە هێندە توانای هەیە بەبێ هیچ بڕیارێکی سیاسی، تەنیا بەپێی کات ئاوا گەشەی سەندووە. ئەگەر بدرێتە دەستی قەدەر و بشدرێتە دەستی هەڵبژاردن، لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور هەر ئەمە دەتوانێ ببێتە زمانی ستاندارد.

*** لە ئیستادا تەنها لە باشووری کوردستان خوێندن بە زمانی کوردییە. لەم دواییەشدا هەوڵێک لە باکوور لە ئارادایە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەئێستادا چی میکانیزمێک بگیرێتە بەر بۆئەوەی لەدواییدا سەرجەم پارچەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئایادەکرێت ئێستە باشوور بڕیارێکی وەها بدات تەنها چاو لەو ناوچەیەی خۆی بکات بۆ ئەوەی زمانێکی فەرمی تیادا بنیات بنێت؟**

چونکوو لە باشوور قەوارەیەکی سیاسیی حوکوومەتی کوردی هەیە، زمان لەوێ زۆر بەباشی دەتوانێ گەشە بستێنێ.

هەر گەشەسەندنێک لەوێ کاراسانییەکە بۆ بەشەکانی تر بەتایبەتی و بۆ زمانی کوردی بەگشتی. ئەگەر لەوێ کێشەکانی زمان لەو پارچەیە تا ڕادەیەکی باش چارەسەر بکرێن، کاری بەشەکانی تریش ئاسانتر دەبێت بەتایبەت ڕۆژهەڵات، چونکوو لەوێش بارودۆخەکان ڕێک وەکوو باشوورە، ئەوانیش دەتوانن بە شوێنڕچەی ئەواندا بچن و پاڵپشتییەکی گەورەشە بۆ ئەو ڕەوتە.

کاری زانستییانەی زمانەوانییانەی لەسەر لۆجیک و ژیربێژی هیچ کاتێک کێشە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان ناخوڵقێنێ.

ئەوەی لە باشوور لە ئەستۆیانە ئەوەیە کە ئەو زمانەی وا ئێستە زمانی حوکوومەت و دەزگا ڕاگەیاندنەکانە پەرە پێ بدەن، لە ڕووی زمانەوانی، ڕێنووس، ڕێزمان، تایپۆلۆجی، زاراوەسازی و وەرگێڕان. ئەمە کاری کوردی ڕۆژهەڵات بەتەواوەتی ئاسان دەکات و هەر لە ئێستەشەوە کاراسانیی بێوێنەیان بۆ کراوە.

*** هەندێک لە ڕۆشنبیران پێیان وایە دەکرێت کوردستانیش ببێت بە خاوەنی زیاد لەستانداردێک وەکو ئەوەی لەچەند وڵاتێکدا نمونەی هەیە. بەڵام ئایا بە بۆچوونی ئێوە کارکردن بۆ وەها بەرنامەیەک ڕێگە خۆشکەر نیە بۆ دابەشبوونی کورد بۆ چەند کولتوور و میللەتێکی جیاواز**

**پاش چەند سەد ساڵێک؟ ئایا ئەو هەلومەرجە ڕەخساوە بۆ دروستکردنی چەند ستانداردێک؟**

لە زۆر لە وڵاتانی ئەم دنیایەدا کۆمەڵێ نەتەوەی جیاواز کە نە ئایین و نە زمان و نە دابونەریتیشیان وەک یەکە، لەناو سنووری وڵاتێکدا سەدان ساڵە پێکەوە ژیاون، ئێمە چۆن ناتوانین پێکەوە بژین کە تەنیا زاراوەکەمان جیاوازە و بەباشیش لەیەک تێ دەگەین، ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆمان هەبێت دڵنیام تا ئەو کاتە خەڵکەکە هێندە بەباشی لە یەک تێ دەگەن کە هەر بیر لە جیایی ناکەنەوە، جیاوازیی زاراوەکانیش کەم دەبێتەوە و هێندە لە یەک وشە وەردەگرن کە یەکتری پێ دەوڵەمەند دەکەن و بە یەک ئاشناتر دەبن. کاتێ کە وڵاتێکمان هەبێت و ترسی ئەوەمان نەبێت بێگانە بڵێ زمانەکەتان بەشێکە لە زمانی ئێمە، ئەو کاتە خۆشمان هێندە دەمارگیر نابین لەسەر زاراوەکانمان، بەئاسانی یەکتر وەردەگرین و تازە ئەکەوێتەوە بیرمان چەندە شیرینە بە زاراوەی تریش قسە بکەین لە هەندێ شوێندا.

پێم وا نییە ئەوەندە بەرچاوتەنگ بین چاومان بەرایی نەکات یەکتر ببینین. تازە گریمان کوردیش بوو بە دوو یان سێ پارچەوە، خۆ دنیا نارووخێ، چاو لە وڵاتە ئینگلیزی و عەرەبی و سپانیایی و سکاندیناڤییەکان بکە کە لەڕاستیدا یەک زمانیان هەیە بەڵام هەر کامەیەکیان چەند وڵاتێکیشیان هەیە.

*** ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت ململانێیەکی زۆر لەنێوان (سۆرانی و بادینیدا) هەیە تۆ ئەم گرفتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

بادینانی هەست دەکات سۆرانی دەیەوێ ڕێی لێ بگرێ، سۆرانی هەست دەکات ئەگەر ئەوان شێوەزارەکەیان بەکار بهێنن ڕەنجی سەدان ساڵەی ئەمان لە سەردەمی میرنشینیی بابانەوە تا ئێستە بە فیڕۆ دەچێت. بەڵام ئەگەر بێت و ئازادیی تەواو بۆ بادینییەکان ڕەوا ببینرێ،

هاوکات ڕوون کرێتەوە کە کوردستان تەنیا بریتی نییە لە دەڤەری بادینان و سۆران، بەڵکوو زۆر گەورەترە و دەبێ گەورەتر بیر بکەینەوە و وەک وڵاتێک چاو لە کوردستان بکەین کە بە هەموو شێوەزارەکانییەوە شیرین و ڕەنگینە و دەبێ هەمووی ئازاد بێت لە بەکارهێنان، بەڵام هاوکات دەبێ ڕێگەیەکیش ڕەچاو بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای "کوردستانی مەزن" لە یەک تێ بگەن لە ئاستێکی زۆر بەرزی ئەکادیمیدا. ئەو کاتە ناکۆکییەکان ئەگۆڕێن بۆ خۆشەویستی و سۆز و هاوکاری و هەرەوەزی.

هۆکاری ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە فەوتان و تیاچوون بە دەست یەکتر. دەبێ ئەو ترسە بە بڕیاری دروست و بەجێ بڕەوێتەوە.

*** بەڕێزتان چی ڕێگەچارەیەک بە گونجاو دەزانن بۆ بنیاتنانی زمانی فەرمی؟ لەنێوان بادینی و سۆرانی کامیانت بەلاوە پەسەندە؟ بۆچی؟**

من دژی هەر داسەپاندنێکم، زمانی فەرمی بە هەڵبژاردن جێ دەگرێ نە بە زەبر و زۆر و ناچارکردن. من پێم وایە ئازادیی تەواو دەبێ بدرێ بە خۆشەویستانی بادینانیمان کە چی وەک زمان هەڵبژێرن، دڵنیام ئەگەر ڕێگەیان پی بدرێ زاراوەی خۆیان وەک چۆن خۆیان حەز دەکەن لە ناوچەی خۆیان بەکار بهێنن، بەو پەڕی دڵفراوانیشەوە هەوڵ دەدەن خۆشیان لەگەڵ سۆرانی ئاخێوەکان بگونجێنن. من ئەم بەهارە سەردانی دهۆکم کرد،تابلۆکان بە بادینانی بوون، زۆریش لام شیرین بوو، ئەویش بۆ من هەر کوردییە، لێشی تێ دەگەیشتم و بە ڕەنگینیش چاوم لێ دەکرد، بۆ دەبێ چاوەڕێی شتێکی تر لەوان بکەم کە لە ناخیانەوە سەرهەڵنەدات؟

ئەگەر ئەو ئازادییە لەو ناوچەیە بەوان بدرێت بەئاسانی لە ڕەوتی زمانی فەرمی لە باشووریشدا بەشداری دەکەن چونکوو هەر ناچارن، کوردیی ناوەڕاست لە هەولێر و سلێمانی کە شاری کاسبی و بازرگانی و

دەسەڵاتە برەوی هەیە، ئەوانیش هەر دەبێ بۆ پێوەندی و کاراسانی فێری ئەو زاراوەیە بن و تەنانەت ئەگەریش فێر نەبن لە یەک تێ بگەین بەسمانە. خوێندکارەکانمان زمانی یەکگرتوو زۆر بەئاسانی فێر دەبن، ئەوانەش لە دەڤەری خۆیان ناچنە دەرەوە یان خوێندەوارییان نییە ئەوە با هەر وەک خۆیان بمێننەوە و پێویستیان بە فێربوون نابێت مادام ژیانیان وا دەچێتە پێشەوە.

*** یەکێکی تر لەو دیاردانەی ئەمڕۆ لەناو کورددا بڵاوە بەکاربردنی واژەی بیانییە ،ئایادەکرێت ئەمە وەک گرفت یاخود دەوڵەمەندی و کراوەیی زمان تەماشابکرێت؟ ئەگەر ببێت بە گرفت، چی بکرێت بۆئەوەی کەم بکرێتەوە؟**

هەبوونی وشەی بێگانە لە هەموو زمانێکدا دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام دەبێ هۆکاری خۆی هەبێت و سنووردار بێت و تەنیا کاتێ بێت کە لە بەرانبەریدا وشەی کوردیی پڕ بەپێستمان نەبێت. ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ پسپۆڕان و بەرپرسان تا چ ڕادەیەک چالاک بن و کاری بەپێز بکەن. بەڵام ئەگەر وشەمان هەبوو، بەڕاستی ناهەقییە بێین و زمانەکەمان پڕ بکەین لە وشەی نامۆ، چونکە هەر وشەیەک کە لە زمانێکدا دەخرێتە گەڕ، دەبێ بەو ئامانجە بێت ببێتە بنەمای لەدایکبوونی وشەیەکی تر لە داهاتوودا، بەڵام ئەگەر وشەکە بیانی بوون، هەرگیز ئەو ئەدگارەی نابێت. تەنیا بە کاری زانیاری پێدان خەڵک لە هەڵەی خۆی دوور دەبێتەوە.

*** کاریگەریی وەزارەتی پەروەردە لە ئاستی زمانی ڕەسمیدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ پێویستە پەروەردە چی بکات تاکو جیاوازییەکان کەم بکاتەوە؟ ئایا ئەوە سوود بە زمانی گشتی دەگەیەنێ لە بادینان زمانی**

**بادینی بەکار ببرێت وە لە سلێمانی و هەولێر و گەرمیان سۆرانی بەکاربربرێت؟**

وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت زمانێکی بەتوانای گەشەسەندوو بخاتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد. بە هەڵبژاردنی بابەتی گونجاو، وشەی بێهەڵە، رێزمان و تایپۆلۆجیی دروست خوێندەواران فێری زمانێکی گەشەسەندووی ئەدەبی بکات، کە بتوانن لە داهاتوودا پشتی پێ ببەستن و کەس بەدوای زمانێ نەگەڕێ کە بۆ زمانی یەکگرتوو بەکاری بهێنێ.

وەزارەتی پەروەردە بە تەنیا ناتوانێ زمانی فەرمی جێگیر بکات، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ خواست و ویستی خەڵک. بێگومان باشتر دەبوو هەموو کورد یەک زاراوە بەکار بهێنێ، بەڵام وەک پێشتر وتم، ئەوە نە بە زۆر دەبێ و نە بە پاڕانەوەش. ڕادەی تێگەیشتن و ئازادیی هەڵبژاردن کاریگەریی دەبێت لە هەڵبژاردندا.

*** ئەگەر بکرێت بەکورتی باسێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەیت. ئایا ئەو دەزگایانە دەوریان چۆن بووە؟ پێویستە چی بکەن؟**

یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە و ئاشناکردنی خەڵک بە زمان و جێگیرکردن و چەسپاندنی زمان "دەزگاکانی ڕاگەیاندن"ە. ڕەنگە هەموو کەسێک خوێندەواریی نەبێت، ڕەنگە هەموو کەسێک نەچێتە قوتابخانە، ڕەنگە هەموو کەسێک کتێبخوێن نەبێت، بەڵام هەموو کەسێک زمان بەکار دەهێنێت بۆ قسەکردن و تێگەیاندن و تێگەیشتن. بەتایبەت لەڕێی دەزگاکانی بیستن و بینین. بۆیە ئەوان ئەرکی گرنگیان لە ئەستۆیە.

فیلمێکی باش کە بینەری زۆری هەبێت بە دۆبلاژێکی ڕێکوپێک و زمانێکی پاراو، کاریگەریی لە مامۆستایەکی زمان کەمتر نییە.

بەرنامە بەڵگەنامەییەکان، دەقەکان، بانگەشەکان، ڕاگەیاندنەکان، هەواڵەکان، سەرگەرمکەرەکان، دەمەتەقێکەرەکان بە کوردییەکی پاراو، بە ڕێنووسێکی بێهەڵە بێگومان درێژەپێدەر و بگرە جێگرەوەی قوتابخانەکان و مامۆستایانی زمانن. بەمەرجێ کارەکانیان زانستییانە و لەسەر بنەمای کاری لێکۆڵەران و پسپۆڕان و کۆڕە متمانەپێکراوەکانی زمان بن. ئەوان دەتوانن بە بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی و بژاردە، زمانێکی وا لای خەڵک ئاشنا بکەن کە لای هەمووان جێگیر بێت و لە نامۆیی دوور کەوێتەوە و خۆشەویستییان لا چێ بکات بۆ ئەوەی ئەو زمانە وەک زمانێکی گشتی و نەتەوەیی و فەرمی پەسەند بکەن.

*** یەکێکی تر لە گرفتەکانی زمانی کوردی نەبوونی یەک جۆرە لە تیپی نووسین. ئایا باشترین جۆری تیپ بە لای تۆوە کامەیە؟ بۆچی؟**

فرە ئەلفبێیی لە زمانی کوردیدا، زەبرێکی گەورەی لە زمانی کوردی وەشاندووە. ئاخێوەران و نووسەرانی لە وێژە و ئەدەبیاتی زمانی کوردی لە یەک بێگانە کردووە. چونکوو دوو شێوەزاری گەورەی کوردی بە دوو ئەلفبێی جیاواز دەنووسرێنەوە هەر لەبەر ئەوە نووسەران و خوێنەران لە وێژە و ئەدەبیاتی یەکتر دابڕاون. ئەمە خۆی زیاتر زارەکان لە یەکتری دوور دەکاتەوە. ئەگەر بە یەک ئەلفبێ بنووسرایەن بێگومان دەبووە هۆی زیاتر ئاشنابوون و لێک نزیکبوونەوەی ئەو دوو شێوەزارە.

هەموو ئەلفبێیەک دەتوانرێ وا لێ بکرێت کە لەگەڵ زمانێکدا تا ڕادەیەک بگونجێنرێت، چونکوو لە هەر ئەلفبێیەکدا کۆمەڵێ پیت هەیە کە هەر کام لەوانە دەتوانرێ دەستنیشان بکرێ بۆ دەنگێکی تایبەتیی زمانەکە. هیچ ئەلفبێیەکی ئەم دنیایەش بێکێشە نییە و هەمیشە ئەلفبێیەکان لە سەدا سەد وەڵامدەرەوەی هەموو خواستەکانی زمانەکان نین. کێشەکە ئەوە نییە، کێشە ئەوەیە بۆ دەبێ ئەم ئەلفبێیە بگۆڕین

بۆ ئەلفبێیەکی تر لە کاتێکدا ئەو ئەلفبێیەی ئێستە بەکاری دەبەین کێشەی زیاتر لە ئەلفبێیەکەی تر نییە.

زۆر لە کێشەکانی ئەلفبێی کوردی عەرەبی چارەسەر کراون لە چاوەی ئەلفبێی عەرەبی و فارسیدا. بۆ نموونە کێشەی (بزوێن = اعراب)ەکان، لە زمانی کوردیدا بە دانانی پیت، زۆر بەباشی چارەسەر کراون، بۆ نموونە (محرم ـ محرم) بە کوردی دەنووسرێت: (مەحرەم ـ موحەڕەم). یان پیتمان بۆ هەندێ دەنگ داناوە کە لە فارسی و عەرەبیدا بەرانبەریان نییە.

لە عەرەبیدا لەبەر نەبوونی پیت بۆ (پ، چ، ژ، ڤ، گ) ناچارن بێژەی وشە بیانییەکان تێک بدەن: (بکین Peking ، صین China، "جراج، کراج garage"، فیتامین vitamin، جوجل Google) کە لە کوردیدا پیتمان بەرانبەریان هەیە.

یان لە فارسیدا بەرانبەر بە "ڤیتامین" دەنووسن: "ویتامین".

کەوا بێت زۆر لە کێشەکانی ئەلفبێی فارسی و عەرەبی لە کوردیدا چارەسەر کراون. هەروەها ئەو نەتەوەیانەی کە دراوسێمانن و بە هەزاران ساڵە بەبۆنەی ئاشنابوون بە ئەلفبێیەکانیان پێوەندیی چڕوپڕی فەرهەنگیمان پێکەوە هەیە بەو ئەلفبێیە دەنووسن، ئەگەر ئەلفبێ بگۆڕین لێشاوی وەرگێڕان لەوێوە بۆ سەر کوردی کەم دەبێتەوە و لە ئەنجامدا زمانەکەمان لە بواری وەرگێڕاندا کز و لاواز دەبێت بەتایبەت کە خەڵکی ئێمە زۆر ئاشنا نین بە زمانە ئەورووپییەکان.

هەروەها ئەدەبیاتێکی زۆر زۆرمان بەو ئەولفبێیە نووسراوەتەوە کە بە گۆڕینی ئەلفبێ، نەوەی نوێ دادەبڕێن لە وێژەی کۆن.

بە بڕوای من بە تاوتوێکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم بابەتە، ئێستە نە گونجاوە و نە پێویستە و نە لە بەرژەوەندیماندایە کە ئەو کارە بکەین. لە داهاتووشدا دیسانەوە تەنیا هەلومەرج و گۆڕانی

هۆکارەکانی داهاتووە بڕیاردەرن بۆ هەر گۆڕان یان نەگۆڕانێکی ئەلفبێی کوردی عەرەبی.
مەسەلە تەنیا باشیی پیتەکان نییە چونکوو هەموویان بە کۆد دەنووسرێن، بێگومان بە بەراوردێکی سەرپێییانە ئەلفبێی لاتینی لە عەرەبی بۆ نووسین کێشەی کەمترە و ئاسانکاریی زیاتری تێدایە بۆ پرۆگرامکردن و شتی لەو بابەتە. بەڵام وێژەی ئێمەی کورد ئێستە گرێ دراوە بە ئەدەبیاتی فارس و عەرەب، زۆرینەی وەرگێڕانەکان بۆ کوردی لەو زمانانەوە دەکرێن، بە گۆڕانی ئەلفبێ هەموو ئەوانە لە دەست دەدەین و لەو لاشەوە، ئەم لاتینییەی بۆ کوردی دیاری کراوە بەبێ کەموکووڕی نییە و لە هەندێ پرۆگرامدا هەر کێشەی هەیە. کەوا بێت جارێ لەم دۆخە و ئاستەدا هیچ باش نییە کورد بیر لە گۆڕینی ئەلفبێ بکاتەوە و واش نییە کە دەبێ ئەلفبێی لاتینی جێی ئەلفبێیەکانی تر بگرێتەوە، خۆ ئەگەر وا بێت دەبێ عیبیری و عەرەبی و هیندی و چینی و یابانی و ڕووسیش هەر هەمووی ئەلفبێ بگۆڕن.

# کێشەکانی زمان لە میدیای کوردیدا

فەرەیدون سامان

پێشەکی:

ئەورۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی زمانی کوردی زۆر هەڵدەگرێ و تەنانەت هەندێجاریش دەبێتە مایەی نیگەرانی و سەریەشە بۆ ئەو کەسانەی کە خولیای پاراستنی زمانی شیرینی کوردییان خستۆتە ئەستۆی خۆیان، لەلایەک وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم گرفتە چارەسەر نەبووەن، ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بووە لەو بەشانەی کە بە زۆر بەسەر وڵاتەکانیندا دابەش کراوە مافی کولتووری و پەروەردەییان بە کوردانی ژێردەستی خۆیان ڕەوا نەبینیوە، هەر بۆیەش هەربەشە ناچار بووە ئەگەر بە ڕەسمیش نەبیت ، بەڵام لاسایی ڕێنووسی نەتەوەی سەردەست بکات لە چاپەمەنییەکاندا وەک لە عێراق و سووریا و ئێران و تورکیادا دەبینرێت، دواتریش هۆکاری ناوخۆش کە هەر خۆمانین وەک فاکتی سروشت و جوگرافیای کوردستان و هەروەها فاکتە سیاسی ناوەخۆش کە هێشتا سەرباری هەبوونی دەزگای کولتووری و ئەکادیمی بەڵام نە لەسەر ڕێنووسێکی یەکگرتوو پێکهاتووین نە زمانێکی یەکگرتوو، هەر بە شەو خۆی بە ڕاست دەزانێت لە بەزۆر سەلماندنی دیالێکتەکەی خۆی و ڕەتکردنەوەی ئەویتر باشترین نمونەش ساڵانی دوای ڕاپەرینە کە لەم بەشەی باشووری کوردستاندا کە ئازاد بووین و بووین بە خاوەنی

دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆمان وەلێ مخابن هێشتا لەسەر زمانێکی یەکگرتوو یان فەرمی پێک نەهاتووین .

بەشی یەکەم : بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و کێشەیەکی بێ چارەسەر.

ساڵانێکی زۆرە پسپۆران و شارەزایان و زمانزانانی کورد و هەندێ جار بیانیش قسە لەسەر کێشەکانی زمانی کوردی دەکەن، کە ئاخۆ لە بنەڕەتدا ئەم کێشە چارەسەر نەبووە لەئێستادا پەیوەستە بە هەبوونی ئەلفوبێی جیاواز وەک ( ئەلفوبێی کوردی بە تیپی لاتینی کە کوردانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و هەندێ نووسەرانی نیشتەجێی ئەوروپا ) کەڵکی لێوەردەگرن، وێڕای بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری کوردانی دانیشتووی ڕووسیای فیدرال و کەمینەیەکیش لە ئەرمەنستان و گورجستان. هەروەها ئەلفوبێی کوردی بە تیپی عارەبی کە کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دێنن. یانیش کێشەکە لەبنەڕەتدا زێتر پەیوەندی هەیە بە جیاوازی شێوەزارە کوردییەکان وەک دیالێکتی کرمانجی باکوور و باشوور ، هەروەها گۆران و لەک و لوڕ و بنزاراوە و بنشێوەزارەکانیان، یانیش ئەم کێشە بێچارەسەرە هەر لە دێرینەوە پەیوەست بووە بە نەبوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ کوردستان، کە مخابن چەند سەدەیەکە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە داگیر و دابەش کراوە، دیارە لە ناوەندە ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکان و هەندێجاریش ناوەندە ئەکادیمییەکان، چی لەهوندر و چی لەهەندەران، لەلایەن ژمارەیەک زمانزان و ڕووناکبیران و زمانناسی کوردییەوە (تەنانەت هەندێجار خەڵکانی ناپسپۆر نەشارەزاشن)، خۆیان لە قەرەی باسکردن لە کێشەکانی زمانی ستانداردی کوردی و یەکگرتن و یەکنەگرتن و بوون و نەبوون و هەروەها ب ەکام شێوەزار بنووسرێ و بخوێنرێ و ببێتە زمانی فەرمی ( هەڵبەت بەکارهێنانی زمانی فەرمی تەنێ بۆ دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی

دەگەڕێتەوە) و کامە دیالێکتیان پەسەندبێ و کام جۆری تیپ( تیپی کوردی_عارەبی)، یان (تیپی لاتینی) هەڵبژێرین بۆ زمانەکەمان، وێڕای ئەوەش باس لەوە دەکرێ وەکو چارەسەرێکی کاتی وشە و زاراوەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان موتوربە و تێکەڵ بە یەکتر بکرێن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەم قۆناغەدا کە نیشتیمان دابەش کراوە و مەسەلەی سنوورە سیاسیەکان و جوگرافیای سروشتی و سیستمی سیاسی ئەو رژێمە داگیرکارانە، دان بەبوونی زمانی نەتەوەییمان دانانێن، زمانەکەشمان بە حوکمی زۆر هۆکار بۆ چەند لەهجە و بن لەهجەیەک دابەش بووە، دیارە ڕێژەی زۆری و کەمی دانیشتوانی بەشێکی کوردستان لەچاو ئەویدیکە (نەک ڕێژەی خوێنەوار و ئاخێوەرانی..) یان هەبوونی چەندان زانکۆ و ناوەندیی ئەکادیمی و زانستی بەرامبەر بەوەش نەبوون یان قەدەغەکردنی لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا، ئەمانە و چەندان باسوخواس دیکەن، بوونەتە مشتومڕ و خەمی خەڵک و خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کورد، بۆیەش وەک دەرەنجام و شۆپاندنی زۆرێک لە نووسین و ڕای جیاوازی ئەو بەرێزانەی ئاماژەم پێکردن بەتایبەتیش دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، من پێم وایە زۆرینەی ڕاوبۆچوونەکان لەسەر بەستانداردکردنی زمانی کوردی( یەک ستانداری یان جووت ستانداردی زمانی کوردی کە ئاغای حەسەن پوور و هاوڕێکانی داکۆکی لەو تێزە دەکەن) بەڕای من سەبارەت بە زۆر هۆکار لەم ڕەوش و قۆناغەدا بڕیارێکی بێهودەیە، چونکە زمانەکەمان بە بڕیارێکی سیاسی نایەتە دی تا پارتێک یان دەسەڵاتێکی سیاسی یان دەزگایەکی کولتووری پرۆژەیەکی ئاوا دابڕێژێ، پارتێکی دەسەڵاتدار با خاوەنی چەندان دەزگای ڕاگەیاندن و کولتووری و ئەکادیمی بێت، وەلێ لە پرۆژەیەکی ئاوا هەستیار و گەورەدا ناتوانێ نووسەران و ڕووناکبیران ناچار بکات تا پەیڕەوی لەم جۆرە میتۆدە بکەن، بەڵکو ئەمەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆچوونێکی باو هەیە پێی وایە لە هەر ناوچەیەک

یان بەشێکی کوردستان ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردستان دانی پێدانرا، ئەوا بێگومان ئەم بەشە یان ئەو هەرێمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان لە پەیڕەوکردنی ئەو شێوەزمانە کوردییە، کە سەرەنجام دەبێتە زمانی فەرمی و سیاسی و رۆشنبیری ئەو هەرێمە، بۆچی؟ چونکە ئەو قەوارە سیاسییە کوردییە بە ئوتۆماتیکی دەبێتە ناوەندێکی زانستی و سیاسی و ئابووری و رووناکبیری بۆ هەموو بەش و هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، دیارە بە تێپەڕینی رۆژگار و مکۆم بوونی داوودەزگا ئەکادیمی و ڕووناکبیری و سیاسییەکان و بوونی هۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و خوێندن و نووسین بەو شێوەزمانە فەرمییە (کە لەبنەڕەتدا شێوەزمانێکی ناوچەییە) کاریگەری راستەوخۆ و ئەکتیڤی بەسەر ناوچەکانی دیکە دەبێ، هەروەکو دەیان ساڵە ئەم ئەزموونە لە بەشێکی کوردستانی باشووردا بەدی کراوە، تا ئێستاکەش سەرجەم زمانی فەرمی سەرکردایەتی سیاسی و ئەکادیمی و ڕووناکبیران بە شێوەزمانی کرمانجی باشوور (کە بە هەڵە پێی دەگوترێت سۆرانی) بووە ، هەروەها لە ڕابردوودا و هەنووکەش هەژموونی بەسەر ناوچەکانی دیکەی ئەم هەرێمەدا هەبووە، بێگومان ڕەتکردنەوەی ئەم ئەزموونەش لەم قۆناغەدا تەنانەت بۆ داهاتووش ئەگەر کارێکی مەحاڵ نەبێ، بەڵام سەخت و ئاستەمە ، چونکە لە واقیعدا هیچ شێوەزمانێکی دیکە ناتوانێ ببێتە ئەلتەرناتیڤی شێوەزمانی کرمانجی باشوور، چی لەم هەرێمە چی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. بۆچوونێکی دیکە هەیە پێی وایە کە مەرج نییە قەوارەی سیاسی زمانێکی ستاندار و دروست بکات یان شێوەزمانی ناوچەیەک زاڵ بکات بەسەر ئەوانی دیکەدا. بەڵگەش ئەوەی کە تورکزمانەکانی وڵاتانی تورکیا و ئازەربایجان و تورکمانستان و تورکستان و ئۆزبەکستان و قەرغیزستان و .... هەر وڵاتە و شێوەزاری لۆکاڵی خۆیان هەیە، ئەگەرچی ئەم تورکزمانانە خاوەن

دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیانن و بەدەیان بگرە بەسەدان مەڵبەندی ئەکادیمی و زانستی و زمانەوانی و ڕووناکبیرییان هەیە، بەڵام بە درێژایی سەدەی ڕابردوو نەیانتوانیوە زمانێکی ستاندارد بۆ تورکزمانەکانی خۆیان  پێکەوەنێن، بەڵکو هەنووکەش هەر وڵاتە و بەشێوەزمانی جیاوازی خۆیان قسە دەکەن، لەم ڕەوشەدا ڕەنگە ئەزموونی وڵاتێکی مەزن و فرەزمان و شێوەزمانی جیاواز و فرەنەتەوەی وەک هیندستان باشترین ئەزموون  بوو بێ، کە سەبارەت بە فرەئیتنی و نەتەوەیی و زمان و دیالیکتیکی جیاواز سەرەنجام زماناسەکانیان بڕیاریان دا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی فەرمی بەکاربهێنن و بیکەن بە زمانی فەرمی و هاوبەشی وڵاتەکەیان تا هەموو هاووڵاتیانی هیندستان قسەی پێ بکەن و بخوێنن و بنووسن، لەم بوارەشدا ئەوەندەی قازانجیان کردووە، دیارە بێگومان زیانیان پێ نەگەیوە، چونکە لەپاڵ ئەم زمانە بیانیەش بایەخیان بە زمان و شێوەزمانە لۆکاڵییەکانی وڵاتەکەی خۆیان داوە. ڕەنگە ئەم نمونەیە بۆ وڵاتانی ئەفەریقیا و ئەمەریکای لاتینیش بەسود و ڕاست  بووبێ، کاتێ ئەو وڵاتانە کە لە بنەڕەتدا زمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆشیان نەبووە بەڵکو کۆمەڵێک زمانی هۆزو تیرەی دواکەوتووی بێ فەرهەنگ و بوون، بەڵام ئەوانیش هۆشمەندانە بڕیاری ئەوەیاندا زمانەکانی  وەک ئیسپانی و فەرەنسی و ئینگلیزی بکەنە زمانی فەرمیخۆیان بێئەوەی ئەم زمانانە هەژموونیان هەبێ بەسەر هەستی نەتەوەیی ئەوان و هۆکارێک بن بۆ قڕکردنی زمانەکەیان وەک چۆن سەدان ساڵە زمانەکانی نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەرێی زمانەوە سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆیان پەیڕەو کردووە،  نکوولی لە زمانی کوردی هەرێمەکانی بندەستی خۆیان دەکەن، هەربۆیەش دەبینین یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی خەباتی سیاسی کوردانی باکوور داکۆکیکردنە لە بە فەرمیکردن و  خوێندنە بە زمانی کوردی. بەڵام ئاخۆ ئەم پرینسیپە بۆ دۆزی زمانی کورد باشە

پەیڕەو بکرێت، واتە پەنا ببەینە بەر زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی و بیکەینە زمانی فەرمی وڵاتەکەمان.

جا ئەگەر واقیع بێ یان خەیاڵ لە داهاتوودا ئەگەر کوردستان سەروەری سیاسی خۆی وەدەست هێنا و بوو بە خاوەن قەوارەی نەتەوەیی خۆی کە ئەمە خواستی هەموو کوردێکی دڵسۆزە و نیشتمانەکەشی یەکی گرتەوە و بوو بە دەوڵەت، دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو شێوەزمان و دیالێکتە جیاوازانە، پەنا ببرێتە بەر بە فەرمیکردنی شێوەزمانێکی پێشکەوتووی خۆی لە پاڵ بەکارهێنانی زمانێکی جیهانی وەک زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ قۆناغێک یان ماوەیەکی کاتی دیارکراو لە هەر هەرێمێکدا تایبەتمەندێتی شێوەزمانە لۆکاڵیەکان بپارێزرێت تا هیچ گرفتێکی دەروونی و هەستی شۆڤینی ناوچەگەریش بۆ شێوەزار و دەڤەرە کوردییەکان دروست نەبێت.

مخابن ماوەیەکە دەنگێکی نەشاز لێرە و لەوێ لەکەناڵە میدیایی و هەندێ جاریش لەسەر ڕووپەری رۆژنامەکان پەیدا بووە زۆر بە مکووڕبونەوە داخوازی ئەوە دەکەن کە هەر ناوچەیە و بەشێوەززاری خۆیان لەسەر ئاستی فەرمانگە حکومیەکان (بەتایبەتی پەروەردە و فێرکردن) بخوێنن و بنووسن، هەڵبەت ئەم داوایە بە ڕێخۆشکردن بۆ هەندێ دەنگی دیکە کە ئەوانیش بەهەمان ریتم داوا بکەن بە شێوەزاری لۆکالی خۆیان بنووسن و بخوێنن،

بە ڕای من لەم رەوشە نالەبارەی کوردستان کە لەلایەن داگیرکەران دان بەبوونی زمان و کولتووری کورد و ناسنامەی نەتەوەیی نە نراوە، کوردەکانی ئەم بەشانەش مافی ڕۆشنبیری و خوێندن و نووسینیان پێ رەوا نەبینراوە و هێشتا خاوەنی داوودەزگای ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەیی و ڕووناکبیریی خۆیان نین، داواکردنێکی ئاوا لەکوتینی ئاسنی سارد دەچێ، چونکە جگە لە زیانگەیاندن بە ئینتیمای

نەتەوەیی کورد و فەرهەنگەکەی، شتێکی دیکەی لێ نایەتە بەرهەم، بە پێچەوانەوەش ئەو شێوەزمانە فەرمییەی کە بە کرمانجی باشوور ناسراوە و وەک سەرچاوەی ئەدەبی و فیکری و زانستی، ساڵانێکی زۆرە خزمەتی بە بزاڤی ڕووناکبیری و زانستی و پەروەردەیی کورد کردووە، ئەوەی هەشبووە ئەویش لەبار دەچێ..چونکە کەس ناکاری نکوڵی لەوە بکات کە شێوەزاری کرمانجی باشوور زێتر لەسەدەونیوێکە بۆتە خاوەنی میراتێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی دەوڵەمەند، بە دەیان هەزار کتێب و سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و تەنانەت زانست و زانیاریشدا بەو شێوەزارە هەیە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە و لە کتێبخانەکاندا وەکو سەرچاوە سوودیان لێوەردەگیرێ، ئایا دەکرێت بە بڕیارێکی ئاوا کتوپڕ و سۆزدارانە پشت لەو سەرچاوە گرانبەهایانە بکرێت و ئەوەی هەشمانە لەدەستی بدەین؟.

دوای ڕاپەرینی بەهاری 1991 و دامەزراندنی پەرلەمان و داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و سەرهەڵدانی میدیای کوردی ئەویش بە هەبوونی چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەک رادیۆ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان، سەرەڕای ئەوەش چەندین کەناڵی دیکەی کوردیش هەن دەبینرێن و دەبیسترێن کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە خەڵک و بینەران و بیسەران و خوێنەران شۆپاندنی هەواڵ و باس و خواسەکانیان دەکەن، ئەو کەناڵانەش ئەگەرچی لەهەندێ وڵاتانی دەرەوەی کوردستاندا یان ئەورووپا و ئەمەریکاوە پەخشەکانیان دەگەنە ناو ماڵی کورد. دوورو نزیک خۆیان لە قەرەی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان دەدەن. سەرباری هەموو ئەو جیاوازییانەی کە ئەمڕۆ کە بەسانایی هەست پێ دەکرێن گۆڕانێکی نەوعی لە ڕەوشی رۆژنامەگەری و میدیای کوردیدا بەدی دەکرێت، ئەگەر ئەم ڕەوش و گۆڕانکارییە لەگەڵ سەردەمێکی واتە پێش ڕاپەڕین بەراورد بکەین کە ئەوساکە

نوزەیەکیش نەبوو بەناوی میدیای کوردی کە لە لای خودی کوردەوە (نەک بێگانەوە)) بەڕێوە دەچوو، بۆیە ئاساییە کاتێ تەماشا دەکەین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بە سوپایەک کادیری ڕاگەیاندنەوە لە هەرێمی کوردستاندا شەو دەخەنە سەر ڕۆژ لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی رۆژنامەگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و وەرزشی و هەروەها کەناڵە حیزبی و حکوومی و تاڕادەیەک ئەهلییەکانیش کاتی ئەوە هاتووە بپرسین، بۆچی ئێمە نەمان توانیوە بە زمانیکی یەکگرتوو ڕای گشتیی شەقامی کوردی لە ئاستی مەسەلە گەرم و هەنووکەییەکانی (ئەو کێشانەی پەیوەندی بە زمانی هاوبەشی نێوان هاووڵاتیانی کوردستان هەیە لەچارەسەرکردنی ژیرانەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان یان ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە لەناوەوەو دەرەوە تا ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەخەنە بەردەم تراژیدیایەک، کەچی هێشتا ڕای گشتی لە وڵاتی ئێمەدا بەسانایی دروست نەبووە و نابێ، ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەری ناتوانێ ببیتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی زمانێکی فەرمی . دواتر ڕاگەیاندن و میدیای کوردی ببێتە سەکۆیەک بۆ مەشوورەتپێکردنی تاک و کۆمەڵی کورد لەچارەسەرکردنی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، دواجاریش ئیعتیبارێک بۆ تاک و کۆمەڵی کورد بگەڕێنێتەوە کە مرۆڤی کوردیش وەک باقی مرۆڤی نێو کۆمەڵگا شارستانییەکانی مافی بەشداریکردنی هەیە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان وەک چۆن ئەو ئەرکانەی لەسەر شانە کە لەکاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا بێباکانە ئەنجامی داوە و خۆشبەختانەش قوربانی بۆ دەدات.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوو کە بەشێک لە باشووری کوردستانی خرایە ژێر چەتری پاراستنی هێزە هاوپەیمانەکان (زۆنی ئارام) بۆ هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان دابین کراو دواتر بە هەڵبژاردنێکی گشتی

پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دامەزرا. پەراوێزێکی ئازادی لەو هەرێمەدا هاتە کایەوە و دەسەڵاتێکی لۆکاڵی (ئابووری لاواز و پشت بەستوو بە گومرگ و باجی دەرامەت و خانووبەرە و هەندێ فەرمانگەی خزمەتگوزاری نەک بەرهەمهێنەری کە سەرەنجام چەندین گرفت و دواتر شەڕی ناوخۆی هێنایە ئاراوە)) رۆڵی میدیای کوردی لە قۆناغی شەڕی ناوەخۆدا ڕۆڵێکی یەکجار نەگەتیڤ و نموونەیەکی ناشارستانی و نەتەوە پەروەرانە بوو کە چەندین پێشێلکاری چ بەنووسین و چ بە ڕەفتار دەرهەق بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کادیرانی ڕاگەیاندنی لایەنە شەڕکەرو هاوپەیمانەکانیان ئەنجام دراو یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دزێوەکانی ئەم شەڕە ئیعلامییەش چەواشەکردنی ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و بوختان و درۆ هەڵبەستن بوو بەرامبەر بە مێژووی ئەو حیزبە و کەسایەتییە سیاسییەکە کە لەرۆژگاری ڕابردوو رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا.

لەو قۆناغەدا زمانی تانە و تەشەر و سووکایەتی پێکردن یەکێک بووە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی رۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردی، دوای هێوربوونەوەی ڕەوشی شەڕ و بەرقەراربوونی ئاشتی، لەو نێوانەدا سەبارەت بە هەبوونی جۆرە پەراوێزێکی ئازادی (دیارکراو) و کەشێکی نیمچە دیموکراسی چەندین کەنالی میدیایی لەلایەن حزبەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دروست بوون و هەڵبەت لەڕووی ژمارەوە نەک جۆرەوە ئەگەر چی ئەم کەنالانە لەلایەن حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە قۆرخ کران. نەیان هێشت دەرفەتێک بۆ میدیای ئازاد و ئەهلی فەراهەم بکەن و ڕێگا خۆش بکەن تا ڕۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەهلی نەک ئەوانەش بەناوی کەناڵی میدیای ئەهلی و ئازاد مۆڵەتیان پێدرا، بەڵام لە ڕاستیدا ژێربەژێر لەلایەن حیزب و حکوومەتی دەسەڵاتدارەوە لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە پشتگیریان لێ دەکرێ تا کەناڵە ئەهلییەکان بتوانن لە ڕێگای خۆیانەوە گوزارش لە

ڕای گشتی و خواستی كۆمەڵانی خەڵك بكەن و زۆربەی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزبی دەسەڵات بەشداری دیالۆگەكانی لەمەڕ دیموكراسیەت و گرفتە هەنووكەییەكانی خەڵكی كوردستان بكەن كە ئەمەشیان یەكێكە لە پرەنسیپەكانی پراكتیزەكردنی چەمكەكانی دیموكراسی و راپەڕاندنی ئەركە هەنووكەییەكانی كۆمەڵگای مەدەنی كە ساڵانێكە میدیای حیزب و دەسەڵاتی كوردی لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی كوردستاندا بانگەشەی بۆ دەكات و لە ڕای گشتی رادەگەیەنێ كە كوردستان كۆمەڵگایەكی مەدەنی و سیستەمی حكومڕانییەكەش دیموكراسییەكی بێوێنەیە لە ناوچەكەدا، خەڵك بێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆی هەیە ڕاشكاوانە گوزارش لە ڕاوبۆچوونەكانیان بكەن و داكۆكی لە مافەكانی مرۆڤی كورد و ئازادی چاپەمەنی و بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن بكەن، بۆیە ئێمە كاتێ كە باسی میدیایەكی ئازاد و سەربەخۆ دەكەین لە كاتێكدا میدیای ئازاد و سەربەخۆ لە كوردستاندا ڕێنووسێكی ستانداردی زمانی كوردی بوونی نییە. هەق وایە كەناڵە حزبی و حكوومییەكان زێتر دەرفەت بە ڕۆشنبیرانی ئازاد و سەربەخۆ بدەن باس لە مەسەلە چارەنووسسازەكان بكەن كە پەیوەستن بە ژیانی سەرجەمی خەڵكی كوردستان و چارەنووسی هاوبەشیان لەو میانەدا ئاڵوگۆڕی بەردەوامی جیاوازی ئەو وتووێژە بەرفراوانەی خەڵك و ڕۆشنبیرانی بیروڕا جیاواز، پێموایە زێتر خزمەت بە ڕەوشی سیاسی و فەرهەنگی كوردستان دەگەیەنێت نەك بە پێچەوانە كە مخابن هەتا ئێستا ڕاگەیاندنی كوردی لەلایەن چەند ڕووناكبیرێكی حیزبەوە قۆرخ كراون و سەكۆیەكانیش دەربڕینیان هەر تەنها بۆ خۆیان قۆرخ كردووە. هەنووكە كاتی ئەوەش هاتووە تەلیسمی ئەم قۆرخكردنە وردوخاش بكرێ و دەروازەیەكی واڵا بخرێتە بەردەم ڕووناكبیران و رۆژنامەنووسانی دیكەی كوردستان ئەویش بەمەبەستی

زێتر خزمەتکردنی پڕۆسەی ڕاگەیاندنێکی دروست و تەواوکردنی پڕۆسەی دیموکراسی رۆژنامەوانی لە کوردستاندا.

**بەشی سێیەم : رۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی زمان**

دەکرێ کایەی ڕاگەیاندن لە ڕەوشێکی نائاسایی وەک ئەمڕۆی کوردستاندا رۆڵێکی کارا بگێڕێ لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا ئەویش بە چاودێری ئۆرگانەکانی حکوومەت و هاوتاکردنیان بە دەقە یاسایی و دەستوورییەکان و ئاستی گونجاندنیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا. هەروەها بەچاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی زمانی کوردی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا، بۆ نموونە لەناو (بازار و مۆلەکاند )دا واتە لێپرسینەوەی حکوومەت لە ڕۆڵی خۆی لە ڕاگرتنی ئەو جۆرە پێشێلکارییانە کە دووچاری دەبنەوە، لەوانەش ڕەفتاری توندوتیژی و بێکاری هتد ...

فەراهەمکردنی ڕۆشنبیری یاسایی ئەرکێکی دیکەی کایەی ڕاگەیاندنە کە دەبێ کاری بۆ بکات. چونکە کەس ناتوانێ رۆڵی پۆزەتیڤی میدیاکان فەرامۆش بکات لە فەراهەمکردنی رۆشنبیری یاساییدا لای هاوولاتیان و هەروەها ئالیەتی پراکتیزەکردنی سنوورەکانیان پێ ئاشنا بکات و چاودێری پێشێلکارییەکانی برگە و مادەکانی دەستوور لەوانەش جوداکردنەوەی دەسەلاتەکان و دەستێوەرنەدانی هیچ دەسەلاتێک بە کاری ئەوەی دیکەوە، هەروەها بایەخدان بە کەشفکردن و دەرخستنی گەندەڵی بە گشت شێوەکانی، دیارە گەندەڵیش لەو دیاردە ترسناکانەیە کە بلاوبوونەوەی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانیدا، لەو پێناوەشدا میدیاکان دەکارن رۆڵێکی کارا بگێڕن لە وەدەرخستنی هەر ڕوویێکی گەندەڵی، جا ئەم گەندەڵییە گەورە بێت یان بچوک.

## بەشی پێنجەم: ئاڵۆزی زمانی نووسین لە رۆژنامەگەری و میدیای کوردیدا

لە دیمانەیەکدا لە ڕۆماننووسی ناوداری فەرەنسی، فرانسوا ساگانیان پرسی: چ شتێ لەو وتارە رەخنەییانەی کە لەسەر رۆمانەکەت (ئەی خەم بەیانی باش) نووسراوە فێری بووی، لە وەرامدا دەڵێ : هیچ شتێ فێر نەبووم، چونکە ئەوان لە شتێک دەدوێن کە هەرگیز مەبەستی من نەبووە، بەر لە سەدەیەک لای نووسەرانی ڕۆژاوا مۆدێلی ستایلێکی نووسینی ئاڵۆز سەری هەڵدا، کە تاڕادەیەک ئەو ئاڵۆزییە لە نووسیندا ببووە ئامانجێک لای ئەو نووسەرانەی کە بە دوای کورتترین ڕێگادا دەگەڕان بۆ خۆناساندن و شۆرەت پەیداکردن، چونکە ئەوانە پێیان وابوو ئاشکرا و ڕوونی لە نووسینی دەقی ئەدەبی وەک شیعر و چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەی رەخنەییدا، واتە پێ نەگەیشتنی هزری و هونەری و ئەفراندنی نووسەرەکە، هەڵبەت ئەمە بەر لە سەدەیەک تا نیو سەدە لە رۆژاوا باو و مۆدێلی نووسین بوو، وەلێ لای خۆمان هەندێ لە نووسەرانی کورد بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دەقەکانیان گەیشتۆتە ئاستێکی بالا و بە جیهانی بوون ، هەر بۆیەش پەنایان بردۆتە بەر ئەو ستایلە لە ئاڵۆزی نووسین و بڕینی تخوبەکانی زمان و یاساکانی، (ئیگۆر براون) دەڵێ: جا ئەگەر ئەدەب و هونەر لەیەک سەرچاوەی مەعریفیدا هەڵبقوڵێن ، ئەوا ئەو هونەرمەندەی مەبەستە تایبەتییەکەی خۆی نەزانێ هەرتەنێ کار بۆ دیوی دەرەوە و رووالەت بکات ، لێ ئەگەر بشزانێ و نەتوانێ گوزارشتی لێ بکات، ئەوا بێگومان بێتوانایی ئەو هونەرمەندە نیشان دەدات، بێگومان ئەم بۆچوونە لەسەر دەقی ئەدەبیشدا جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتیش بۆ ئەو نووسەرانەی کە مەبەستەکانی نووسینی خۆیان نازانن و ناکارن بە سانایی بە خوێنەرانی بگەیەنن، ئەگەر بشزانن ئەوا ناتوانن گوزارشتی لێ بکەن، ئەوا بێتوانایی ئەوان نیشان دەدات، لەوانەش هەندێ لە ڕەخنەگران

لێکۆڵینەوەکانیان بە چنینێکی زمانەوانی ئاڵۆز بەرهەم دەهێنن، لە ئاکامی بە گەڕخستنی هەندێ وشەو زاراوەی نامۆ تەنانەت گواستنەوە و بەکارهێنانی هەندێ ڕستەی نامۆ، کە نووسەرەکە هەندێجار بۆ خۆیشی تێی ناگات، لێرەدا بە مەبەستی هاوچەرخێتی و نوێخوازی ئاڵۆزی لە نووسیندا دەبێتە ئامانجی سەرەکی ئەو جۆرە نووسەرانە، زۆرجاریش لە خشتەبردنی خوێنەرانی کەمئەزموون و نەشارەزا لەزمانە بیانییەکان، باشە سروشتی رۆحی سەردەم چ پەیوەندییەکی بە بەکارهێنانی وشە و زاراوە و ڕستەی نامۆ هەیە، ڕاستە ئێمە دژی سادە و ساکارییین لە داڕشتنی هەر دەقێکی ئەدەبیدا بە تایبەتیش نووسینە ڕەخنەییەکان، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنانی زمانی دەقی ئەدەبی بەرهەم هێنانێکی هونەری باڵایە و جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانە باوەی قسەی پێدەکرێت، من هەمووجار ئەو نوکتەیە بۆ هاورێیانم دەگێرمەوە کە تێگەیشتن لە دەقێکی ئەدەبی کە بە زمانێکی بیانی وەک فارسی و عەرەبی نووسراوە ، بۆ من زۆر ساناترە لەو دەقانەی کە هەندێ نووسەر وەک سەرچاوەیەکی بەرهەم هاتووی هزری خۆیان بە کاری دەهێنن، بەڵام ئەفسوس ناکارن ڕاستگۆیانە و بە ڕاشکاوی واتا و مەبەستەکانی نووسەرە ئەسڵییەکە وەک خۆی بگوێزنەوە بە خوێنەران بگەیەنن.

**بەشی شەشەم: پرۆسەی وەرگێڕان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا:**

سالانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش چەندان کتێبی وەرگێڕدراو لە زمانە بیانیەکانەوە بۆ کوردی تەرجەمە دەکرێن، هەیانە شایستەی ستایش و پێزانینن، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە بەڵکە تەماشاش بکرێن، چونکە هیچ ڕێسا و یاسایەک و پێوەری وەرگێران لەخۆ ناگرێت، هەر بۆیەش پرسیارەکە لێرەدا خۆی قووت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا

واتای دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بە پێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کە وایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕووی سینتاکس و ئیدیۆم و مۆرفۆلۆژیدا لە زمانەکەی دیکەدا جویێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکە دوچاری گرێوگۆڵە و تاسە نەیەت، یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، ئاخۆ بۆی هەیە وەرگێر پەنا بباتە بەر قاموسی وشە و زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پڕ کات لە وشە و زاراوەی بیانی کە لە ئێستاکەدا هەندێک لە وەرگێڕەکان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن، باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێڕان ڕۆڵ و ئەرکیان چییە لە جوێکردنەوەی بابەتێکی وەرگێڕدراوی باش لە بابەتێکی وەرگێڕدراوی خراپدا، وەرگێڕی باش و کارامە چۆن دەکارێ لە وەرگێڕانەکەیدا بنەما و ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن ڕەچاو دەکات، چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لە نووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بە خاڵبەندی بدات، و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ و خوێنەریش ماندوو ناکات. نها زۆر لەوەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لەبازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێڕان نەبۆتە پرۆسەیەکی مەعریفی لەناو ئێمەی کورددا، لەکاتێکدا توانستی ماددی و مانەوەی بۆ ئەم پرۆسەیەش دابین کراوە،

ئەگەر هەموومان لەسەر ئەو بۆچوونە مکووڕ بین وەرگێڕان پرۆسەیەکی هونەری و زانستییە، لە هەمان کاتیشدا داهێنانە، وەرگێڕی کارامە و پرۆفێشناڵ دەکارێ داهێنەرانە لەو تێکستە وەرگێڕاوەدا بئافرێنێ، بەڵام مەرجە بنەڕەتییەکە لەوەدایە کە گەرەکە زمانەکەی دیکە وەک زمانی دایکی خۆی بە تەواوی ئاشنا بێت، واتە شارەزا بە هەموو دەلیڤە زمانەوانی و وشەسازی و زاراوەسازی و ئیدیۆمەکاندا کە تایبەتمەندی زمانە بیانییەکەن، لە بەرچڤەکردنی هەر دەقێکی بیانیدا تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدرێت کاتێک کەسی وەرگێڕ پەنا دەباتە بەر بەرچڤەی وشە بەوشە یان دێڕ بەدێڕ تەنانەت کۆپلە بەکۆپلەش، هێشتا وەرگێڕان لای ئێمە نەبۆتە پرۆسەیەکی رۆشنبیری و زانستی ئەگینا کوا ئەو وەرگێڕە پرۆفیشناڵانەی کە پیشەیان هەر تەنها وەرگێڕان بێ، لەم چەند ساڵانەی دواییدا چەندان سەرچاوە و کتێبی جۆراوجۆر بۆ زمانەکەمان وەرگێڕدراون، بەڵام چۆن وەرگێڕانێک... رەنگە تاڕادەیەک دەستخۆشی لە هەوڵی چەند وەرگێڕێکی بەتوانا بکرێت، بەڵام هێشتا زۆری ماوە کە ئێمەی کوردیش بگەینە ئاستی ئەزموونی وڵاتانی تر لەو پرۆسە پڕ بایەخەی وەرگێڕاندا لە هەمووشی گرنگتر پرۆسەی وەرگێڕانی بە پێچەوانە واتە لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانیەکان، مخابن ئەم هەوڵەش زۆر دەگمەنە و تا ڕادەیەک لە خانەی نەبوون دایە لە کاتێکدا گەرەکە خوێنەرانی گەلانی دیکەش لە ڕێی وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیرییەکانی ئێمە بزانن، کە ئێمەی ئەدەبی کوردیش ئەدەبی نەتەوەیەکی زیندووی سەر ئەو گۆی زەمینەیە و خاوەن داهێنانی کولتووری تایبەت بە خۆمانین، نازانم ئەم وتەیەم لە کوێ خوێندۆتەوە کە رەخنەگرێک لەمەڕ هونەری وەرگێرانەوە ئێژێ : ((وەرگێڕان وەک پرۆسەی نەشتەرگەری وایە، کە مرۆڤێکی ساغ نەشتەرگەرییەکی قورس بکرێ لە ئاکامدا یان ئەوەتا دەمرێ یان ئەوەتا ئەگەر سەلامەتیش بێت،

ئەوا وەکو جاران بە سانایی ساغ و سەلامەت دەرناچێ، نووسەرێکی ئیتاڵیش پێی وایە وەرگێران تاوانە و وەرگێریش تاوانبار، ڕایەکی دیکەش لەمەڕ پرۆسەی وەرگێرانەوە هەیە کە دەڵێ دەقی وەرگێڕدراو وەک دیوی ژێرەوەی مافور وایە جوانی نەخش و نیگارو چنینەکەی لە دەست دەدات ))، بەهەرحاڵ ڕاوبۆچوون لەمەڕ وەرگێڕان زۆرە و زۆریش لەسەر یەک ڕا ناتەباو ناکۆکن. بەڵام ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد کە ئەوەندە بواری هونەری وەرگێڕانمان بۆ نەرەخساوە، سەبارەت بە نەبوونی دەزگایەکی چاپەمەنی یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێران، یان لایەنی کەم بوونی گۆڤارێکی تایبەت بە هونەری وەرگێران دوچاری زۆر لە کێشەی زمان و زاراوەی ستاندارد هاتووین، یەکێک لەو گرفتانەش نەبوونی پەیڤ و زاراوەی زانستی و یاساییە (مەبەستم زاراوەگەلی غەیرە ئەدەبی) چونکە لەو ڕووەوە نەمان توانیوە کەڵک لە کتێبگەلی زانستی وەربگرین و بۆ زمانی خۆمان بەرچڤەی بکەین تا هەرهەموومان لەسەر وشەیەک یان زاراوەیەک کۆک بین.

ڕۆژانە ئەم دیاردەیە لە کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بە زەقی دێنە بەرچاو، هەر یارۆیە بە ئارەزووی خۆی وشەیەک، زاراوەیەک دادەتاشێ و ئالتەرناتیڤێک بۆ پەیڤە بیانییەکان بەکاردێنێ. وێڕای وەرگێرانی دەقێک، کە زۆرجار هەست دەکەی وەرگێڕانێکی حەرفییە و دوور لە مەبەست و ناواخنی دەقە ئەسڵییەکە، ئەگەر خودی نووسەری دەقە لێ وەرگێڕاوەکە بە زمانی کوردی دەقەکەی خۆی بخوێنێتەوە، ڕەنگە نکوولی لە بەرهەمەکەی خۆی بکات و بڵێ حاشا ئەوە من نەمنووسیوە. هەڵبەت کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکار هەن، کە ئاماژە بە سەقەتی وەرگێڕان دەکەن بۆ زمانی کوردی (ڕەنگە سەبارەت بە سستی و کەمی وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە ئەم دیاردەیە زۆر ئاشکرا نەبێ) ، چونکە لەم بوارەدا وەرگێڕی پسپۆرمان کەم و دانسقەن یان هەر نین، هەر ئەمەشە وای کردووە

کولتووری کوردی نەبێتە پردێک بۆ ئاشنابوونی گەلانی جیهان بە ئەدەب و هونەر و کەلەپوورەکەمان بۆ جیهانی نەبوونی کولتووری کوردی. زمانەکەمان ئەگەرچی تا کۆتایی ئەم سەدەیەش نەبووە بە زمانێکی ستاندارد، تا کەڵک لە هەموو پەیڤ و زاراوە جیاوازەکانی دیالێکتەکانی کوردی وەربگیرێ، هەر بۆیەش خوێنەرانی کورد بۆ خوێندنەوەی دەقێک بە شێوازی دیکە وەک کرمانجی یان زازاکی، ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر فەرهەنگۆک، ئەگەر چی لەم ڕووەوەش کارێکی وەها نەکراوە تا سەرجەم وشەگەل و زاراوەکانی زمانی کوردی لەیەک فەرهەنگی گەورەدا خڕ بکرێتەوە شرۆڤە بکرێن (جا نازانم (قاموسی زمانی کوردی ) یەکەی ئاوڕەحمانی زەبیجی کە تەنها دوو بەشی بە چاپ گەیەنراو هەژدە بەشەکەی دیکەی دوای مردنی چی لێهات؟ یان قاموسی (هەنبانە بۆرینە)ی مام هەژار کەتا ئاستێکی باش هەوڵی داوە کەڵک لە سەرجەم پەیڤ و زاراوەی جیاوازی لەهجە کوردییەکەی وەربگرێ، ئەگەر واش بێت بەڵام سەبارەت بە دەست نەکەوتنی لە کتێبخانە و بازارەکان دیسان بایکۆتێک بۆ ڕووناکبیران و خوێنەرانی کوردی دروست بووە کە بە سانایی دەستیان نەگاتێ و کەڵکی لێ وەربگرن، هەربۆیەش زۆر لە وەرگێڕانی کورد وشە و زاراوەی زمانەکانی بیانی وەک خۆیان بەکاردێنن، کە لە هەموو کاتێکدا ئەوە کارێکی باش و ڕەوا نییە، بەچارەسەرکردنی هەندێ لەو گرفتانە دەکرێ زمانەکەمان ببێتە زمانی داهێنانی گەورە و دەقی مەعریفی گەورەی پێ بنووسرێ، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو پێشنیارانەی مامۆستا شوکر مستەفا زۆر بەچاک دەزانم، کە هەر دەزگایەک بە تایبەت ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکەن بە تایبەت غەیرە ئەدەبییەکان) لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا وەک پاشکۆ لیستێک بە وشە و زاراوەکان و بەرامبەریان ئامادە بکەن تا خوێنەران بە سانایی فێری ئەوە بن کە ئەم وشانە بەکار بێنن نەک وشەگەلی بیانی. دەکرێ ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆژەیەکی گەورە

بێت بۆ ئەکادیمیای کوردی، بۆ کۆمەڵەی وەرگێڕان ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی پێ بدرێت، دەشکرێ وەزارەتی ڕۆشنبیر حکومەتی هەرێم ساڵانە بە پێی نەخشەیەک چەند کتێبێکی بە نرخی وەرگێڕدراو بە چاپ بگەیەنێت پێم وایە ئەم دیاردەیە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ زۆر لەو وەرگێڕە دڵسۆزانەی کورد کە بەردەوام بەخششی خۆیان هەبێت لە کاری وەرگێڕاندا .( لێرەدا قسەیەکی برای نووسەر حەمە کەریم عارف )م دێتەوە بیر، کە دەڵێ: پتر لە پەنجا کتێبی وەرگێردراوم هەیە هەر کەسێک ئامادە بێت بە چاپی بگەیەنێ با بەناوی خۆی بڵاوی بکاتەوە، مخابن وەرگێڕانی گەلانی دیکە لە پاداشتی ئەرک و ماندووبوونیان بە هەموو جۆرێکی ماددی و مەعنەوی خەڵات دەکرێن وەرگێڕی کوردیش ئامادەیە واز لە رەنج و بیر و هەست و شەونخوونی خۆی بهێنێ و لە پێناو گەیاندنی ئەو پەیامەی، کە چەند ساڵێکە ئەرکی بۆی کێشاوە ئەویش جگە لە خزمەتکردن بە کولتووری کوردی بڕوا ناکەم شتێکی دیکە هەبێت، من نامەوێت ڕێنمایی خوێنەران بکەم بە مەرجەکانی هونەری وەرگێڕان چییە و چۆنە ڕەنگە زیاتر کاری پسپۆران و زمانەوانیی کورد بێت، بەڵام دیسان ڕووی لە گلەیی لەو هەموو ڕووناکبیرە کوردانە دەکەین، کە چەند ساڵێکە لە (هەندەران)ن بۆچی هێندە کەمتەرخەمن، ئەوانە چۆن دەیانەوێ کولتووری کوردی بە گەلانی جیهان بناسینن مەگەر ئەوانە بوو بەو چەند ساڵە فێری ئەو زمانانە نەبوونە تا کارێکی وا ئەنجام بدەن لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو ئەورووپا بواری رووناکبیرانی کورد ڕەخساوە چ لە نووسین و هونەری چاپکردن و، کۆمەککردنی نووسەران، جا ئەگەر لە خۆمان بپرسین چەند دیوانی شیعر و چیرۆک و کتێبی مێژوویی و کەلەپووری کوردی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان تەرجەمە کراون.

**ئەنجام:**

لە دواجاردا دەگەینە کۆمەڵێک ئەنجام و دەبێت ئاماژەی پێ بکەین کە سەرباری ئازادبوونی بەشێک لە کوردستان و هەبوونی چەندان کەناڵی میدیایی، بەڵام هێشتا لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا کێشەی زمانی ستاندارد چ وەک دیالێکت و چ وەک رێنووس چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەکراوە، لە بەشە جیاوازەکان و تەنانەت لە هەرێمی کوردستاندا چەندان کەناڵی میدیایی بە شێوەزاری جیاواز هەیە ئەمەش خزمەت بەزمانی ستانداری کوردی ناکات و نەوەکانی داهاتووش لە ڕووی پەروەردەیی و کولتووری نەتەوەیی پەرت دەکات، بۆ چارەسەری ئەم کێشانەش گەرەکە ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

کەناڵە میدیاییەکان زێتر بایەخ بە زمانی ستانداردی کوردی بدەن بە تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەم قۆناغە دیالێکتی کرمانجی باشوور کە زمانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە سەرجەم کەناڵە میدیایەکانی کاری پێ بکرێت و لە پاڵ ئەوەشدا بایەخ بە دیالێکتی کرمانجی باکوور بدرێت بۆ ئەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستانی باکوور و رۆژاوا بتوانن سودی لێ وەربگرن.

کەسانی پسپۆر و شارەزا لە زمانی کوردیدا سەرپەرشتی زمانەوانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بن بۆ ئەوەی وەک فلتەرێک بتوانن دارشتنەوەی زمانەوانی بۆ تێکستە نووسراوەکان بکەن چ لە ڕووی ڕێزمانەوە چ لە ڕووی ڕێنووسەوە و پاکتاوکردنی وشە بیانییە زەقەکان لەناو تێکستەکاندا.

بەردەوام خوولی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ نووسەران و بێژەران و کارمەندانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکرێتەوە و بەیناوبەینیش تاقی بکرێنەوە، چونکە ئاشکرایە بەردەوام بە هەڵە گەیاندنی وشە و زاراوە یان دارشتنێکی زمانەوە نەوەیەک فێرە سەرلێشێواوی زمانەوانی دەکات .

**سەرچاوەکان:**

*بەراوردکارییەک لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا- د.کامیل حەسەن بەسیر- 2013چاپی یەکەم /چاپخانەی کۆری زانیاری کورد- بەغدا 1985

*زمانی ستانداردی کوردی –د.نەریمان عەبدوللاخۆشناو- چ یەکەم- نامەی دکتۆرا-2013

*ڕێزمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو)- نەریمان خۆشناو-2012-چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر

*زارو زمان- د.نەریمان عەبدوللا خۆشناو - چاپی یەکەم 2012 هەولێر

*تیۆرەکانی ڕاگەیاندن- ملڤین ل. دیفلیر و ساندرا بۆل- رۆکیتج- وەرگێڕانی سەنگەر حاجی – هەولێر 2012- خاەس چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان

*زمانەوان- تایبەتنامەی کۆنگرەی زانستی – فێرکاری زمانی کوردی لە ئێراندا- تاران -1381 هەتاوی -2702 کوردی-چاپ و بلاوکردنەوە: ئینیستۆتی فەرهەنگی کوردستان- تاران -2003 زایینی

*زمانەوانی – نووسینی پ.د.یوسف شەریف سەعید- چ یەکەم 2012لە بلاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی ژمارە: (5)کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو

*زمانەوانی – بەرگی چوارەم و پێنجەم و شەشەم حەفتەم)نووسینی : سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو- چ یەکەم 2010- چاپخانەی مینارە هەولێر

*زمانەوانی – بەرگی هەشتەم- م. سەلام ناوخۆش و م.نەریمان خۆشناو - چاپخانەی رۆژهەلات /هەولێر 2011

*هەورامی لەهجەیە یان زمان – سوداد ڕەسووڵ – گۆڤاری زمانناسی - ژمارە 13 ی 2013.
*کۆنفرانسی چێکردنی زمان- ئەمجەد شاکەلی – گۆڤاری زمانناسی ، زمانناسی گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بە بوارەکانی زمان - ژمارە 13 ی2013.

# زمانی بابەتاهیری هەمەدانی و جیاوازی دیالێکتی هەورامی و لوڕی

سەلام ناوخۆش بەکر

## پێشەکی

بابە تاهیر بۆ کورد وەك جیفری چۆسەر بۆ ئینگلیز وایە : چۆن چۆسەر بە باوکی ئەدەبی ئینگلیزی و زمانی ئینگلیزی دادەنرێت، بابەتاهیریش بە باوکی ئەدەب و زمانی کوردی دادەنرێت. هەر ئەوەش وایکرد لە سەر زمانی بابەتاهیر شتێك بنووسین بۆ دیارخستنی جۆری دیالێکتەکە، کە ئاخۆ گۆرانییە وەك هەندێ توێژەر دەیڵێن یان زمانەکە لوڕییە، کە هەندێ توێژەر دەڵێن خودی لوڕی لە ڕوانگەی لە یەکتر حاڵی نەبوونەوە لەگەڵ ئاخێوەرانی کرمانجیی ناوەڕاست هەر دیالێکتی کوردی نییە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی دین جیاوازی: ئیسلام و یارسان و مەزهەب جودایی: لوڕی شیعە و گۆرانی سوننە شرۆڤەی جیاوازییە زمانییەکان بکات. ئەو دوو فاکتەرە لە سەردەمی نوێدا یەك زمانی بەرەو سێ زمان بردووە: زمانی سربی- کرواتی لەبەر دین جیاوازی (بۆسنی موسڵمان و سربی ئەرتەدۆکسی مەسیحی و کرواتی کاتۆلیکی مەسیحی) بۆتە سێ زمان. لە بەر مەزهەب جیاوازی (ئەرتەدۆکسی – کاتۆلیکی) بۆتە سێ زمان .

ئەم نووسینە لە سێ بەش و ئەنجامێك پێك هاتووە، لە هەرسێ بەش هەوڵ دراوە دین جیاوازی ئیسلام و ئەهلی هەق و ململانێی مەزهەبی – شیعە و سوننە بە لا بنرێ بۆ ئەوەی مێژوویەکی هاوبەش بۆ کورد دروست بکرێ، لەو هەنگاوەش دەردەکەوێ بابەتاهیری هەمەدانی پێشەنگی شیعری کوردییە، نەك دەقە شیعرییەکەی سەر پێستەکە.

## بەشی یەکەم
## دابەشکردنی جیۆگرافیی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

کوردناسەکانی وەك ژاپا و مینۆرسکی و ڤاسیل نیکتین... لەسەر دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی قسەی خۆیان هەبووە. لە نێو کوردانیش شەرەفخانی بەدلیسی و تۆفیق وەهبی و زەبیحی و خاڵ و هەژار موکریانی و جەمال نەبەز و د.عزەددین و سەجادی و میهردادی ئێزەدی و د. فوئاد حەمە خورشید و د. حوسێن محەمەد...لە سەر ئەو بابەتە دواون و ڕای جیاوازیان خستۆتە ڕوو. ئەوەی توێژەر دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، شرۆڤەکردنی داتاکانی بەردەستن بۆ ساغکردنەوەی جیاوازی نێوان لوڕی و هەورامییە.

هەندێك لەو دابەشکردنانە ئەو جیاوازییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەخەنەڕوو. شەرەفخانی بدلیسی (1981،ل 28-29 )دا لە بارەی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی – لە ڕێگای هۆز و ڕەفتاری هۆزەوە - ،دەنووسێت :" هۆزە سەرەکیەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخاوتن و هێندێك ئاکار و داب و دەستوور و هەڵسوکەوتیان لێك جیاوازە...دەکرێن بە چوار بەشەوە:

یەکەم: کرمانج
دووەم: لوڕ
سێهەم: کەڵهوڕ

چوارەم: گۆران."
ئەو پۆلێنکردنە دوای چەندین سەدە کەم و زۆر دووبارە بووەتەوە . کەمال فوئاد لە وتارێکدا (1989،ل 24 )دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە سەر بونیاتی کۆمەڵە خێزانیەکان بۆ چوار کۆمەڵە دابەش دەکات، کرمانجی سەروو،کرمانجی خواروو، کوردیی باشووری، گۆرانی و زازا " . مهردادی ئیزەدی (2007، ل 382) هەم هەردوو دیالێکتی کرمانجی باکوور و کرمانجی ناوەڕاست دەکاتە یەك گروپە زمان، هەم گۆران و زازا دەگەڕێنێتەوە سەر زمانی پەهلەوی و دیالێکتی لوڕی بە کوردی ناونابات، هەروەك دەنووسێت : "زاراوە کوردییەکان بەسەر دوو گروپ دادەشکێن:
1ـ گروپی کرمانجی: بادینی (کرمانجی ژوورو- باکوور) و سۆرانی(کرمانجی خواروو- باشوور) 2. گروپی پەهلەوانی : دیمیلی (زازا)و گۆرانی..."لە پۆلێنەکانی کەمال فوئاد و میهرداد، گۆران و زازا بە یەك گروپە زمان دانراون. هەردوو شێوە لە ڕووی شوێنەوە زۆر لە یەك دوورن، بەڵام لە ڕووی خزمایەتی زمان لە یەك نزیکن . لە بارەی ئەو لە یەك نزیکبوونە زمانییە، زەبیحی فەرهەنگنووس لە پێشەکی قامووسە کوردی-کوردییەکەی (1367،ل 55) دەنووسێت |: " لە مەڵبەندی لەهجەی باکووری و ناوەندیی زمانی کوردییدا، دوو دوورگەی زمانی هەن کە سەرەڕای دووری لە یەکتر پیاو بە هاسانی دەتوانێ، بڵێ : لە ئەسڵا یەکن ئەویش زازاییە لە باکوور و گۆرانییە لە ناوەندیدا ئەمەی ئاخریان، زیاتر بە هەورامی ناوی دەرکردووە....لە هەورامانە". د. فوئاد حەمە خورشید، بێجگە لەوەی بنزارەکان لە ڕێگەی پەیوەندی زمان بە جیۆگرافییەوە دەباتەوە سەر گروپە زمانییەکان و شوێنە جیۆگرافییەکان دەخاتە ڕوو. دکتۆر فوئاد لە لاپەڕە (40 )ی زمانی کوردی و دابەشکردنی جیۆگرافیایی دایەلێکتەکانیدا

(1985)دیالێکتەکانی کوردی وەك شەرەفخان بدلیسی بۆ سەر چوار گروپە زمان دابەش دەکات :

1ـ کرمانجیی باکوور: بایەزیدیی، هەکاریی،بۆتانیی، شەمدینانیی، بەهدینانیی، دیالێکتی ڕۆژاوا.

2ـ کرمانجیی ناوەڕاست : موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی،سلێمانی، گەرمیانیی .

3ـ کرمانجیی باشوور: لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسێنی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ.

4ـ گۆران : گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا ."

لەو هەموو دابەشکردنانە لوڕ (لوڕی بچووك و لوڕی گەورە) لە گۆران جیا کراوەتەوە، بەڵام لە لاپەڕە (32)ی کتێبی (کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد)ئاماژە بەوەکراوە، کە بابا تاهیری هەمەدانی بە شێوەزاری گۆران شیعری هۆنیتەوە .

**پۆلێنکردنی دیالێکتەکان لە سەر بونیاتی ئەلفبێ**

پۆلێنەکانی دابەشکردنی دیالێکتەکانی پێشوو لە سەر بنەما و شەنگستی جیۆگرافی کراون. ئەم پۆلێنەی بەر دەست لە سەر بونیاتی جۆری ئەلفبێ کراوە. توێژەر باوەڕی ئاوایە کە جۆری ئەلفبێ کاریگەری لە سەر حاڵەتی دابەشبوونی کوردستان هەیە. سەرەتا یەك ئەلفبای سەرەکی لە کوردستان هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ڕۆژنامەی دەرەوەی کوردستان، وە هەموو ژمارەکانی پێشکەوتن، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ناو کوردستاندا، بە ئەلفبێی کوردی نووسراون. ئەو دوو بڵاوکراوەیە لە باکوور و باشوور بڵاو کراونەتەوە.

توێژەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئەوها دابەش دەکات :

1ـ ئەلفبێی لاتینی: کرمانجیی باکوور + دیالێکتەکانی ڕۆژئاوا + بەشێك لە کوردەکانی بەهدینان و تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستان.
2ـ ئەلفبێی کوردی: (وەرگیراو لە سریانی و عەرەبی و فارسی) کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی باشوور .
3ـ کرمانجیی سلاڤی: کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

لەم دابەشکردنەدا هەردوو زاری لوڕی و زاری گۆران سەر بە گروپە زمانی نوختەی دووەمن، بە واتای هەردووك بە ئەلفبێی کوردی دەنووسرێن.

## بەشی دووەم

## دیالێکتی گۆران

هەروەك بینیمان لە شەڕەفخانەوە (ل29) لە سەر بنیاتی هۆزەوە، گۆران بە دیالێکتێکی کوردییە. زۆربەی توێژەرە کوردەکان ئەو ڕایەیان دووبارە کردۆتەوە. بە تێگەیشتنی توێژەر دوو جۆری جیاواز لە گۆران هەیە:

1ـ گۆرانی ڕەسەن
2ـ گۆرانی غەوارە

هەورامان زێدی هەبوونی هەردوو جۆری گۆرانە. ئەو دوو گۆرانە لە کەلتور و دابونەریت و ڕوخسار و زمان و واتا جیاوازن.

## یەکەم، گۆران- ی ڕەسەن

هەورامان لانکەی گۆرانەکانە، سێ بەشی دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەشەکەی تری دەکەوێتە باشووری کوردستان . محمدی مەلا کەریم (2001، ل 37)لە کتێبی (ژیان و بەرهەمی مەولەوی)ئەوها وەسفی هەورامان دەکات :" ناوچەیەکی سەر سنووری عێراق و ئێرانە بەشی هەرە زۆری ئەکەوێتە کوردستانی ئێرانەوە و بەشێکی زۆر

کەمیشی کوردستانی عێراقە .خەڵکەکەی بە دیالێکتی هەورامی-گۆرانی ئەدوێن و شاعیری بەرجەستەی زۆری تیا هەڵکەوتووە." د.جەمال نەبەز لە ڕاڤەکردنی ئەو جۆرە گۆرانە، دەنووسێت : " زانای ناسراوی کورد مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامی زۆر باسی بە نرخی لە سەر بنەچەی (گۆرانەکان) نووسیوە- لەم نووسینانەدا شۆربۆتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ووشەی گۆران کە لە وشەی (gewir)ەوە هاتووە- ئەمەش لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام بەو کەسانە وتراوە کە ئامادە نەبوون ببن بە موسڵمان.... ئامادەبوون لە سەر ئایینی خۆیان بمێننەوە و جزیە بدەن -2005،ل 98-99." گۆران-ی ڕەسەن نیشتەجێی ئەسلی کوردستان لە سەر دوو ئایین بوون، کۆمەڵێك موسڵمان بوون و چەندەها شاعیری ناوداریان تیا هەڵکەوتووە وەك مەولەوی و گۆران...لە بارەی ئەو (گۆرانەوە) مارتین ڤان برونەسن(1999) لە بەرگی یەکەمی ئاغا و شێخ و دەوڵەت هەندێ زانیاری دەربارەیان دەنووسێت. لە لاپەڕە (152 )ی هەمان سەرچاوە هاتووە : " وشەکانی گۆرانی ڕەسەن و گۆرانی غەوارە، گوزارە لە دوو کۆمەڵی جوداواز دەکەن...ل152" هەروەها لە لاپەڕە (149)دا لە زاری ڕیچ دەنووسێت :"بە شێوە و ڕوخسار و جۆری زاریاندا لە "گۆرانی ڕەسەن " جودا دەکرێنەوە ." شێوەی گۆرانی ڕەسەن سەر بە لقی خوارووی ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە. هەروەها لە مینۆرسکی و کورد هاتووە کە مینۆرسکی (2006، ل 149) خۆی وتویەتی :" تێکستێکی زاخۆیی کە سۆسین چاپی کردووە، دەڵێ :

**نە جووم و نە موسڵمان**

**نە مەسیحی و نە گۆران**

ئەم وشەی دوایی (گۆران)بەبێ گومان ئاماژە بە ئاگرپەرستی و وەرگێرانی تایبەتی وشەی گۆران لە گەبران دەکات."

دووەم، گۆران-ی غەوارە

لە چاخی کۆن و لە چاخەکانی ناوەڕاستدا نەتەوەکان هێندەی ئینتمایان بۆ فاکتەری ئابووری هەبوو لە پێناو تێرکردنی سك و هەروەها ئاژەڵەکانیان هێندە ئینتمایان بۆ زێدی باوك و باپیرانیان نەبوو. جگە لە فاکتەری ئابووری، فاکتەری کۆمەڵایەتی –لەگەڵ یەك نەگونجانی دوو برا، باوك و کوڕ، دوو پسمام..، فاکتەری ئایینی – هەبوونی ئەو هەموو کوردە لە میسر و ئوردن و لبنان...، کاریگەری لە سەر کۆچی نەتەوەکان هەبووە. مارتین ڤان لە سەرچاوەی پێشوو ئاماژە بەوە دەکات، کە " لە سەدەی چواردەهەم بەدواوە، ئیدی جیۆگرافیاناسەکان باسی گەلێك بە نێوی – گۆرانەوە- لە باشووری کوردستانی ئەورۆکە دەکەن .ل153" لە هەمان کتێب و لاپەڕەدا مارتین ڤان دەنووسێت:" چ زانستی زمان و چ سەرچاوە دێرین نووسراوەکان، وا دەردەخەن گۆرانی زمانی گەلێك بووە کە لە بنچینەدا دانیشتووی دەڤەرێکی خوار دەریای قەزوێن بووە و پەیوەندی دەگەڵ دەیلەمییەکاندا هەبووە یاخود بەشێکی داکشاوتری ئەوان بووە."مارتین ڤان لە سەر ئەو بابەتە دەڕوا و دەنووسێت:"ئەو گۆرانە سەر بە لقی سەرووی ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە-ل149 ."سوداد ڕەسووڵ (2012،ل8-26) ڕای چەند ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێك دێنێت، کە گۆرانی غەوارە لە بنەڕەتدا گوایە کورد نەبوونە. لەپاش گەشتەکەی ڕیچ، چەند کوردناسێکی ناسراو وەك مێجەر سۆن و ڤلادمیر مینۆرسکی و مەکەنزی و ڤاسیل نیکیتین لە سەر کوردی سەر سنووری عیراق و ئیران نووسینیان هەیە.هەروەك نووسەری کتێبی"عادیلە خانم ...." عادل صدیق (2010) لاپەڕە (59 هەتا 69) تەرخان دەکات بۆ گەشتی سۆن (بە ناوی غولام حوسێن شیرازی) بۆ هەڵەبجە و دیداری عادیلە خانمی دایکی تاهیر بەگ و کەشفبوونی بۆ تاهیر بەگ لە دیدارێکدا کە ئینگلیزە، نەك فارسی شیراز " هەروەها دوای هەرەسهێنانی ڕاپەرینی یەکەمی شێخ مەحموود، سۆن بۆتە حاکمی ڕەهای سلێمانی و لەو شارە

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سلێمانی دەرکردووە. سۆن وەك کوردناسێك باوەڕی وابووە، کە گۆران، گۆرانی غەوارە، لە بنەچە کورد نیین. بە لەهجەیەك قسە دەکەن نە کوردییە نە لوڕی –(سوداد 2012 ) هەروەها لە نەزەر سۆن زمانی قسەکردنی ئەو گۆرانانە پێدەچێ پاشماوەی فارسی کۆن بێ. ئەنوەر سوڵتانی (2006) لە لاپەڕە (149 )ی مینۆرسکی و کورد دەگوێزێتەوە، کە مینۆرسکی وتویەتی :" ئۆسکارمان دەڵێ، پەیڤی گۆران لای کوردی موکریان چەتەیە" هەروەها مینۆرسکی بەردەوام دەبێ و دەنووسێت:" پەیڤی گۆران لە ڕوواڵەت واتای وەرزێر یا کەسێك دەبەخشێ کە بنەڕەتی نا خێڵەکی هەیە. "مینۆرسکییش یەکێ لەو کوردناسانە کە گومان لە کوردیبوونی گۆرانی غەوارە دەکات. مەکەنزی بەوە ناسراوە کە دیدی جیاوازی خۆی هەبێت لە سەر دیالێکت و بن دیالێکتەکانی کوردی. سوداد (ل23) باوەڕی وایە کە " مەکەنزی دەربارەی ئەسڵی زاری گۆران وای بۆ دەچێ کە ئەو لەهجەیە لە لەهجەکانی یکەی زمانی کوردییەوە دوورە و لە زۆر ڕووەوە بە لەهجەیەکی کۆنی ناوەڕاستی ئێرانی دەچێت ."

گۆرانی غەوارە لە نێو کۆمەڵگای زمانەوانی کوردیدا توایتەوە و مۆرکێکی کوردی ناوەڕاستی وەرگرتووە، چونکە لە هەورامانی بەشی باشووری کوردستان زمانی خوێندن بە کوردی ناوەڕاست بووە.

بە کورتی هەردوو گۆران لەم خاڵانەی خوارەوە لە یەك جیاوازن:

1ـ گۆرانی ڕەسەن وەرزێر و سەپانی کەس نەبوونە، چونکە هاوڵاتی نیشتەجێی وڵاتی خۆیان بوونە هەرچی گۆرانی غەوارەیە، بوونە وەرزێری کوردەکان، چونکە لە خواروی قەزوێنەوە بۆ هەورامان هاتوون.

2ـ لە ڕووی ئایینەوە، گۆرانی ڕەسەن موسڵمان و ئەهلی هەقن، هەرچی گۆرانی غەوارەن تەنیا موسڵمانن.

3ـ زمانی ئاخاوتنی گۆرانی ڕەسەن دایالێکتێکی کوردییە و درێژەپێدەری زمانی ئاڤێستان، هەرچی زمانی ئاخاوتنی گۆرانی غەوارەیە لە زمانی کۆنی فارسی نزیکە.

**لوڕ دیالێکتی مەزهەبی**

لوڕ وشەیەکی کوردی ڕەسەن بە هۆی دووری جیۆگرافیەوە گۆڕانکاری بە سەر هاتووە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا خۆی ناوچەیەکی لێڕ بووە، ئەو وشەیەش وەك د.ئیبراهیم 2012، ل 15 لە :" دانەری کتێبی گزیدەی فارسی دەیگوێزێتەوە کە وشەی لوڕ بە زمانی کوردی ئەو شاخەیە کە دارستان دایپۆشیوە."

هەروەك لە یەکەم پۆلێنی کوردی هاتووە، لوڕ دایالێکتێکی سەربەخۆی زمانی کوردییە. لە کوردستان دیاردەی هەبوونی دوو دەڤەر بە هەمان ناو، تەنیا زیادکردنی پاشگری گەورە یان بچووك، دیاردەیەکی نامۆ نییە. سەرچاوەی ئەو دیاردەیەش زیاتر کۆمەڵایەتییە. گەورانی (2001) لە لاپەڕە ( 35 و 81)چاپی کوردی دەنووسێت، کە دوو لوڕ هەیە لوڕی بچووك و لوڕی گەورە ."دەربارەی پۆلێنکردنی لوڕ بۆ لوڕی گەورە و لوڕی بچووك لەو دیاردەیەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد بەدەر نییە. شەڕەفخان (1981) لە لاپەڕە (26)ی چاپی کوردی دەنووسێت :"مەڵبەندی لوڕستان دەکرێ بە دوو بەشەوە: لوڕی گەورە و لوڕی بچووك، گۆیا دوو برا هەبوون و پێکەوە ژیاون و لە دەوروبەریساڵی(300=912) فەرمانڕەوای خاکی لوڕستان بوون." هەر گەورانی زێدی لوڕی کوردی لە پەڕاوێزی یەکەم (2001ول31) جیۆگرافیای لوڕستان دیاری دەکات :" لوڕستان کەوتۆتە باشووری ئاستانەی کرماشان لە (کوردستانی بندەستی) ئێران، ئەو ناوچەیە بە زێدی ڕەسەنی هۆزەکانی لوڕی کورد، لە قەڵەم دەدرێ."

ئامادەنەبوونی شیعری لوڕی بێجگە لە دوو بەیتەکانی بابەتاهیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەر لە دژواری پەیڤەکانی سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو جیاوازیی مەزهەبیش کەلێنی لە یەك دوور کەوتنەوەی گەورەتر کردووە. لەوەش زیاتر هەڵگرانی مەزهەبی شیعی- کوردی، زیاتر ئینتمایان بۆ مەزهەب زێترە لە نەتەوە. ئەو فاکتەرە وای کردووە کۆمەڵی داخراوی لوڕی داخراو تر بێت، بە حوکمی هاومەزهەبی بوون لەگەڵ فارس، هەندێ فارس باباتاهیر بە فارس دەبینن، نەك بە کورد.

**بن دیالێکتی مەزهەبی**

لە شێوە لوڕی بچووکدا زاری فەیلیە شیعە مەزهەبەکان هەیە، ئەوە وای کردووە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی مەلیکی عێراق، بن دیالێکتێکی سیاسی لە دیالێکتی لوڕی دروست ببێت، ئەویش بن دیالێکتی فەیلیە. عەرەبەکانی عێراقی دەسەڵاتدار- سوننە مەزهەب 1921-2003 باوەڕیان وایە کە کوردی فەیلی کوردی شیعەن وەك فارس، بۆیە سەدام لە شەڕی عێراق و ئێراندا ڕەگەزنامەی عێراقی بوونی لێ ستاندنەوە. فەیلی لە بەغدا و خانەقین و مەندەلی هەن. بە حوکمی ئەوەی لەو ماوەیەدا، فەیلی لە کۆمەڵگای فارسی ژیاون و لەگەڵ فارس هاومەزهەبن- هەردووك شیعەن- بۆیە ئینتیمای عەقیدەیی –یان بەهێزترە لە ئینتیمای نەتەوەیی. لە ململانێی بەغدا و هەولێر، ئەوان تاکە کورد بوون، کە خۆپیشاندان بۆ دەربڕینی لایەنگیری لە دەسەڵاتی مالیکی(شیعەگەری)بکەن، پشت لە دەسەڵاتی کوردی (هاونەتەوە)بکەن .

**بەشی سێیەم**

لەیەکترنەگەیشتن هۆکار نییە بۆ دیالێکت نەبوونی یەك زمان

سێکشنی یەکەم

"کلۆس (وەرگیراو لە کتێبەکەی ئیڤار 2005) لە یەکترنەگەیشتنی دوو شێوە ئاخێوەر لە ئاخاوتنێکی هاوبەشدا دەکاتە مەرج بۆ شوناسی دەق، بە واتای ئەگەر دوو ئاخێوەر لە یەکتر نەگەیشتن، ئەوا بە دوو زمانی جیاواز قسەدەکەن، بەڵام ئەگەر لە یەك گەیشتن لە نێوان هەردوو لا ئامادەگی رێژەیی هەبوو، ئەوا ئەو دوو ئاخێوەرە بە دوو دیالێکتی یەك زمان دەئاخڤن." ئەو حاڵەتە زۆر توێژەری بیانی و کوردی ناچار کردووە، کە بێژن زمانی دەقەکانی بابەتاهیری هەمەدان بە کوردی نەزانن . سوداد ڕەسول 2012 پاڵپشت بە ژێدەری ئینگلیزی ئەوە ئیسپات دەکات، کە فاکتەری لە یەکترنەگەیشتنی دوو ئاخێوەری زمان مەرج نییە بە ئاخێوەری دوو زمان دابنرێن، هەروەها ئیڤۆر 2005 دەڵێت ئاخێوەری باکوور و باشووری سامی لە یەك ناگەن، کەچی سەر بە یەك زمانیشن. لەو بارەیەوە ئەلێکساندەر خۆدزکۆ (2005، ل 129) چاپی کوردی گلەیی لە زمانی بابەتاهیر هەمەدانی دەکات کە لە زمانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دوور بێت، هەروەك لە لاپەڕەی سەرەوە دەنووسێت: "بابەتاهیر هەڵبژاردەیەکی لە سەربەری بەرهەمەکانی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە بریتین لە 72 چوارین و غەزەلێك ....پێکهاتەی وشەکانی زێتر فارسین لەوەی کوردی بن." دەقی یەکەمی کە خۆدزکۆ بە نموونە دەهێنێتەوە، نەجاتی عەبدوڵڵای وەرگێری کتێبەکەی خۆدزکۆ لە پەڕاوێزی هەمان لاپەڕە دەنووسێت :" هەمان چوارین هوارت لە وتارێکی ئەو نموونەی تەرجومەی فرەنسی لە ساڵی 1885 کردووە." لە نێو کوردانیشدا نەوشێروان ئەمین (2012، ل 228)لە کتێبی یەکەمی "بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین" دەنووسێت :" وشەکانی بابەتاهیر لە ڕوباعیەکانی دا بەکاری هێناون زۆری لە کوردی ناچن. ئەوانەیشی لە کوردی ئەچن یا نزیکن لە کوردییەوە ئەوانەن کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی فارسی. جگە لەمانە گۆڕینی سەرچاوەکانی

وشە بۆ کردار، لەگەڵ ڕێزمانی هیچ کام لە لەهجەکانی کوردی ناگونجێن."

ڕایەکانی خۆدزکۆ و نەوشێروان مستەفا لە سەر دوو بنەما ڕەت دەکرێتەوە :

1ـ گۆڕانی زمان

لە زۆربەی سەرچاوەکاندا جەخت لە سەر ئەوەکراوە، کە بابەتاهیر هەمەدانی هەتا کۆتایی سەدەی دەیەمی میلادی ژیاوە. ئەگەر دەقێکی کوردی سەدەی دەیەم بە سەدەی بیست و یەك بەراورد بکەین، جیاوازییەکی زۆر لە بواری پێکهاتە و مانای وشەکان بەدی دەکەین. ئەو جیاوازییە زیاتر خوویا دەبێت کە دەقێکی چۆسەری بە شیعرێکی هاوچەرخ بەراورد بکەین. ئیچسن (1992،لا 137) دەنووسێت:" تەنها تیلە چاوێك بڕینە کارە ئەدەبییەکانی چۆسەر یان ویلیەم شەکسپیر، ئەوسا دەرك بەوە دەکەی کە زمانی ئینگلیزی لەو ماوە کورتەدا گۆڕانی بەسەرهاتووە." د. سەعیدخانی کوردستانی هەر بە دیدی ئەو توێژەرانەوە شیعری سەر پێستەکەی بڵاو کردەوە، گوایە لە شازدەی کۆچی (16+622= 638) نووسراوە، کەچی لە نووسینێك ساغمان کردەوە کە لە سەدەی 19 یان 20 نووسراوە. لەو ڕوانگەوە، فاکتەری گۆڕانی زمان زۆر گرینگە بۆ دیارکردنی شوناسی دەقێك- لە چ سەردەمێك نووسراوە.

2ـ کۆنتێکستی شوێن

ئەو کۆنتێکستەی کە تێکستە شیعرییەکەی هەمەدانی لێ لە دایك بووە لە هەموو قۆناغەکاندا کوردی نەبووە. ئەو کۆمەڵگا زمانەوانییەی هەمەدانی ساڵ لە دوای ساڵدا بۆتە دایەسپۆرایەکی کوردی، چونکە مەودای بڵاوکردنەوەی شیعری باباتاهیر بەراورد بە شیعری سەعدی شیرازی بە بەڵگەی ئەوەی شاعیرێکی دەگمەن لە دوای کۆچی دوایی

بابەتاهیری هەمەدان لە لوڕستان دەرکەوتن. ئەو هاوبەشیەی کەلتوری کوردیی لوڕی و هەورامی لەگەڵ فارسی پەیوەست بووە بە هاوژیانی کورد لەگەڵ فارس. د. حوسێن موحەمەد لە سەلیقەی زمانەوانی دەڵێت ئەگەر لە ڕێگای موسڵمان بوونەوە کورد ئاشنا نەبوایە بە زمانی عەرەبی، ئەوا شیمانەی ئەوە دەکرا زمانی کوردی لە بوتقەی زمانی فارسی بتوایەوە یان فارسی لە نێو زمانی کوردی بتوایەوە .

بۆیە ئەو دوو فاکتەرە بەڵگەن لە سەر فۆرم و واتای وشەکانی بابەتاهیر، کە لە فۆرم و واتای وشە نوێیەکانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دوورن.

حاڵەتێکی تر کە جەخت لە ماوەی شوێن دەکات: دوور و نزیکی جیۆگرافیی، پێوەری زمانبوون و دیالێکتبوون کاڵ دەکەنەوە. ئێستاش نووسەری بیانی هەیە، گریمانی ئەوە دەکات، کە دوالیتی زمانبوون و دیالێکتبوون بە پۆلێنێکی سیاسی بزانێت، ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەو گریمانە دەشێت ڕاست دەربچێت، لە ئایندە، لە ڕێگای شەپۆلی بە هەژمونی عەولەمەی کەلتوری سنووری نێوان ئەو دوو بوونە سیاسیە لەوانەیە، کاڵ ببێتەوە.

## دەقی بابەتاهیر وەك یەکەم دەقی کوردی

زۆربەی ئەو کتێبانەی لە سەر سەرەتای شیعری کلاسیکی دواون، بە ناچاری – لە بەر نەبوونی دەقی شیعری بە زمانی کوردی، لە پێش بابەتاهیری هەمەدانی – شیعری ئەو زاتە سۆفیە بە سەرەتای شیعری کلاسیکی کوردی دابنێن. چوار سەرچاوەی گرینگ لەم سەردەمەدا چاپ کراون، هەرچوار بۆ نەوەی نوێ باشن. هەرچوار لەبەر هۆی خۆی جیاوازن :

1ـ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی،لاپەڕە (184 تا 223 )ی بۆ بابەتاهیر تەرخانکردووە.

2ـ بەرگی یەکەمی مێژووی وێژەی کوردی، نووسینی صدیق بۆرەکەیی لاپەڕە (82 تا 91)تەرخان کردووە بۆ بابەتاهیر، بە حوکمی ئەوەی ئەو دوو ڕێگای پەیڕەو کردووە :

أـ باسی لە تەواوی کورد کردووە،ئەوانەی بە دایالێکتی گۆران شیعریان نووسیوە،

بـ بە پێی سەردەم: یەکی کۆچی، دووی کۆچی....لە پێنجی کۆچی باسی بابەتاهیری کردووە.

3ـ بەرگی یەکەمی، بەدەم ڕێگاوە...، نووسینی نەوشێروان مستەفا، لاپەرە (229تا 480 بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کردووە، لە بەر مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی، بابەتاهیر لە یەکەمی بێوەری دەکات .

4ـ د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، لاپەڕە (14تا 42) تەرخان دەکات بۆ بابەتاهیر وەك د.مارف خەزنەدار دوو بەیتەکانی بابەتاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن .

یەکەم و کۆتایی بە قەڵەمی ئەکادیمی نووسراون. لەم ڕوانگەوە دەقی بابەتاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دانراوە.

**سێکشنی دووەم**

**زمانی بابەتاهیر و سەردەمەکەی**

بابەتاهیری هەمەدانی لە هەردوو نازناوی یان لەقەبی دوو مەدلولی نەتەوەیی و دینی خۆیا دەبن: یەکەم، هەمەدانی لە هەمەدان هاتووە، هەمەدان یاخود ئەکباتان پایتەختی دەوڵەتی میدی 700-549 پێش زایین بوو. کەلتوری میدی لە زۆر دەقە شیعری کوردی بوونی هەیە، لەو پێودانگەوە هەر خەڵکی بوونی شاری هەمەدان، بابەتاهیری هان نەداوە لەقەبی هەمەدانی بەکاربێنێت، بەڵکو گرینگی ئەو شارە لە دیرۆکی کۆنی کورد بابەتاهیری هان داوە ئەو لەقەبە بەکاربێنێت. محەمەد

حسێن ئاریا لە لاپەڕە(41) ی " لوڕستان لە گەشتی گەڕیدەکاندا" (وەرگیراو لە ل12ی نامیلکەکەی عبدالرەحمن مزوری)،

دەنووسێت: " لایارد، کە بە ناوی داود بەگ خۆی ناساند بوو، دەستێکی باڵای هەبوو لە هاندانی بەختیارییەکاندا بە سەرۆکایەتی محەمەد تەقی بەختیاری دژی حکومەتی ناوەندی لە ئیران " ئەو ئاشووبانەی لە سەدەی نۆزدە لە نێوان لوڕەکان و حکومەتی ناوەندی هەبوو، ئەو گریمانەی سەرەوە دەسەلمێنن. دووەم، لەقەبی عوریان لە (عری) ی عەرەبی وەرگیراوە، بابەشێخ ڕۆحانی لە لاپەڕە (31 )ی مێژووی ناودارانی کورددا دەڵێت عوریان واتای ڕووت و ڕەجاڵ دەگەیەنێت. هەروەها ئەوەی بابەشێخ ڕۆحانی لە لاپەڕە (32 )ی هەمان کتێب دەنووسێت تەوفیری هەیە لەوەی توێژەری باشووری کوردستان دەینووسن دەربارەی سەردەمی بابەتاهیری هەمەدانی، لە لاپەڕەی سەرەوە وا هاتووە :" بابەتاهیر لە شاعیرانی چەرخی پێنجەمی کۆچی و هاوچاخی توغرول بەگی یەکەم، پاتشای زنجیرە شایانی سەلجووقییە و ئەو دووە دەوری ساڵی 447 ک.م . لە هەمەدان چاوپێکەوتنێکیان بووە ." ئەو سەردەمەی بابەتاهیر دیداری توغرول بەگی کردووە، حکومەتی سەلجوقی لە ئێران بووە و هەمەدانیش لە نێو قەڵەمڕەوی سەلجوقی دابووە، عەباس مستەوفی 1375، ل 3 پشتگیری ئەو ڕایە دەکا و لە یەکەم ڕستەی کتێبە فارسییەکەی دەنووسی:" بابەتاهیری عوریانی هەمەدانی لە شاعیرانی ناوەڕاستی پێنجی کۆچییە و هاوچەرخی تورغول بەگی سەلجوقیە ". د. حەسەن جاف (2008، ل 125 )باس لەوە دەکات کە توغرول بەگ لە ساڵی 1041 بۆتە سوڵتانی ئێران ." وە لە ساڵی 1063 مردووە (سەرچاوەی پێشوو، ل 134) . بابەشێخ ڕۆحانی (2011، ل 32) بێجگە لەوەی شیعری " امسیت کردیا و اصبحت عربیا – ئێوارەم کردەوە کورد بووم، بەڵام سپێدەکەی ڕۆژی دواتر کرامە عەرەب

." بۆ کوردێتی بابەتاهیر هێناوە، لەو لاپەڕەی سەرەوە دوو بەڵگەی ئەدەبی بەهێز دێنێت، کە بابەتاهیر کورد بووە :

یەکەم، شێوە شیعری بابەتاهیر

کێشی دوو بەیتی، ناسکی و دڵبزوێنی شیعری بابای زۆرتر کردۆتەوە .عەرەب و هەتا هەندێ شاعیری ناوداری فارس لە سەر کێشی عەروز شیعریان داناوە،" بەڵام ئەوەی بێژەرانی کورد و لوڕ دایان ناوە، لە بارتر و بە دڵەوە نزیکترە."

**دووەم،کێشی دوو بەیتییەکانی باباتاهیر**

لە نێو شاعیرانی کورد(شێوە کرمانجیی ناوەڕاست) و لوڕ بە درێژایی مێژوو چاو لە عەروزی عەرەبی کراوەتەوە، بەڵام کێشی دوو بەیتەکانی یان چوارینەکانی باباتاهیر " پتر لە هەمووان بەرچاوە." وەك لە پێشەوە وتمان، خۆدزکۆ(2005، ل 129 )دەڵێت بابەتاهیر 72 چوارین و غەزەلێکی نووسیوە، بەڵام بابەشێخ ڕۆحانی لە لاپەڕە (32) دەنووسێت:" لەم عارفە گەورە، بێجگە دیوانی دوو بەیتییەکانی، کۆمەڵێك قسەی نەستەق بە زمانی عەرەبی ماوەتەوە بە ناوی کلمات قصار....کلمات قصار بۆ خۆی 23 بابە."، کەچی جەنابی پرۆفیسۆر ئیبراهیم شوانی (2006، ل 3 )باوەڕی وایە گوتەکان 51 بەشن. پرۆفیسۆر د.ئیبراهیم ئەو کلمات قصارەی بە گوتە کورتەکانی بابەتاهیری هەمەدانی لە فارسی و عەرەبی وەرگێڕاوە. ئەو گۆتانە وەك د.ئیبراهیم (2006،ل3-274) دەڵێت :" 421 گوتەن کە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی داڕێژراون، بەڵام لە لایەن عەین قوزاتی هاوچەرخی تەرجومەی فارسی کراون ."لە دیدی د.ئیبراهیم، ل 3 " بابەتاهیر یەکێك بووە لە کەڵە سۆفییەکانی سەردەمی خۆی و یەکەم کەس بووە کە ئەم نیمچە فەرهەنگە سۆفیانەیەی لەو سەردەمە زووەدا نووسیوە و لە سەرچاوەی بیری ئیسلامەتی وەرگرتووە."

**لەدایکبوونی بابەتاهیری هەمەدانی**

صدیق بۆرەکەیی (؟،ل82-83) زۆر ڕا دەهێنێتەوە بۆ ساڵی لە دایکبوونی بابەتاهیر، زۆربەی ڕایەکان لە سەر ئەوەن، کە بابەتاهیر لە نێوان سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی ژیاوە .صدیق بۆرەکەیی (ل82) باوەڕی وایە کە هەمەدانی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی و هەتا نیوەی سەدەی پێنجەم ژیاوە. لە نێو ئەو هەموو ڕا و بۆچوونە، ڕای میرزا مەهدی خانی کەوکەبیم پێ پەسندە. صدیق بۆرەکەیی (ل 83)و ئیبراهیم شوان (2012،ل 19) ئەو ڕایەی میرزا خانی دەهێننەوە بە لێکدانەوەی جیاواز. ئەو ڕایەی میرزا خانی لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پیت دەربڕی ژمارەن هەروەها زۆربەی نووسەرانی کورد لەسەر ئەو ڕایەن کە کورد لە عەرەب و فارس وەری گرتووە، بەڵام سەلام ناوخۆش (2012، ل73)لەو بڕوایە دایە کە عەرەبەکانیش لە زمانی سریانی-یان وەرگرتووە، چونکە لە سریانی ئەو دیاردەیە هەبووە. میرزا مەهدی خانی کەوکەبی لە وتارێکدا (وەرگیراو لە بۆرەکەیی ل83 و ئیبراهیم شوان ل 19)دەڵێ مێژووی لە دایکبوونی بابەتایەر بە پێی ئەم دوو بەیتییەی خۆی لە 326 لە دایکبووە و لە 401 کۆچی مردووە :

مۆ ئان بەحروم کە دەر ڤەرف ئامەد و ستوم
مۆ ئان نوقتەك دەر حەرف ئامەد و ستوم
بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایۆ
ئەاف قەدوم لە دەر ئەلف ئامەد و ستوم "

ناوخۆش (2012،ل 73)ئەوها لە هێزی پیتەکان دەدوێت و هەر پیتە ژمارەیەکی هەیە، لە زمانی سریانیدا هەر پیتێك توانایەکی ژمارەیی پێدراوە وەکو کۆدیکی ئەو سەردەمە کاری پێکراوە، نۆ پیتی یەکەم (1 تا 9 )خانەی یەکانی بۆ داندراوە: ا =1، ب =2، ج =3، د =4 هتد، نۆ پیتی

دووەم خانەی دەیانی بۆ داندراوە : ی= 10، ك =20،ل =30 ، ف = 70 هتد نۆ پیتی دواییش وەك ق = 100، ر = 200، ش = 300، غ =1000 " هەردوو بەیتەکەی بابەتاهیری عوریانی هەمەدانی

لە نەزەر میرزا مەهدی خانی کەوکەبی، دەکاتە 326 کۆچی، بەڵام لە نەزەر ئیبراهیم شوان 1000ی عیساییە " ئەو دوو ساڵەش لە یەك دوورن.

**زمانی دەقی بابەتاهیر هەمەدانی**

شیعری بابەتاهیری هەمەدانی بۆ کورد وەك شیعری جیفری چۆسەر بۆ ئینگلیز وایە، چونکە هەردوو دەق لە تێکستە بەراییەکانن. زمانی لوڕی بابەتاهیر سەرەتای زمانی دەقی شیعری کوردییە. د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان لە ئەدەبی کۆنی کوردی (چاپی دووەم، 2012) لە لاپەڕە 15 لە سەر زاری ڕۆلینسۆن ـی بریتانی دەنووسێت لوڕەکان لە سامییەکانن، هەندێ دەڵێن تورکی تۆرانین، هەندێ بۆ فارسی دەگێڕنەوە.....کەچی د.ئیبراهیم لە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە دەنووسێت ڕاسترین ڕا ئەوەیە ئەوانە کوردن و زارەکەیان زیاتر پەیوەندی بە کوردییەوە هەیە و لە پێش عەرەب و تورك و تەتەر لەوێ نیشتەجێن." بێجگە لەو ڕایە، ڕای ئێمە لە سەر چەند بنەمایەك دامەزراوە، هەموو دەسەلمێنن کە بابەتاهیر هەمەدانی کوردە:

1ـ محەمەد زەکی لە ساڵی 1916 بە کارێکی ڕەسمی چۆتە لوڕستان، ئیسپاتی دەکا زاری لوڕی وەك زاری سلێمانییە.

2ـ بابەشێخ ڕۆحانی و ئیبراهیم شوان لەو باوەڕەدان، کە زمانی لوڕی بابەتاهیر ئاسان و سوکە.

3ـ چواریني: خوداوەندا بە فریادی دلم ڕەس کەسی بێکەس تویی من ماندە بێکەس

هەمە گۆیەند تاهیر کەس نەدارە خودا یاری منە چ حاجەتی کەس

بە ئاسانی ئاخێوەری کرمانجیی ناوەڕاست تێی دەگات .

## بەشی چوارەم
## زمانی پەهلەوی

لە ململانێیەکە باسی زمانی پەهلەوی دێت، بۆیە مەسەلەکە وا دەخوازێت ئامازە بە زمانی پەهلەوی بکەین. بزانین چۆن بووە ؟

زمانی پەهلەوی، زمانێکی کۆنی "ئێرانی" بووە. بە زمانێکی هیند و ئێرانی دادەنرێ، لێرەوە ناسنامەی "فارس" و "کوردی" ئەو زمانە تێکەڵ دەبێ، چونکە مێژووی (ئێران) لەدوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی (میدی) یەوە، خوێندنەوەیەکی "نەتەوەیی" بۆ کراوە و وشەی "ئێران" بە (فارس و وڵاتی فارس" شرۆڤە کراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەکە ئەو واتا تەسکە نابەخشێ!

زمانی پەهلەوی، زمانی پاڵەوانەکان، زمانی ڕەسمیی ساسانییەکان بووە، هەروەها دەوترێ کە لە سەدەی سێهەمەوە، هەتا سەدەی هەشتەم نووسین و قسەی پێ کراوە، لە ئێران – وڵاتی ئاریان، بەڵام ئەو زمانە ڕێنووسێکی script زۆر دژوار و زەحمەتی هەبووە، بۆیە هەر لە سەردەمی ساسانییەکانەوە نووسینی (کەم)ی پێ کراوە، هەر زیاتر زمانی ئاخاوتن بووە.

پەهلەوی کوردی یان فارسی بووە؟

د. جەمال نەبەز لە لاپەڕە (92)ی کتێبی "بێدەسەڵاتە کوردەکان و برا موسڵمانەکانیان" دەنووسێ: "ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان زمانی پەهلەوی pehlevi بە زمانی فارسی ناوەڕاست ناوزەد دەکەن". بەڵام د. نەبەز خۆی زمانی پەهلەوی بە "زمانێکی سەربەخۆ" دادەنێ، بەوەی نزیکترە لە زمانی کوردی وەك لە فارسی. ئەو ڕایەی د. نەبەز لە سەر بنەما و شەنگست نییە، تەنیا نزیکی وشەکانی زمانەکە و شوێنەکەی کردۆتە مەرج! سەدیق بۆرەکەیی لەبەرگی یەکەمی مێژووی وێژەی

کوردی لاپەڕە (24-25) دەڵێ: زمانی پەهلەوی لە زمانی کوردی دەچێ و نزیکترین زاراوەی (زار)ی کوردی،کە لەگەڵ ئەم زمانەدا هاوچەشنە، زاراوەی گۆرانی و و لوڕییە. " بۆرەکەیی و زوبیر بیلال هەندێ "بەڵگە" دەهێننەوە بەوەی، کە زمانی پەهلەوی زمانی کوردییە، یان زارێکی کوردییە. گیو موکریانی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کتێبی (دین کەرد) بە زمانی پەهلەوی نووسراوە، ئەو زمانەش زمانی لوڕ و کەلهوڕ و شوانانە. مەردۆخی مێژوونووسی کوردیش دەڵێ: "زمانی پەهلەوی یەکێ لە (شێوەکانی کوردی) بووە، کە گەلێ لە زاراوەی لوڕی و گۆڕانییەوە نزیکە".

زوبیر بیلال دەڵێ:" دوو جۆر پەهلەوی هەیە، پەهلەوی سەردەمی ئەشکانی 3000پ. ز 224ز ئەو شێوەیان لە (هەورامی) و (فەیلی) دەکات، پەهلەوی ساسانی 224-630. "

لەلایەکی تر، (ئاربرکە) لە ئەتڵەسی زمانەکانی هیندۆ – ئێرانیدا، کوردی و فارس بە دوو زمانی (ئێرانی) دادەنێ، بەڵام لەژێر فارسی کۆن، زمانی پەهلەوی و وەك بەشێك لە قۆناغی، یان قوناغێك لە زمانی فارس دادەنێ، د. فرست مرعی لە "کردستان فی القرن السابع المیلادی" لاپەڕە (24) دەنووسێ، کە لەسەرچاوە عەرەبییە موسڵمانەکانیش زمانی (فارسی) و (پەهلەوی) لەیەك جیاکراونەتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئیسلامیدا.

بەکورتی، پەهلەوی زمانێکی ڕێنووس ئاڵۆز و گران بووە، بۆیە لەسەردەمی ئەخمینییەکان لە لایەك و سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان، ماوە ماوە تەنها وەك (زمانێکی) ئایینی، یان ئاخاوتنی خەڵك مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لەو سەرچاوانە بیرۆکەی وا خراونەتە ڕوو، کە زۆربەیان هەر دەقی هورمزگان هەڵدەوەشێننەوە! لێرە جەخت لە سەر ئەو زمانە و ڕێنووسی

ئەو زمانە دەکەین بۆ ئەوەی بسەلمێنیین، کە هەندێ نووسەر و توێژەری کورد چەند بێ ئاگان هەتا لە ڕایەکانی خۆیان!!

دەقی هورمزگان، ئەگەر بە پەهلەوی نووسرا بێ وەك بانگەشە دەکرێ ئەمە ئەو دەقە دەبێ هی سەردەمانی ئەشکانی بێ، نەك ساسانی، چونکە سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، پێکچوون لە نێوان پەهلەویی ئەشکانی 3000پ. ز-224ز و هەورامی، فەیلیی لوڕی هەیە!! نەك پەهلەویی ساسانی!!

سەرچاوەکان دەڵێن پێکچوون هەیە لەنێوان زمانی پەهلەوی و شێوە زاری هەورامی،نەك هەردووك یەك بن. ئەو نووسەرە کوردانەی، لەوانە د. سەعید کوردستانی، حوسێن حوزنی موکریانی، ڕەشید یاسەمی، سەرەتا دەقەکەیان بڵاوکردۆتەوە، دەقەکەیان بە (شێوە زاری هەورامی) بڵاو کردۆتەوە، نەك بە زمانی پەهلەوی!!! هەروەها پەهلەوی هەروەك (زمان) یان (شێوە زمان variety) بووە، هەروەها (ڕێنووس)یش بووە، کەچی هەورامی تەنها زارێکی کوردییە، نەك (ڕێنووس)!! ساڵح قەفتانی مێژوونووسی کورد لەلاپەڕە (105)ی کتێبی (مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ) دەربارەی "ڕێنووس"ی پەهلەوی دەنووسێ... ئەلف و بای پەهلەوی زۆر سەخت و گران بوو، چونکە وەها دەرکەوتووە، کە لە نووسینی پەهلەوی دا هەزار پیت (حەرف) زیاتر بەکارهێنراوە!!!

هەروەها قەفتانی قسەی هەندێ زانا دەربارەی ئەلفبای پەهلەوی دەگوێزێتەوە و دەڵێ: دەنگ وایە لەکاتی دوایی ساسانییەکاندا بە فەرمانی شای ئێران شێوەی (فارس) بووەتە زمانی ڕەسمی حکومەت، چونکە نووسین و خوێندنەوەی پەهلەوی زۆر گران بووە!!!

ئەمەش بەڵگەیە، کە هیچ نووسەرێکی کورد "دەقی هورمزگانی" بە زمانی پەهلەوی نەبینیوە!! زمانە هەورامییەکەی دەقەکە قەناعەت بە هیچ کەسێ ناهێنێت،کە زمانی کوردی سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام - 16ی کۆچی بی لە کوردستان!! ئەو زمانە زاری هەورامی دەقەکە، هی

سەرەتای سەدەی بیستەمە، نەك سەردەمی ئیسلامی، چونکە هیچ دەقێکی فارسیش ئەوها (ڕەوان) نییە، لەو پێودانگەوە تەنیا دەقە شیعرییەکانی بابە تاهیری هەمەدانی، دوور لە ململانێی دینی و مەزهەبی، سەرەتای شیعری کۆنی کوردین . لەوەش زیاتر، سەلام ناوخۆش لە کتێبی ئەفسانەکانی سیکیولەری کورد لە سەر بنەمای

1ـ دینی،

2ـ مێژوویی،

3ـ زمانەوانی

هەبوونی دەقی هورمزگان ڕەت دەکاتەوە." دەقەکە باس لە ململانێی زەردەشتی و مەسیحیەت دەکات، ئەوسا هیچ شوێنێك نەبووە بە ناوی شارەزوور، "د. جەمال نەبەزیش لە ڕووی زمانەوانییەوە دەڵێت :" دەقی هورمزگان دەقێکی ساختەیە،لە هیچ مۆزەیەکی ئەوروپی بوونی نییە ."

**ئەنجام**

لەم خوێندنەوەیەدا توێژەر گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك، کە گریمانی ئەوە دەکەن دەقە شیعری بابەتاهیری هەمەدانی دەکرێ بە سەرەتای شیعری کۆنی کوردی دابندرێت :

1ـ دوو پرۆفیسۆری گەورەی کورد، د.مارف خەزنەداری کۆچکردوو و د.ئیبراهیم شوان، لەو باوەڕەدان دوو بەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانی سەرەتای کاروانی شیعری کۆنی کوردین.ئەو دووەش کاریان لە سەر ئەدەبی نووسراو بە زمانی کوردی دەکەن.

2ـ لە لایەك تاڵەبانی لە کوردستان و بزووتنەوەی کوردی دەنووسێت: بابەتاهیر بە لەهجەی گۆران شیعری وتووە و نەوشێروان مستەفا لە لاپەڕە 228 و 229 هەندێ ڕای پڕ پارادۆکسی دەڵێت :"لاساییکەرەوەی بابەتاهیر نەبووە....قاڵبی شیعری هەمەدان لەگەڵ دایەلێکتی گۆران جیاوازە...بابەتاهیر شوێن و پەنجەی ئەو بە هیچ کامیانەوە دیار نیە.

مەدرەسەیەك نیە بە ناوی مەدرەسەی کوردیی لوڕی " کەچی بۆرەکەیی زۆر شاعیری لوڕی پێش و پاش بابەتاهیر دەهێنێت .

3ـ دیالێکتی لوڕ و دیالێکتی گۆران لە یەك جیاوازن. ونی دیالێکتی لوڕ لە کۆمەڵگای هەورامی کوردی ڕەسەن، بە تایبەتی یارسانی ئەهلی هەق، چونکە ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی داخراو بووە، وەك کۆمەڵگای ئێزیدی، لە شیعری بابەتاهیر دوور بووە.

4ـ سروودەکانی یارسان زارەکی بوونە وەك فۆلکلۆری کوردی. بە حوکمی جیاوازیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئیسلام، مزگەوت و دیوەخانی کوردی موسڵمان نەبوونەتە مۆزە بۆیان. کەواتە ئەدەبی زارەکی نابێتە سەرەتای ئەدەبی کۆنی کوردی.

5ـ وەك سەجادی لە لاپەڕە 170-178 شرۆڤەی شیعرەکانی بابەتاهیر دەکات، بابەتاهیر دەردەکەوێ " نەك هەر شاعێرێکی کورد بووە، بەڵکو –بە حوکمی ئەو زۆربەی لەهجە کوردییەکانی بەکارهێناوە- سەرۆکی کۆڕی یەکخستنی زمانی کوردی بوە ."

6ـ شەرەفنامەی شەڕەفخانی بدلیسی نابێتە سەرەتای نووسینی کوردی، چونکە ئەوسا بە زمانی کوردی نەنووسراوە، بەڵکو بە زمانی فارسی نووسراوە، کەواتە بۆتە بەشێك لە کەلتوری نووسینی فارسی .

7ـ شیعری سەر پێستەکە بە بەڵگەی ئایینی و مێژوویی و زمانەوانیی، دەقێکی ساختەیە و دروستکراوە. هەروەها بە دیدی پرۆسەی گۆڕانی زمان، تەمەنی دەقەکە-دەقی سەر پێستەکە –لە سەرەتای سەدەی بیست کۆنتر نییە.

بابەتاهیر هەمەدانی لە کۆمەڵگایەکی ژێر دەسەڵاتی فارسی ژیاوە، ئەو ناوچەیەش لەوساوە هەتا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی مەعریفی و سیاسی فارس دابووە، بۆیە مۆرکی کوردی لە شیعرەکان کاڵ کراوەتەوە و لەوەش زیاتر بن دیالێکتی فەیلی شیعی مەزهەبن، ئەوەندەی ئینتمایان بۆ مەزهەبەکە هەیە، بۆ زمانی کوردی نییە.

## سەرچاوەکان

-شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، و.هەژار،تەهران، 1981.
- ئیبراهیم شوان، گوتە کورتەکانی باباتاهیری هەمەدانی، هەولێر، 2006.
........، شیعری کۆنی کوردی، هەولێر، 2012.
- بابەشێخ مەردۆخ ڕۆحانی، مێژووی ناودارانی کورد، و. ماجد ڕۆحانی، هەولێر، 2011.
ـ جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی، 2012.
- عبدالرحمن مزوری، افترآت لایارد، برلین، 2000.
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، سلێمانی، 2012.

## سەرچاوە فارسیەکان

ـ عباس مستوفی الممالکی، رباعیات باباطاهر عریان همدانی، انتشارات فخر رازی،1375.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Hodder ،j. 1992 .Teach yourself LINGUISTICS ،Aitchison .& Stoughton : London

# خزمایەتی لە زمان

سادق ئەحمەد عوسمان

**زمان چییە؟ کەی پەیدابووە ؟**

بێگومان لەو دەمەی کە خودا مرۆڤی خوڵقاند و ناردییە سەر زەوی، عەقڵ و ژیری پێ بەخشیوە و زمانی داوەتێ. زمانیش زۆر پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، هەروەها مرۆڤ توانایەکی زۆری دراوەتێ بۆ ئەوەی داهێنان و ئافراندن بکات. زمان ئامرازێکە بۆ هەرەوەزی و کاری بە کۆمەڵ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا.

داهێنان و ئافراندنیش بیرکردنەوە و ماندووبوونی زۆری دەوێت، هەروەها پێویستی بە کاری دەستەجەمعی هەیە. بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ژیانی دەستەبەر و فەراهەم بکات و خۆی لە مەترسی و کارەساتە سروشتییەکان بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەر ژینگە و دەوروبەری خۆی.

گەیاندنی بیرۆکە و پەیامی کارکردن و داهێنان، پێویستیان بە هۆکارێك هەیە بۆ پەیوەندیکردن. ئەم هۆکاری گەیاندن و لەیەکگەیشتنەش ئاخاوتن و گۆکردنە (زمان)ە، زمان هەر لەزووەوە جێگەی تێڕامان و سەرنجی مرۆڤ بووە، چەندین پرسیارلەو بابەتە وروژێنراوە. زمان چییە؟ لە کوێ هاتووە؟ لەکەیەوە هەیە؟ چۆن کار دەکات؟ یەکەمین زمانی مرۆڤ چی بووە؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە کارێکی ئاسان نییە و بگرە ئەستەمیشە، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی ڕێژەیی، وەڵامی هەندێك

لــەو پرســیارانە دراوەتــەوە لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوەش بەردەوامــە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی دروست و مەنتیقی وزانستانە.

**زمان لە ڕوانگەی جۆراوجۆر لێی دەڕوانرێت:**

بێگومـان پێناسـەی دیاردەیـەکی وەك زمـان کـارێکی ئاسـان نییـە، بەتایبـەتی لـە بـەر ئـەوەی دیاردەکـە لـە زۆر ڕوانگـەی جۆربـە جـۆرەوە سەیر دەکرێ هەر شارەزایەك لە چوار چێوەی بابەتەکەی خۆیەوە لێـی دەکۆڵێتــەوە، بێگومــان پێناســەی زانایــانی دەروون و کۆزمانــەوانی و زمانـەوان و ئەندازیاری دەنـگ و فەیلـەسوفەکانیش ناشێ وەك یـەك بـن لەبـەر ئـەوە زمـان دەیـان پێناسـەی بـۆ کراوە.(محەمـەد مـەعروف فـەتاح 2011.11)

**دەربارەی زمانی یەکەمینی مرۆڤ:**

لـەبارەی پەیدابوونی زمـان و یەکـەمین زمانـەوە ژمارەیـەکی زۆر لـە گریمانــە و بیــر و بۆچــوون و لەبــەر دەســت دان کــە مــرۆڤ هــەر لــە بەرەبـەیانی مێـژووەوە لێـی کۆڵیوەتـەوە و پێـوەی خـەریك بـووە ئـەم گریمانە و بۆچوونانە هەریەکـەی لـە ڕوانگەیەکـەوە بـووە لـە ئەفسـانە و ئاییـنەوە بگرە تا دەگاتە بواری سروشتزانـی و زانستـی فیزیا و تویکاری.

لەم بارەوە کەریم زەند بۆچوونێکی هەیـە کـە پێـی وایـە لـە بەراییدا (وشە - وتـە) لای یەزدان بووە بریتـی بـوو لـە ژیـان و زینـدوویی، ژیـانیش تیشکی مـەردوم بـووە، ئـەو تیشـکە جیهـانی رۆشـن کردۆتـەوەو لـەتاریکی رزگـاری کـردووە، تـاریکیش نـەیتوانیوە تروسکـەی ئـەو ڕۆشـنایە خەفـە بکـات، وتــە (وشــە) بەرجەســتەیی پەیــداکردووە، تــا بۆتــە هــۆی لێکتێگەیشـتن لـە نێوان مەردوومـدا، لـە بـەر ڕۆشـنایی و تـاریکی وشـەی (نیك و بەد-چاك وخراپ) هاتۆتە بوون لە دواییدا هـەردوو وشـەی (نیك وچاك) بەسەر وشەکانی( بەد و خراپ) سەر دەکەون.

هـەروەها دەڵێـت هــەر وەك چـۆن کۆمــەڵگای مرۆڤایەتی،لــە پێشـدا یـەکبوون دواتـر بـە پێـی کارەسـات و ڕووداوەکـانـی ژیـان دابـەشـبوونـە و هەر یەکە و لـەسەر هـەرێمێکـی تایبـەت لـە سەر ئـەم گۆی زەمینـە جێگیر بوونــە، ئــاواش بـــە پێـــی بناغـــەی ئـــەو دابـەشـــبوونـە، هـــەر کۆمـــەڵێك پارێزگاری کردووە لـە شێوە زمانـی خـۆی و تـا ڕۆژ بـە ڕۆژ زمـان هاتـۆتـە بـوون و بۆتـە فاکتــەرێکی ســەرەکی لــە گواسـتنـەوەی زانیارییـەکان لــە نێوان مرۆڤدا.

دواتر لـە بابـەت زمانـەوە دەڵَێت زمـان داینـەمۆیـەکـە خـاوەن ڕووداو ســەلماندنـە، واتاکــانـی ســەرکەوتووە، شــێوەی پـەیوەنــدی بـــە ڕاقـــەی وشـەکانـی و ڕەگوڕیشـەی وەسـتاوە قـەوارە و بـوونـی میللـەتان دەگۆڕێت، بـە پێی کولتورو ڕۆشـەنبیری فراوانــی و بـڵاو ی هـاتوچۆی نێـوان مـەردوم. زمـان ئاوێنـەیەکـە نـەریت و خـو وڕەوشـت و ڕەفتـار و کـرداری گـەلـەکـەی تێدا دەردەکەوێ. (ئاری عوسمان خـەیات2011:9)

هــەبوونـی ژمارەیــەکـی زۆر زمــانـی جیــاواز جیـاواز و نــەبوونـی تاکــە زمــانێ بــۆ هـــەموو ئــادەمیزادانـی ســەر رووی زەمــین، هـــەر لـــەزووەوە ســەرنجـی مرۆڤــی راکێشـاوەو بیـری خــەریك کـردووە. ئــەو نـەزەریانــەی هــەزاران ســاڵ پێش ئــەمڕۆ دەربــارەی ئــەم دیاردەیـە هـــەبوون، بـەڵگــەی بـایـەخپێدان وخـەریکبوونـی بیری ئـادەمیزادە بـەم مـەسـەلـەیە. بـۆ گـەڕان بـە شوێن ئـەم جـۆرە دیاردانـە... وەك هـەر نهێنییـەکی تـر پـەنا ئـەبرایـە بـەر ئـەفسانـە.

## چیرۆکێك لـە تـەوراتـەوە

تـەورات کـە مێژووی ئـەگـەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی هـەزار ســاڵ پێش زایـین ئــەم چیرۆکـە ئـەگێڕێتـەوە: ((ســەردەمێ ئــادەمیزاد هـەموو بـەیـەك زمـان ئـەدوان... گـەیشتبوونـە لوتکـەی شارستانیـەت... یـەك شـت مـابوو بیکـەن... ئـەویش ئـەوەبوو بگـەنـە لای خـوا... بـۆ ئـەم مـەبـەسـتـە ویستیان تـەلارێکی

بەرز دروست بکەن... خواش بۆ ئەوەی ئەمەیان بۆ نەکرێ سزای دان... سزای دان زمانی شێواندن، هەر یەکە بە جۆرێ قسەی کرد. ئیتر لە یەك نەگەیشتن... ئەمە بووە هۆی ئەوەی نەتوانن ئەم پرۆژەیە بەجێ بهێنن...)). ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی هەوڵ دەدەن ئەم دیاردەیە لێك بدەنەوە. تا سەدەی هەژدەمیش هۆی لە یەکچوونی دوو یان کۆمەڵە زمانێ دەدرایە پاڵ کار لە یەککردن و لە یەك وەرگرتن و ڕێکەوت.(وریا عومەر ئەمین 2009.166.

لە سەدەی هەژدەهەمدا بۆ یەکەم جار(جۆن لاینز) گووتی ئەو بۆچوونەی کە وا پێی وایە زمانی عیبرِی لە خواوەیەو یەکەم زمان ودایکی زمانەکانە بە درۆ خستەوە و بە کارێکی ناڕاستی دایە قەڵەم (موحازەراتی . دیوسف شەریف)

**ماناو چەمکی خزمایەتی لە زمان**

ماناوچەمکی خزمایەتی لە زمان بە کاردێت وەك ئامارژەیەك بۆ پەیوەندیە مێژوویەکان (Relationship)زاراوەی یان پەیوەندیە خزمایەتیەکان. (genetic relations)

لەو کاتەی کە بڕیار دەدرێت کەوا پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان دوو زمان هەیە واتای ئەوە دەگەیێنێت کەوا هەردوو زمانەکە لە زمانێکی لە خۆیان کۆنترهاتوونەو گەشەیان کردووەو بوونەتە دوو زمانی سەربەخۆ. واتا هەردووکیان سەر بە هەمان خێزانە زمانن,

لەسەر ئەو بنەمایە لە پەیوەندی خزمایەتی زمانەکان پۆلین کراون بە پێی بۆچوونی جیاجیا کەوا قسەی لە سەر دەکەین لەو کاتەی باسی تویژەرە بەناوبانگە بنەڕەتییەکانی بەراوردکاری دەکەین. بە پشتبەستن بەو بنەما و بنەڕەتانە زۆر بیر و بۆچوون و داهێنانی هەڵە و پڕ لە کەموکوڕی هاتنە ئارا. وەك ئەوەی کە ( عیبری) دایکی زمانەکانە.

## گەڕان بەدوای خزمایەتی لە زمان

هەر چەندە پۆلینکردنی زمانەکان و دۆزینەوەی خزمایەتی لە نێوان زمانەکان بەشێوەیەکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دۆزینەوە گرنگ و بەناوبانگەکەی (سێر ولیەم جۆنز) لە ساڵی (1786) کە لە بەر دەم کۆمەڵەی ئاسیایی لە بەنگاڵ کە تێیدا پەیوەندی نێوان زمانەکانی (سانسکریتی و گریکی ولاتینی و فارسی ) خستە ڕوو. بەڵام زۆر بەر لەو کاتەش هەندێك کاری زمانەوانی وگەڕان بەدوای پۆلینکردن وخزمایەتی لە نێوان زمانەکان ئەنجام درا بوون.

## دانتی (1265-1321):

بۆ یەکەم جار دانتی سێ خێزانە زمانی ئەوروپی لە یەك جیاکردوونەتەوە، کە بریتین لە (خێزانی زمانە جەرمانیەکان لە باکوورو زمانە لاتینیەکان لە باشوورو هەروەها زمانی یۆنانی) هەروەها ناوچەی هاوچەرخی لاتینی دابەشکرد بۆ سێ زمانی بەکارهاتوو (الدارجە). کە هەموویان لە لاتینی هەڵقولاون (رۆبنز.1997.238)

بێگومان ڕێنیسانس کە یەکێك لە سومبوڵەکانی (دانتی) بوو بەڵام بوژانەوە چەند سەدەیەکی خایاند و توێژینەوە لە سەرجەم بوارەکاندا بەردەوام بوو لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگە لە هەناوی خۆی هەڵیگرت بوون و ئاواتەخوازی هاتنەدی بوون. توێژینەوە زمانەوانییەکان بەردەوام بوون.

## سکالیجەر 1540-1609

سکالیجەر لە سەر ئەوە ڕۆیشتووە کە زمانەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەیەکتر جیابکاتەوە لە چوارچێوەی پۆلینکردنێکدا بۆ ئەمەش یازدە خێزانە زمانی لە یەك جیا کردوونەتەوە بە شێوەیەك

چواریان سەرەکی و حەفتەکەی دیکەشیان لاوەکین کە کیشوەری ئەوروپا بە تەواوی دادەپۆشن.

لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمیشدا بە هەمان شێوە هەندێك لە توێژەران وەك یەك لە بارەی پۆلینکردنی زمانەکاندا بۆ ڕێگاکانی بەراوردکردنی زمانەکان چوون وەك:ج.ستیر نهلم وا.یاجەر و لیبنز. هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە لە باوەشی ئەو بیروڕایەدا ئەنجام دراون کە عیبری بە دایکی هەموو زمانەکان دەزانێت ئەمەش بە پشتبەستن بە چیرۆکی تاوەری بابل(حەیدەر حاجی خدر.2010.4)

لە چارێکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دەرکەوت زمانی سانسکریتی( زمانی پیرۆزی ئایینیی هیندی) پەیوەندی پتەوی هەیە لەگەڵ زمانی لاتینی و زمانە ئەوروپیەکان هەر وەکو بەر لە ئێستا باسمان کرد کە (سێر ولیەم جۆنز) ئەم پەیوەندییەی دۆزیەوە. بێگومان ئەم دۆزینەوەیە ڕابوون و ڕاچەنینێکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و رامان و سەرنجدانی نوێ و قووڵی لێکەوتەوە . بیرکردنەوە و عەقڵیەتی توێژەران و زمانەوانانی گۆڕی، لەوەی کەوا دەبێت خوێندن و نووسین و توێژینەوە تەنها بە زمانی لاتینی بێت.

(مونین) دەڵێت ولیەم جۆنز زمانی سانسکریتی پێشکەش بە ئەوروپا کرد، ئەو زمانە خاوەنی ڕۆنانیکی زۆر ڕێکە و زۆر پوختەتر و تەواوترە لە زمانی گریکی و دەوڵەمەندترە لە زمانی لاتینی، هەروەها فەرهەنگ و رۆشەنبیرییەکەی زۆر دەوڵەمەندترە ، لە فەرهەنگ و رۆشەنبیری گریکی و لاتینی، هەروەها پەیوەندییەکی بە تینی خزمایەتی بەیەکەوەی گرێداون، چ لە لایەنی ڕەگی کارەوە بێت یان لە لایەنی ڕۆنانی ڕێزمانییەوە بێت.

ئەو پەیوەندییەی نێوان سانسکریتی و زمانی گریکی و ئەوروپییەکان بە ڕێکەوت نییە هەر زمانەوانێ کە شارەزایی لەو زمانانە هەبێت تێ

دەگات و بۆی ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەو زمانانە لە بنەڕەتدا یەك زمان بوون و شتی هاوبەش زۆرە لە نێوانیان (محمد حسین عزیز .1983.276)

## شلیگڵ:

هەروەها هەندێك پۆلین و بۆچوونی دیکە هاتنە مەیدانەکە کە پڕبوون لە دەمارگیری وئارەزوو مەیلی کەسی دوور لە لیکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە و زانستی بۆ نموونە (شلیگڵ) دوو جۆر زمان لە یەك جیا دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕۆنانی ناوەوەیان.

1ــ ئەو زمانانەی کەوا شی دەکرێنەوە وەك (زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان).

2ـ ئەو زمانانەی کەوا شی ناکرێنەوە وەك( زمانی چینی و هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا). ئەو زمانانەی کە شی دەکرێنەوە زمانی ڕەسەنن لەبەرئەوەی دروستبوون و پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکیان هەیە. بەڵام ئەو زمانانەی کەوا شی ناکرێنەوە زمانی ناتەواون و کەموکوڕیان تێدایە ئەگەر پێوانەیان بکەین لەگەڵ زمانانی تر کە (شلیگڵ) مەبەستی زمانە هییندۆ ئەوروپییەکانە.

شلیگڵ پێی وایە سەرەڕای ئەوەی کەوا زمانە (سامییەکان) لەو زمانانەن کەوا شی دەکرێنەوە وشە و دەستەواژەکانیان لەسەر بنەمای وەرگرتن لە ڕەگ پێك هاتوون.

بەڵام (شلیگڵ) لە ڕیزبەندییەکەیدا لەناو زمانە شی کراوەکاندا دایان نانێت بەپێی بۆچوونی خۆی ڕۆنانە شیکردنەوەکەی وەرگیراوە و زۆر کۆن نیە.

تێڕوانینی (شلیگڵ) بۆ زمانی (سانسکریتی) تێڕوانینێك بوو بە پیرۆزی دەدیت پێی وابوو کەوا تەواوترین و کۆنترین زمانە. چونکە سەرچاوەو دایکی هەموو زمانەکانە (محمد حسن عزیز. 1983.278).

کاتێك شلیگل باسی زمانی سانسکریتی کردووە ئاماژەی بەوە داوە کەپێکچوون و هاوبەشی زمانی سانسکریتی لەگەڵ زمانەکانی (لاتینی و گریکی و ئەڵمانی و فارسی) تەنیا لەبەر پێکچوونی ژمارەیەك ڕەگ نییە، بەڵکو ئەمە بۆ ڕێزمان و ڕۆنان و پێکهاتەی ناوەوەی زمانەکان خۆیان دەگەڕێتەوە هەر ئەمەش خزمایەتی لە نێوان ئەو زمانانە پیشان دەدات (حەیدەری حاجی خدر.2010.6 ).

لە سەدەی نۆزدەهەم توێژینەوەکان وردتر و زانستیانەتر بوون لەسەر زمان بە گشتی و چەندین پۆلینکردن و دابەشکردن بۆ زمانەکان کرا بە تایبەتی بۆ ئەوەی پەیوەندییە خزمایەتییەکانی نێوانیان بدۆزنەوە .بۆ نموونە

ئەڵمانەکان زۆر بە چڕی هاتنە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و لەم بوارەدا هامبۆڵت، سێ َجۆرلە زمانی لە یەکدی جیاکردۆتەوە دیاری کردوون:

1ـ ئەو زمانانەی کەوا سەرجەم وشەکانیان سەربەخۆن واتا گیرەکی رێزمانی و وشە دارێژیان نیە وەك زمانی (چینی).

2ـ زمانە سانسکریتییەکان کەوا گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتنیان هەیە.

3ـ ئەو زمانانەی کەوا ڕستە بە یەك وشە دەردەبڕێت وەك زمانی هیندییە سوورەکان.

بەر لەتیۆرە بەناوبانگەکەی (ماکس مۆلەر) زمانەوانەکان زمانەکانیان بۆ دوو خێزانە زمان دابەشکردبوو وەك (خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپی و خێزانە زمانی سامی و حامی).

جۆرێکی تر لە دابەشکردن هەبوو لەسەر بنەمای جوگرافی (رۆژهەڵات و رۆژئاوا). بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو پشکنین چەندین زمانی تر دۆزرانەوە کە هیچ جۆرە پەیوەندی بە یەکەوە گرێدانێکیان لە نێواندا نەبوو لەگەڵ ئەو دوو خێزانە زمانی (هیندۆ ئەوروپی - سامی و

حامی). لە ئەنجامی ئەوەدا تیۆرو لێكدانەوەی نویَ بۆ خزمایەتی لە زمان هاتنە ئاراوە.

**بەشی دووەم**

**تیۆرەكەی ماكس مۆلەر**

زمانەوانی ئەڵمانی (ماكس مۆلەر) تیۆرێكی نوێی دانا لە بابەت خزمایەتی لە زماندا دەلێت پۆلە زمانییەكان دەبێت سیَ بنەماو مەرجیان تێدا هەبێت.

1ـ خزمایەتی لە زمان لەنێوان زمانەكان، دەبێت لە یەكچوون هەبێت لە نێوان رەگی وشەكان و رۆنانی رێزمانی پێكهاتەكانیان.

2ـ نزیكی هاوچەرخی لە نێوان قسە پێكەرو ئاخێوەرانی ئەمەشیان بە مانای ئەوەی كە لە ئاخێوەرانی نەتەوە كۆمەڵە مرۆڤێكی جیاواز هەبن كە بگەڕێنەوە بۆ ئەسڵی یەك میللەت یان لە یەك نزیك بن.

3ـ بە یەكەوە گرێدراوی مێژوویی و كۆمەڵایەتی وجوگرافی لە نێوان ئاخێوەرانی هەبێت بە واتای هاوبەشبوون لە كۆمەڵێك شت .

تیۆرەكەی (ماكس مۆلەر) لەسەر بنەمای ئەوە دارێژراوە كەوا زمانەكانی جیهانی دابەشكردۆتە سەر سیَ خێزانە زمان هەرچەندە (خێزانە زمانی تۆرانی ) نەك تەنها لەگەڵ دووخێزانە زمانەكە پەیوەندیان بە یەكەوە نییە بگرە لە نێوان خۆشیاندا بنەمای بە یەكەوە گرێدان و خزمایەتیان نییە.

**كەئەمانەی خوارەوەن.**

1ـ خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپی

2ـ خێزانە زمانی سامی و حامی

3ـ خێزانە زمانی تۆرانی(محمد موسی انترنیت

**یەکەم- خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپی**

زمانەکانی ئەم خێزانە لە هەموویان زیاتر بڵاوبونەتەوە لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەو میللەتانەی بەم خێزانە زمانە قسە دەکەن رۆڵی درەوشاوە و بەرچاویان هەبووە لە هەڵنانی تەلاری شارستانیەت و پێشکەوتنی هاوچەرخ. ئەستەمە کەوا مەڵبەندی ئەم خێزانە زمانە دیاری بکرێت . بۆچوونی جیاواز لەو بارەیەوە هەن هەندیکیان لایان وایە کەوا مەڵبەنەکەیان ئاسیایی ناوەندە لە (هەرێمی تورکستان) . هەندیکی تر لایان وایە کە مەڵبەندی ئەسڵیان (ناوچەکانی ڕووسیا لە ئەوروپای خۆرهەڵاتە). ئەوانی تر دەڵێن ) (دەریای بەڵتیکە). بۆچوونی واش هەیە دەیانگێڕێتەوە بۆ (بانەکانی ئێران).

ئەم خێزانە زمانە هەندێ تیرە و بەرەباب دەگرێتە خۆ کە ئەمانەی خوارەوەن.

1ـ زمانە ئارییەکان، بە هەردوو لقی هیندی و ئێرانی.

أ- هیندی (هیندی، بەنگالی، کەشمیری......).

ب- ئێرانی (ئاری) فارسی، کوردی، بەلوچی، .......)

2ـ زمانە یۆنانییە کۆن ونوێیەکان.

3ـ زمانە ئیتاڵییەکان لە گرنگترین لقەکانی: لاتینی کە زمانەکانی (فەڕەنسی ، ئیسپانی، ئیتاڵی، پورتوگاڵی، رۆمانی) لێ کەوتۆتەوە.

4ـ زمانە جەرمانییەکان گرنگەکانیان دوو لکن کە:

أ- لکی زمانە جەرمانییە رۆژئاواییەکان، کە ئەم زمانانەی لێ کەوتۆتەوە (ئینگلیزی ساکسۆنی، ئینگلیزی نوێ، هۆڵەندی، ئەڵمانی).

ب- لکی جەڕمانی باکوور کە ئەمانە وەچەکانییەتی(دانیمارك، سوید، نەرویج).

5ـ زمانە سلاڤیەکان، کە ئەوانیش دوو لکن.

ئا. لکی زمانە سەقڵییەکان لەوانە زمانەکانی(ڕووسی، چیکی، پۆلۆنی، بولغاری نوێ).

ب. لکی زمانە بەڵتیکییەکان کە زمانەکانی(لیتوانی، پڕوسی کۆن) دەگرێتەوە.
6. زمانە ئەرمەنییەکانە.
7. زمانە ئەلبانییەکان.
8. زمانە کێڵتییەکان، پاشماوەی ئەم زمانە تاکو ئێستاش لە دیالێکتەکانی ئێرلەندە و هەرێمی بریتۆن لە ڕۆژئاوای فەڕەنسە ماوەتەوە.

**دووەم خێزانە زمانی حامی و سامی:**

ئەم خێزانە زمانە پانتایەکی جوگرافی گەورەی داگیرنە کردووە، وەك خێزانە زمانی(هیندۆ ئەوروپی) ناوەندی بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی لەناوچەیەکی جوگرافی کە وڵاتە عەرەبییەکانی رۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفەریقا دەگرێتەوە هەن ئەم خێزانە زمانە دابەش دەکرێت بۆ دوو کۆمەڵەی سەرەکی:

**1. کۆمەڵەی زمانی حامی:**

ئەم کۆمەڵە زمانە زمانەکانی( میسری و بەربەری وکوشی) دەگرێتە خۆ مەبەست لە میسری (میسری کۆن و قیبتیە). بەڵام مەبەست لە بەربەری زمانی بەربەرییەکانە کە دانیشتوانی ڕەسەنی باکووری ئەفەریقیان. بەڵام مەبەست لە کوشی زمانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقیایە بە تایبەت حەبەشە و سۆماڵ.

**2. کۆمەڵەی زمانە سامییەکان:**

لە رۆژگاری ئەمڕۆ زانایان نازناو و شۆرەتی (سامییەکان) بۆ گەلانی بابلی و ئاشوری و ئارامی و فینیقی وعەرەبی و عیبری بە کاردەهێنن،

بۆ یەکەم جارئەو نازناوە لە لایەن زانای ئەڵمانی(شلوتزر) بە کارهێنراوە.
زمانە سامییەکان بەم جۆرەی خوارەوە وەچە و نەوەی نوێیان لێ دەکەوێتەوە:

**زمانە سامییەکان:**

1ـ سامیی خۆرهەڵات:
ئەکەدی ( بابلی – ئاشوری)
2ـ سامیی رۆژئاوا
ئا- رۆژئاوای باکوور
1ـ ئارامی (سریانی، ئارامی دەوڵەت، نەبەتی، مەندائی).
2ـ کەنعانی (فینیقی، ئۆگاریتی، عیبری)
ب - رۆژئاوای باشوور (عەرەبی).
عەرەبی باکوور(بائیدە و فوسحا).
عەرەبی باشوور(سەبەئی وقەحتانی).

**سێیەم- کۆمەڵەی زمانە تۆرانییەکان:**

مەبەستی ئێمە پۆلینکردنی زمانەکانە لەسەر بنەمای خزمایەتی لە زمان بە پێی ئەم پۆلینکردنە زمانەکان دابەشی سەر دوو خێزانە زمان کراون خێزانە زمانی (هیندۆ ئەوروپی - سامی وحامی) بەڵام هەر یەك لە (ماکس مۆلەرو بۆنسن) بۆیان دەرکەوت کۆمەڵە زمانێك هەن کە ناچنە ژێر دەوارو ڕەشماڵی ئەو دوو خێزانە زمانە کە لەمەوبەر باسمان کردن. وەك زمانەکانی(تورکی وتورکمانی و مەغۆلی ومەنشۆری و فینی و هی دیکەش). لە بەر ئەوە بە چاکیان زانی هەموویان لە ژێر ناوی خێزانە زمانی تۆرانی کۆ بکەنەوە.

خێزانە زمانی تۆرانی ئەو بنەماو مەرجانەی تێدا دەستەبەرنین کەوا وەك بنەما بۆخێزانە زمان وخزمایەتی لە زمان دانراون. لەبەر ئەوە بۆچوون وتێروانینی نوێ هاتنە کایە بۆ ئەو زمانانە یەکیك لەو بۆچوون و تێروانینانە.

**بۆچوونی کۆمەڵەی زانستی زمان لە پاریس:**

بۆچوونی کۆمەڵەی زانستی زمان لە پاریس بوو، لەو ئینسکلۆپیدیایەی کە دایان نابوو، هەموو ئەو زمانانەی کە ناچنە ژێر باڵی هەردوو خێزانە زمانی (هیندۆ ئەوروپی - حامی و سامی) بۆ نۆزدە پۆل دابەشیان کردن:

1- کۆمەڵەی زمانە یابانییەکان.
2- کۆمەڵەی زمانە کۆرییەکان.
3- زمانی ئینو.
4- کۆمەڵەی زمانە(چینی وتبتییەکان).
5- کۆمەڵەی زمانە ئوسترالییە ئاسیاییەکان.
6- کۆمەڵەی زمانە درافیدییەکان.
7.8- کۆمەڵەی زمانە قەوقازییەکان
9- کۆمەڵەی زمانە ئاسیاییە کۆنەکان وەك سۆمەری.
10- کۆمەڵەی زمانە تورکی، مەغۆلی، مەنشۆری.
11- زمانی باسك یان ئەسکارا.
12- زمانەکانی هیبەربۆریە.
13- کۆمەڵەی زمانە(فینی، ئاجەری، سامۆیدی)
14- زمانەکانی مەلایۆی وپۆلینزی.
15- زمانی دانیشتوانی ڕەسەنی ئوسترالیا.
16- زمانە ئەمەرکییەکان (هیندییە سوورەکان).
17- زمانەکانی سودان و غانە .

18ـ زمانە بانتوییەکان.
19ـ زمانەکانی بەشیمان و هۆتنتوت نەیجەرییەکان.
بە پێی ئەم دابەشکردنەی دوایی بێت ژمارەی کۆمەڵەکانی زمان گەیشتۆتە بیست و یەك کۆمەڵە بەلام هەرە گرنگەکانیان (هیندۆ ئەوروپی -سامی وحامین) (ئەنتەرنێت.پێگەی ملسا.دی کی.ئامادەکردنی.کبرییل کۆرکیس).
پۆلکردنی زمانەکان بە پێی مۆرفۆلۆجی:
گەر بە مێژووی زماندا بچینەوە سەبارەت بە پەیدابوون و سەرهەڵدان و بە
خێزانکردنی زمانەکان گەلێك پۆلێنکردنی جیاواز بۆ زمانەکان دانراون بە پێی دەروازەی بۆچوونەکە پۆلێنکردنەکەش گۆڕاوە بۆ نمونە سەبارەت بە سەرچاوە و شوێنی پەیدابوونی زمانەکان و دوورو نزیکیان لە یەکتر نموونەی درەختە خێزانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم هاتە کایەوە ئەمەش پەیوەندی توندی نێوان هەندێ لە زمانەکان ئاشکرا دەکات کەوا ئەمرۆ بەکار دێن (گرێ) دەکاتە سیمای پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان بۆ نمونە دەبێت.
دواتر تیۆری شەپۆلەکان هاتە کایەوە لە سەر بنەمای ئەوەی گۆڕانکارییەکانی زمان لە ناوەندی کاریگەرییەوە بۆ دەوروبەری خۆی بە وێنەی ئەو شەپۆلانە بلاو دەبێتەوە کە بەردێك بخەیتە ناو گۆمێکەوە دواتر تیۆرێکی تر لەسەر بنەمای تۆ چاندنی ڕووەکەکان هاتە ئاراوە . دواتر هەندێك پۆلینی تر هاتنە کایەوە . وەکو پۆلێنکردن لەسەر بنەمای بەشەکانی ئاخاوتننیان پۆلینکردن لەسەر بنەمای ریزبوونی کەرەسەکان.
زمانەوانە بەراوردکارەکان زمانەکانیان پۆلین کردن کە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ناویان بنێین:
1ـ زمانە دابڕاوەکان یان داپچڕاوەکان.

2ـ زمانە نووسراوەکان.
3ـ زمانە وەزیفییەکان.
4ـ زمانە تیکچڕژاوەکان.
5ـ زمانە ناوگریەکان. (محەمەدمەعروف فەتاح- سەباح رەشید قادر.2006.87).

**ئەنجام:**

لە دوای خوێندنەوەو شرۆڤە و لێکدانەوە ئەم توێژینەوەیە هاتە بەرهەم و گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە

1ـ مرۆڤ لە ئەزەلەوە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی بووە و یەکێکە لە سیما جیاکەرەوەکانییەتی لەگیانەوەرانی تر.

2ـ زۆر لە مێژە زانایان سەرقاڵی توێژینەوەن بۆ پەیبردن و گەیشتن بە نهێنییەکانی زمان.

3ـ زاناکان گەیشتوون بە هەندێ رازو لایەنە شاراوەکانی زمان بەڵام رۆژ بەرۆژ زانیاری نوێ و ڕاستی نوێ لە ئەنجامی توێژینەوەی نوێ دەردەکەوێت کە هەندێکیان زۆر لە بۆچوونەکانی بەر لە خۆیان پوچەڵ دەکەنەوە.

4ـ زاناکان تاکو ئێستاش بۆیان نەدۆزراوەتەوە کە یەکەمین زمانی مرۆڤ چی بووەو؟ چۆن ئەم هەموو زمانانەی لێ کەوتۆتەوە؟ بۆ نموونە زمانی وا هەیە بەر هیچ یەکێك لەو پۆلینانە ناکەوێت کە بۆ زمانەکان کراون.

## سەرچاوە کوردیەکان

1ـ ئاری عوسمان خەیات (2011). لە بارەی زمانی کوردییەوە. نارین.سلێمانی.

2ـ حەیدەرحاجی خدر(2010). تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی. نامەی ماستەر.کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
3ـ محەمەد مەعروف فەتاح.(2011). زمانەوانی. ئەکادیمیای کوردی.چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.
4ـ محەمەد مەعروف فەتاح- سەباح رەشید قادر.2006. چاپخانەی ڕوون. سلێمانی.
5ـ یوسف شریف.2012. وانەکانی ماستەر. کۆلێژی پەروەردە.
6ـ وریا عومەر ئەمین.2009. ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ئاراس. چاپی دووەم. هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەکان

1ـ رۆبنز. (1997). موجز تأريخ علم اللغة،ترجمة د. أحمد عوض، سلسله عالم المعرفة،عدد 227. الكويت.
2ـ محمد حسن عبدالعزيز.(1983) مدخل الى علم اللغة. دار العلم للطباعة)

ئەنتەرنێت

1ـ محمد موسى، المحاضرة التاسعة من أصول اللغة.
2ـ كبريل كوركيس، فصائل اللغات الأنسانية.

# پەیدابوونی زمان لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە

د. ئومێد بەرزان برزو
زانکۆی گەرمیان – فاکەڵتیی پەروەردە

چەندین گریمانە لەسەر نەژادی زمانی مرۆڤ و چۆنیەتی پەیدابوونی زمان هاتوەتە ئاراوە، لەوانەش: گریمانەی ڕێککەوتن، غەریزەی تایبەتی، دەنگە سروشتییەکان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بانگوقیژەی هەستدەربڕ، بزاوتن، مۆسیقا، کردەیی خوایی، لاسایی کردنەوە، گەشەکردن، ....تاد (1).

یەکێک لە گریمانەکانی پەیدابوونی زمان ئەوەیە، کە کردەیەکی خواییە، واتە خوای گەورە زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە، لێرەدا چەند ئایەت و فەرموودەیەک دەخەینە ڕوو، سەرەتا خوای گەورە لە ئایەتێکدا ئامارژە بۆ تەواوی دروستکراوەکانی دەکات، کە بە شێوەیەکی جوان دروستی کردوون، وەکو دەفەرموێت ((الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ))(2)، واتە"خوای گەورە هەمووو شتێکی بە باشترین شێوە دروست کردوە". هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (رض) دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: (ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت، کە خوای گەورە هەموو شتەکانی ئەم گەردوونەی بە جوانترین شێوە خوڵقاندووە)(3). پاشان لە ئایەتێکی دیکەدا، خوای گەورە دەفەرمووێت ((لَقَدْ خَلَقْنَا ألانْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ))(4). واتە "ئێمە مرۆڤمان لەسەر جوانترین شێوە دروست کردوە"،

ئەمە دەربارەی دروستکراوەکانی خوای گەورەیە بەگشتی و لەناو هەموویاندا مرۆڤ بەتایبەتی.

گومان لەوەدا نییە، کە خوای گەورە هەموو مرۆڤەکانی هێناوەتە بوون و یەکەم کەسیش کە دروستی کردووە، باوکە ئادەم بووە، بۆ پشتگیری ئەم وتەیە. خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرمووێت ((وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً))(5). واتە"ئەی محمد (ص) پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من لەسەر زەوی جێنشینێک دادەنێم". ئیبن ئەلجەریر لە تەفسیری ئایەتەکەدا دەڵێت: (خوای گەورە مەبەستی ئادەمە و هەروەها ئادەمی دروست کرد، دوابەدوای ئەویش نەوە بە نەوەی هێنایە بوون)(6).

ئەمە و چەندین ئایەتی دیکەش هەیە، کە باس لە دروستبوونی حەزرەتی ئادەم دەکەن، کە پێش ئادەم هیچ کەسێک نەبووە و دروست نەکراوە. جگە لەوەش لە فەرموودەیەکدا هاتوە، کە (قالَ عَبْدُالله بْن عُمَر: خَلَقَ اللهُ أربَعَة أشياءِ بِيَدِهِ: العَرش وَالقَلَم وَادَم وَجَنةُ عُدَن، ثُمَ قَالَ لِسَائِر الخَلَق كُن فَكَان)(7). واتە "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرمووی: خوای گەورە چوار شتی بە دەستی خۆی دروست کرد: عەرش، پێنووس، ئادەم و بەهەشتی فراوان و خۆش، دواتر بە هەموو دروستکراوەکانی تری فەرموو (ببن بوون)، واتە فەرمانی پێکردن یەکسەر بوون". هەر لە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەردا (ص) هاتوە، کە فەرموویەتی (أنتُم بَنَو آدم وَآدَم مِنْ تُراَب)(8). واتە "ئێوە هەمووتان نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە". لەم فەرمودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەموو مرۆڤایەتی نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵ دروست کراوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئادەم یەکەم کەسە، کە دروست کرا بێت، پاشان پێویستە بزانین، کە ئادەم کاتێک دروست کرا، چۆن فێری زمان بووە؟ خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێت ((وَعَلَّمَ آَدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ))(9). واتە "خوای

گەورە زانیارییەکی زۆری لە پێویستییەکانی دەوروبەر فێری ئادەم کرد و دواتر بە فریشتەکانی ڕاگەیاند و پێی فەرموون: ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن، کە ئادەم دەیزانێت، گەر ئێوە ڕاست دەکەن". هەروەها پێغەمبەر (ص) لە فەرموودەیەکی سەحیحدا فەرموویەتی (لمَاَ نَفَخَ فَي آدَم الرُوحُ مارَت وَطَارَت فَصَارَت فِي رأسَهُ فَعَطَس، فَقَالَ الحُمُد لِلَّه ربُ العَالَمِينَ، فَقَالَ اللهُ يَرَحُمكَ الله)(10). واتە "کاتێک پێغەمبەر ئادەم فوی پێدا کرا، ڕوح بە لاشەیدا هاتوچۆی کرد و ڕاچەڵەکی و لەسەریدا جێی خۆی کردەوە، تا دواتر (پژمی)و وتی: (ئەلحەمدولیلا)، واتە سوپاس بۆ خوای هەموو جیهانەکان، خوای گەورەش پێی فەرموو: ڕەحمەتی خوات لێ بێت".

پاشان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ زمانی نەتەوەکان دەکات و دەفەرموێت ((وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۚ))(11). واتە "خوای گەورە هیچ نێردراوێکی نە ناردووە، ئیلا بە زمانی نەتەوەکەی نەبێت، بۆ ئەوەی ئاینەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە". لە ئایەتێکی تریشدا ئاماژە بۆ جیاوازی زمانەکان و ڕەنگی مرۆڤەکان دەکات، بۆیە دەفەرموێت ((ومِنْ أَياتُه خَلَقَ السَمَواتِ وَالأَرضِ وَأخِتِلافُ ألَسِنَتُكم وألوانَكُم))(12). پاشان خوای گەورە لەبارەی فەزڵەکانی خۆی بەسەر بەندەکانییەوە دەفەرموێت ((أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ وَلِسَاناً وَشَفَتَيْنِ ۞))(13). واتە "ئایا ئێمە دو چاو و زمان و دوو لێومان پێ نەبەخشیون". لێرەدا جگە لەوەی خوای گەورە ئاماژە بە چاوەکان دەکات، کە بەخشیویەتی بە مرۆڤ، دوابەدوای ئەوە باسی زمان و لێوەکان دەکات، کە بێگومان مرۆڤ تەنها بە زمان ناتوانێ قسەبکات، ئەگەر لێوەکان هاوکاری نەکەن لەکاتی قسەکردندا، زۆر لە زانایان کە تەفسیری قورئانی پیرۆز دەکەن، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا بەم شێوەیە لێکی دەدەنەوە و دەڵێن:"دوو لێو ئاماژەیە بۆ دەربڕینی هەندێ وشە لەلایەک و جوانی بەخشین بەشێوەی ڕوخسار و شاردنەوەی ددانەکان و سنووری دەم و هەندێ شتی دیکەش". کەواتە یەکێک لە کارەکانی لێوەکان هاوکاریی زمان دەکات لەکاتی

قسەکردندا. ئەمانە هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی چۆن خوای گەورە زمانی وەک خەڵاتێک و یەکێک لە نیعمەتەکانی پێشکەش بە مرۆڤ کردووە.

لێرەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە زمان خەڵاتی خوایە و یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوە، ئەمەش وەڵامی سەرجەم ئەو تیۆرانە دەداتەوە بەپشتبەستن بە ئایەت و فەرموودەکان، کە خوای گەورە دەربارەی فەزڵەکانی خۆی لە دروستبوونی ئەم دونیایە و دروستبوونی مرۆڤ بە جوانترین شێوە و بەخشینی زمان هەیەتی.

**پەراوێزەکان:**

1ـ بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا- محەمەد مەعروف فەتاح (1990: 9-13).

ب- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009: 173-176).

2ـ القرآن الكريم، سورة السجدة، آية (7).

3ـ القرطبی، تفسير إمام القرطبی.

4ـ القرآن الكريم، سورة التين، آية (4).

5ـ القرآن الكريم، سورة البقرة، آية (30).

6ـ أبو الفداء أسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقی (1999 :77).

7ـ إلامام الحاكم أبو عبدالله محمد بن عبدالله النيسابوری (1991: 154).

8ـ أبی داود السجستانی (492).

9ـ القرآن الكريم، سورة البقرة، آية (31).

10ـ جلال الدين السيوطی (420).

11ـ القرآن الكريم، سورة أبراهيم، أية (4).

12ـ القرآن الكريم، سورة الروم، آيه (22).

13ـ القرآن الكريم، سورة البلد، آيه (8-9).

سەرچاوەکان:

1ـ القرآن الكريم.
2ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2009)، زمانەوانی، بەرگەکانی (1، 2، 3)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
3ـ محەمەد مەعروف فەتاح (1990)، زمانەوانی، چاپخانەی دار حکمەت، هەولێر.
4ـ أبو الفداء بن عمر بن كثير الدمشقی (1999)، تفسير ابن الكثير، دار طيبه، الطبعه الثانيه، السعوديه.
5. أبی داود السجستانی، سنن أبی داود، مجلد (4)، حديث، رقم (5118)، دار الكتاب العربی، بيروت ـ لبنان.
6. القرطبی، تفسير إمام القرطبی، ناشر موقع يعسوب، السعودية.
7. إلامام الحاكم أبو عبدالله محمد بن عبدالله النيسابوری (1991)، المستدرک علی الصحيحين، مجلد (3) ، الطبعه الاولی، دار الكتب العلميه، بيروت ـ لبنان.
8. جلال الدين السيوطی، الجامع الصغير فی أحاديث البشر النذير، مجلد (3)، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

# هەولێر و ئەربیل، دوو ناوی یەک ڕەگ

نووسینی: شاسوار هەرشەمی

بێگومان شارێکی خاوەن مێژوووی دێرینی وەک هەولێر، لە سەرچاوەی زۆر و لێکجیادا، بە شێوەی لێکجیا، و هەندێک جاریش وێکچوو، ناوی هاتووە. هەر بۆیەشە ناکرێت بڵێین هەموو ڕاستییەکان لای یەک کەس و لە یەک بۆچووندا کۆبوونەتەوە. هەروەک هەستوسۆزی ناسیۆنالیستانە، بەری چاوی هەندێک کەس دەگرێت و دەیەوێ لێکدانەوەکان بەو ئاقارەدا بەرێت کە خزمەت بە بۆچوونەکانی دەکات. هەر بۆیەشە من ئەم بابەت و بۆچوونەم لەسەر لێکدانەوەی ناوی شارەکە، لێرە بڵاو دەکەمەوە، تا ئێوەش، هەر کەسە و لە ڕوانگەی زانیارییەکانی خۆی، لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندتر بکات.

هەولێر: ناوی هەرە باوی ئەمڕۆی، شاری مێژوویی ئەربیلە، بە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەری. ئەوەی جێگای سەرنجە، وشە یان ناوی هەولێر، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی کۆن، یان تەنانەت سەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هێشتا درەنگتریش نەبیندراوە. هەموو ئەو گەڕیدانەش کە بە هەولێردا ڕەت بوون، یان ناویان بردووە ، هێمایەکیان بۆ وشەی هەولێر نەکردووە. تەنانەت نووسەرانی کۆنی هەولێر و ناوچەکەش، ناوی (هەولێر)یان نەهێناوە. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەربیل وەکو ناوی شارەکە، لە سەرچاوەکانی پێش مێژووو و سەدەکانی ناوەڕاست و درەنگتریش

دەبیندرێت. ئەمانە هەمووی، ئەوە دەگەیەنێت کە، تا ئەو کاتانەش وشەی (هەولێر) دانەهات بوو، یان لە ناو شارەکە و لای دانیشتوانی نەناسراو بووە. لەسەر وشە یان ناوی هەولێریش، لێکدانەوە و بۆچوونی لێکجیا هەیە. هەندێک لەو لێکدانەوانە بێبنەمان. هەندێکی دیش مایەی لێوردبوونەوە و سەرنج لێدانن. لە بەر ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، نە توشی ناوی هەولێر بووین، نە ناوێکی لە هەولێرچووش هەبووە، بۆیە بەلای منەوە، دەبێ هەولێریش هەر لە ئەربیلەوە هاتبێ و، لە سەر زمان بەم شێوەیەی ئێستای گۆڕا بێ. دەرخستنی گۆڕانەکان، دەریدەخەن کە ئەمە کارێکی ئەستەم نییە. دەشێ گۆڕانەکان بەم جۆرە بسەلمێندرێن: ئەربیل - ئەربەیرە - هەربەیرە - هەربەیر- هەربەیل - هەربیل هەوریل هەولیر و هەولێر. جێگۆرکێی پیتەکانی (ل . و . ر) تا ئێستاش لە ناوچەی هەولێر، بەتایبەت لە دێهاتەکانی دەرەوەی شار، باوە. دەتوانین چەندان نمونە لە قسەی خەڵک، بکەین بە بەڵگەی ئاسایی بوونی جێگۆرکێ پێکردنی ئەو سێ دەنگە. وەک (شەڕوال- شەلوار). (مێرووولە- مێلloورە). (قەروێلە - قەلوێرە). (ئاریەل - ئالییێر). (دەروێش - دەورێش). (هەوراز - هەرواز). (دەوەڕێ - دەڕەوێ). (دەدورێ - دەدروێ) و زۆر نمونەی دی لەو شێوەیەش.

بە تێوردبوونەوە و بەراورد لەگەڵ ئەو نمونانە، جێگۆڕکێی سێ دەنگەکانی (ل ، و ، ر) لە ناوی هەولێریش، بە کارێکی ئاسایی دێتە بەرچاو. دیارە پرۆسەی دەستپێکردنی ئەم گۆڕانە، زۆر کۆنە و بە شێنەیی ڕووی داوە. لانی کەم وشەی (ئەربەیرە، erbeire) لەو پرۆسەیەدا، لە ناو بەڵگەنامە مێژووییەکاندا پارێزراوە و، سەرەتای گۆڕانەکەمان بۆ دەردەخات. بە زمانی پەهلەوی، ناوی ئەربیل بە (ئەربەیرە) هاتووە. وا دیارە کە سەرەتا، خەڵکی لادێکانی هەولێر، بەلایەنەوە زەحمەت بووە بڵێن ئەربیل و یەکەمجار لە سەر زاری

ئەواندا ئەربیل بەو گۆڕانانەدا تێپەڕیوە و بۆتە هەولێر. دەنا دانیشتوانی ناو شارەکە، تا درەنگانێکیش هەر بە شاریان دەگوت (ئەربیل). بە زۆربوونی کۆچی لادێیان بۆ ناو شار، بەرەبەرە بەکارهێنانی هەولێریش بۆ ناوی شارەکە، بۆڕی بە ئەربیل داو، پتر لە ناو شار بەکارهات. ئێستا خەریکە لای نەتەوەپەرستانی توندڕەو، هەولێر دەبێتە ناوە کوردییەکە، لە بەرامبەر ناوی کۆن و مێژووویی ئەربیل، کە بەرەبەرە بە زمانی خەڵک نائاشنا دەبێت و، وەکو ناوێکی بێگانە تێی دەڕواندرێت. بۆ زانیاری مێژوویی پتر با سەیری ئەربیل بکەین.

ئەربیل: ناوی هەرەکۆن و مێژوویی شاری هەولێرە. ناوی هەرە باوی ئەمڕۆی شارەکە، لای دانیشتوانەکەی هەولێرە. ئەربیل وەکو ناوی شارەکە، لە سەرچاوەکانی پێش مێژووو، و سەدەکانی ناوەڕاست، بە فراوانی دەبیندرێت. هەموو گەڕیدە و نووسەران، بە نووسەری لەدایک بووی ناو هەولێریش، واتا ئیبن مستەوفی، شارەکەیان بە (ئەربیل) ناسیوە. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی ئەربیل، بە چەند شێوەیەکی لێک نزیک هاتووە، وەک ئەربێللا، ئۆربێللا، ئەربل، ئێربیل و ئەربیل. وشەی لێکدراوی (ئەربائیلۆ) درۆیەکی زەق و ساختەکاری، سەرچاوە مێژوووییە عارەبیەکانی عێراقە، بۆ بە عارەبیکردنی مێژووو و ناوی شارەکە و ناوچەکە، دەنا لە هیچ تابلۆیەک، یان دەقێکی مێژووویی کۆندا، چاومان بە ئەربەعە+ ئیلو نەکەوتووە. ئەربیل بە یەکێک لە شارە هەرە کۆنەکانی سەر گۆی زەوی دادەندرێت، کە هەرگیز چۆڵ نەبووە و، ژیان تێیدا هەر بەردەوام بووە. کۆنترین ناوهاتنی شارەکە، لە بەڵگەنامەیەکی سومێری بیندراوە. کاتێک کە پاشای ئور، ئەمەر - سین لە ساڵی دووەمی پاشایەتی خۆیدا (دەکاتە نزیکەی ١٩٧٥پ.ز) پەلاماری ئەربیلی داوە. ناوی شارەکە بە شێوەی urbilum، ئوربیلوم هاتووە. هەر لە سەرچاوەی دی سومێری ناوەکە وەکوurbelum،

ئوربێلومیش هاتووە. هەندێک لە شارەزایان وای بۆ دەچن کە ناوەکە لە دوو وشەی لێکدراوی سومێریur، ئور بە واتای شار وbela، بێلە بە واتای هەوراز، بەرزایی، سەرەوە. باکوور هاتووە. واتا ئەو شارەی کە لە سەرەوەیە. لە بەڵگەنامە ئەکەدی و ئاشورییەکاندا، ناوەکە بۆتەarbauilu، ئەربەویلو. گۆکردنی ناوەکە، هەر ناوە کۆنە سومێرییەکەیە و گۆڕاوە. دیارە ئەم ناوەیە کە مێژووونووسانی عارەب پێیان خۆشە بە (ئەربەع ئیلۆ، ئەربا ئیلۆ) بیخوێننەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە، ناوەکە لە شێوەیەکی پێشووتریەوە هاتووە. دوای ئەوەی شارەکە دەکەوێتە دەست گەلانی هیندۆ ئەوروپی، ناوەکە دیسان گۆڕانی بەسەردادێت. لە نوسراوەکانی میدی - ئەخمێنی و پەهلەویدا، ئەربیل بۆتەarbaira، ئەربەیرە .

بە باوەڕی من، وشەی ئەربیل، وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەمی، یان وشەی یەکەم "ئور" بە زمانی سومێری، واتای (شار)ی گەیاندووە. هەروەک ناوی شاری ناسراوی سومێریان ئور یان شاری ئورۆک. لەوانەیە تا ئێستا خەڵک بە وردی سەرنجیان نەدابێتێ، دەنا لە دەوروبەری هەولێر، گەلێک ئاوایی مێژوویی و کۆنی دیش هەن، کە شێوەیەکی گۆڕاوی ناوی (ئور)یان پێوەیە. وشەی ئور لە کوردی بۆ (هەر، هە، ئار) دەگۆڕێت. لەو ناوانەی دی کە (ئور)یان تێدا بەکار هاتووە، نزیکترینیان لە ئەربیل،
بریتیە لە شوێنەوارە مێژووییەکەی (هەرشەم). ناوەکە لە بنەڕەتدا ( ئور + شەم ) بووە، بە واتای شاری شەم. شورەی پانی شارەکە، هێشتا ماوە و دەبیندرێت. ناوبانگی گەورەییشی لە دەربڕین و ئیدیۆمی زمانەوانی زمانی کوردیدا پارێزراوە. لە وڵاتی کۆیێ، ئەگەر شوێن و خانووبەرەیەک، یان شتێک گەورە و ڕێکوپێک و بە نرخ بێت، دەڵێن (ئۆی، دەڵێی دێرێ و هەرشەمە). هەروەک بە گوێرەی بۆچوونێک، ناوی گوندی ناسراوی (هەرمۆتە) ش لە ( ئور + مۆتە ) هاتووە، بە واتای شار،

یان ئاوایی (مۆتە). دیسان هەر بە هەمان شێوە، ناوی گوندی ناسراوی (هەرتەل)ی لای بێتواتە، بریتی بووە لە (ئور + تەل). گوندی (ئارماوان)ی لای شەقلاوەش، لە (ئور+ ماوان) هاتووە، بە واتای شاری ماوان. هەروەک شاری مێژوویی (ئەراپخا)ی نزیک کەرکوکیش، (ئار +ئاپخا) بووە، بە واتای (شاری ئاپخا). ناوی دی لەو جۆرە، لە گۆشە و کەناری کوردستان هێشتا دەبیندرێن. وەک (ئەرمشتێ) لە بادینان کە بریتی بووە لە ئور+ مشت+ێ .

ناوی (ئور) بە واتای شار، لە شارستانییەتە کۆنەکانی دیش دەبیندرێت، کە بێگومان لە زمانی سومێریەوە وەرگیراوە. بۆ نمونە ناوی کۆن و عیبری شاری قودس، واتا (ئور + شەلیم)، بە واتای شاری ئاشتی.

وشەی دووەمی ناوی ئەربیل، بریتیە لە (ئیل یان بیل)، کە دیسان ڕاستەوخۆ لە ناوی گۆڕاوی خوداوەندی گەورەی سومێریان (ئەن لیل)ەوە هاتووە. ناوی ئەو خودایە، لە هەموو فەرهەنگەکانی دی ناوچەکە پارێزراوە و ماوە، دیارە بە کەمێ گونجاندن و گۆڕان لە گۆکردندا. دەبینین ئەنلیل لە زمانی ئەکەدیدا بۆتە (ئیل). لە زمانی عیبریشدا هەر بە (ئیل)ی ماوەتەوە، وەک لە ناوی (ئیسرا + ئیل) بە واتای (بەندەی ئیل، یان خودا) دەبیندرێت. یان ناوە عیبریەکانی جوبرائیل، میکائیل و هیدیش. لە زمانی فینیقیشدا ناوەکە بۆتە (ئیلات)، کە ناوی خودا بووە. لای هۆزە سامییەکانی نەبەتی بۆ (ئەللات) گۆڕاوە. وشەی عارەبی بۆ ناوی خودا (ئەللا، الله )ش هەر لە هەمان ناوەوە هاتووە. پێش ئیسلام (اللات ، ئەللات) یەکێک بووە لە بتە ناسراوەکانی خانەی (کەعبە). ئەمانە هەموویان هەمان ناوی خودای کۆنی سومێریان بوون. کەواتە واتای ناوی هەولێر بریتییە لە (شاری خودا). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە بنەڕەتدا بە شاری هەولێر گوتراوە (ئورئیل یان ئوربیل)، کە (شاری خودا) دەگەیەنێ. بەمجۆرە گۆکردنی (ئورئیل) بەرە بەرە بۆتە : ئوربیل، ئوربیلوم. ئەربەویلو، ئۆربیل، ئۆربیللا، ئەربل و

ئەربیل. تا ئەربەیرە و هەربەیرە و هەروەیرە. ئینجا هەورەیرە ، هەورەیر. هەورێر و هەولێر، یان شێوەیەک لە شێوە گۆڕانەکانی سەرەوە.

# لە شوێنێکدا لە مەسعوود محەممەدیان پرسیوە: چی دەزانی دەربارەی خوێنەری خۆت؟

نووسینی: مەسعوود محەممەد

مەسعوود محەممەد: خوێنەرانی من فرەجۆرن، هەیە نەیارە، بە گشت نووسینێکم هەناسەی سوار دەبێت، هەیە بێ چ هۆیەکی من دەربارەی خۆمی بزانم، دڵڕەش بوختانکاری لای دەسەڵاتە، هەیشە هەراسانە، چونکە لەو باسانە نادوێم ئەو پێیخۆشە. هەیە تەماشاچیی پەسەندکار، هەیە تینووی نووسینەکانمە و چاوەنۆڕ. هەستدەکەم ژمارەی ئەو ڕۆشنبیرانەی لە نووسینەکانم دەگەڕێن، ژمارەیان زیادد ەکات. خەڵکی ساکار، لەو لاوانەی بە پەیژەی فەرهەنگیدا هەڵدەکشێن، بە تایبەتی لە کورد، لە نێوپێوی خوێنەرانمدا ئێستا بەرهەستن. ئەمانە داواکارییان زۆر بووە لە نموونەی بەرهەمەکانم واژووی خۆمی لەسەر بێ، منیش دەیاننێرم بۆ لاوانی نەدیوو.

نێزیکەی دووسەدوپەنجا نموونەی دوابەرهەمم بە ناوی (بۆ گۆرباشۆڤی مەزن: لەگەڵ سڵاو و ڕێز) بە دیاری چوون، بەر لەوەی یەك فلس لە داهاتی کتێبەکەم بێتە دەست. ئەمەش نووکتەیەکی هێنایەوە یادم کە دەڵێ بابایەك سەردانی دۆستێکی نیگارکێش دەکات لە ستۆدیۆکەی، دەبینێ پڕیەتی لە تابلۆی نایاب. میوان بە هونەرمەند دەڵێ: دیارە کاتی خۆی باشت لێ فرۆشتوون. نیگارکێش لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ، ئەمرۆ کۆت و کراسێکم فرۆشت. بەڵام دوابەشی بەرهەمەکە لە دەستپێکی باشتر بوو. کتێبەکان لە بازاڕدا نەمان، مەگەر چەند دانەیەك نەبێت لای خۆم گلم دانەوە... ئەو خوێنەرانەی باوەڕیان بە دروستیی نووسینی من هەیە، ترسی ئاشکراکردنی لایەنگیریان بۆم بە نووسین نەشکاندووە. یەك لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ملکەچییەکی درێژخایەنی چاپەمەنی - بەتایبەتی کوردییەکان - و مەڵبەندی فرۆشیارییان بۆ بیرۆکەی وەها کە لە دەراوی ئایدیۆلۆژییەوە نووسینەکانم دەدزێنن.

لەم بوارەدا، تا ڕادەی شادمانی بە بەشی خۆم ڕازیم، چونکە گەر بەختی خۆم لە ماڵی ئەم دونیایە بەسەر بکەمەوە، دەبینم لە برەوی نووسینەکانم بەختێکم هەیە لە هیچ بوارێکی دیکەدا نموونەی نییە.

## ڕێکخراوی زماننناسی

ڕێکخراوی زماننناسی و گۆڤاری زماننناسی، حەوت کتێبی بیرمەندی گەورەی کورد، مامۆستا مەسعوود محەمەد بە چاپ دەگەیەنێت.



کتێبەکانیش بریتین لە :

١- کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆچی لە شێتخانە دەچێ.

٢- بۆچوونێك لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو.

٣- زمانی کورد.

٤- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا.

٥- دەمودووی هزر.

٦- نووسەر، نووسین و ئازادی.

٧- بۆ گۆرباشۆڤی مەزن.